# ڕێنمای بەکارهێنەر

تکایە بە ووردی ئەم نامیلکەی بەکارهێنانە بخوێنەوە پێش بەکارخستنی سێتەکەت و بۆ بەکارهێنانی دواتر پارێزگاری لێ بکە.

www.lg.com

# خشتەی ناوەڕۆک

## دەستپێکردن لەگەڵ webOS


وانەی فێرکاریەکانی ماڵ. . . . . 5
بەڕێوەبردنی ماڵەوە. . . . . 6
سەیرکردنی پەخشەکان. . . . . 7
گرێدان بە تۆڕ . . . . . 8
بەڕێوەبردنی ئەژمێری LGی خۆت. . . . . 10
بەکارهێنانی گشت کاتێک ئامادە. . . . . 12
دەربارەی ڕێنمای بەکارهێنەر . . . . . 15
ئاسان بەکارهێنانی ئامێرەکە. . . . . 15


## چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە


جووت کردنی مەجیک ڕیموت. . . . . 16
بەکارهێنانی مەجیک ڕیموت. . . . . 17
بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست. . . . . 19
بەکارهێنانی کردارەکانی ئامێر لەڕێگەی قسە. . . . . 21
وتار بۆ بابەت. . . . . 23
چۆنیەتی بەکارهێنانی Alexa لە سەر ئامێرەکە. . . . . 25
بەکارهێنانی کرداری زیاتر . . . . . 26
دیاریکردنی کۆنترۆڵی جیهانی. . . . . 26
بەکارهێنانی دەستگەیشتنی خێرا . . . . . 27
گرێدان بە SIMPLINK (HDMI-CEC). . . . . 29
بەکارهێنانی تەختەکلیل، ماوس و گەیمپاد . . . . . 30
بەکارهێنانی مایکرۆفۆنێکی ئینپوتی USB . . . . . 31


## چێژ لە کەناڵی ڕاستەوخۆ وەربگرە


بەکارهێنانی پێرستی راستەوخۆ . . . . . 31
سەیرکردنی ڕێنوێنی . . . . . 32
دڵنیای لە زانیاریەکانی بەرنامە. . . . . 34
Live Playback. . . . . 35
تۆمارکردن . . . . . 36
بگری موزیک. . . . . 37
بەکارهێنانی خشتەکراو. . . . . 38
پەخشکردنی تۆمارکردن. . . . . 40
سەیرکردنی LG Channels . . . . . 42
دەقی زانیارییەکان . . . . . 42
HbbTV. . . . . 44


## ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک

دامەزراندنی ئەپەکان. . . . . 46
بۆ بەکارهێنانی گەڕیدەی جادوویی. . . . . 47
گەڕانی ناوەڕۆک. . . . . 48
بەکارهێنانی نووسینگەی سەرەکی. . . . . 48
چێژ بینین لە یاریەکان. . . . . 50
بەکارهێنانی خزمەتگوزاری فێربوون. . . . . 51
چێژ بینین لە مووزیک. . . . . 52
بەکارهێنانی خزمەتگوزاری وەرزش. . . . . 53

## گرێدانی ئامێرە دەرەکیەکان

بەکارهێنانی هەبی ماڵەوە. . . . . 54
گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی LG ThinQ. . . . . 57
گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی نیشانکردنی NFC. . . . . 58
ئاوێنەکردنی شاشەی ئامێرێکی هۆشمەند . . . . . 59
پەخشکردنی دەنگ لە ئامێرێکی هۆشمەند لە ڕێگەی سپیکەرە ناوخۆییەکان. . . . . 60
گرێدانی کامیرایەک. . . . . 60
گرێدانی ئامێری هەمارگەی USB . . . . . 62
هاوبەشکردنی ناوەڕۆکی کۆمپیوتەر. . . . . 63
ئاوێنەکردنی شاشەی کۆمپیوتەر . . . . . 64

## وەرگرتنی زۆرترین سوود لە کرداری هۆشمەند

بەکارهێنانی فرە دیمەن. . . . . 65
بەکارهێنانی گەڕاڵی وێب. . . . . 68
بەکارهێنانی پەخشکەری میدیا. . . . . 71
Live Plus . . . . . 75
ئاگانامەکان . . . . . 75

## ڕێکبەندەکان

ڕێکبەندە خێراکان. . . . . 76
وێنە . . . . . 78
دەنگ . . . . . 87
دەستگەیشتن. . . . . 97
گشت کاتێک ئامادە. . . . . 101
خزمەتگوزاری AI. . . . . 101
باشترکەری یاری. . . . . 104
چاودێری OLED . . . . . 108
ڕێکبەندەکانی خێزان. . . . . 109
کەناڵەکان. . . . . 110
تۆڕ . . . . . 115
ئامێرە دەرەکیەکان. . . . . 116
سیستم. . . . . 120
پاشەکەوتی وزە. . . . . 126

پاڵپشتی . . . . . 127

## دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان

پشکنین ئەنجام بدە لەگەڵ یارمەتیی خێرا . . . . . 130
زیاتر دەربارەی گشت کاتێک ئاماده فێربە . . . . . 131
چارەدۆزی کێشەکانی تەزوو/ڕیموت کۆنترۆڵ . . . . . 132
چارەدۆزی کێشەکانی شاشە . . . . . 134
چارەدۆزی کێشەکانی دەنگ . . . . . 137
چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی ئامێر . . . . . 138
چارەدۆزی کێشەکانی پەخشکردنەوەی فیلم . . . . . 140
چارەدۆزی کێشەکانی تومارکردن . . . . . 141
چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ . . . . . 142
چارەدۆزی کێشەکانی ئەژمێری LG . . . . . 144
چارەدۆزی کێشەکانی ناوەڕۆک . . . . . 145
چارەدۆزی کێشەکانی وێبگەڕی ئینتەرنێت . . . . . 146

## ئاگادار بوون لە زانیاری

شێوازی فایلی وێنەی پشتیوانیکراو . . . . . 147
شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو . . . . . 148
شێوازی فایلی مووزیکی پشتیوانیکراو . . . . . 150
روناکیی پشتگیری کراو : HDMI-DTV . . . . . 152
روناکیی پشتگیری کراو : HDMI-PC . . . . . 156
زانیاریی مۆڵەت . . . . . 160

# دەستپێکردن لەگەڵ webOS

## وانەی فێرکاریەکانی ماڵ

### بەکارهێنانی تایبەتمەندی سەرەکی LG webOS

دەتوانیت بە فشاردانی دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ شاشەی «ماڵەوە» بکەیتەوە.
دوگمەی چەرخ (OK)ی سەر مەجیک ڕیموت بسووڕێنە بۆ گەڕان بە ناو پێرستەکە. دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆکەکان بکەیتەوە و تایبەتمەندی جیاوازی کرداری هۆشمەندەکە بەکاربێنیت.
لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی فشار بدە. دەتوانیت ئەپلیکەیشنی بەکارهاتووی ئەم دواییانە بەکاربێنیت یان دابخەیت کەوا بۆ هەر ئەژمێرێکی ئەژمێری LG هەڵگیراوە.

- ڕیموت کۆنترۆڵی ستاندەر ڕێگەت پێدەدات لە ڕێگەی دوگمەکانی ▲/▼ بە ناو پێرستەکەدا بگەڕێیت.




1. بەکارخستنی **ئەژمێری LG**.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **دەستپێکردن لەگەڵ webOS** ← **بەڕێوەبردنی ئەژمێری LGی خۆت** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

2. بەکارخستنی **ئاگانامەکان**.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **وەرگرتنی زۆرترین سوود لە کرداری هۆشمەند** ← **ئاگانامەکان** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

3. بەکارخستنی **ڕێکبەندە خێراکان**.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **ڕێکبەندە خێراکان** ← **بۆ خێرا بەکارهێنانی ئامرازی 'ڕێککردن'** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

4. ئامرازی **گەڕان** بکەوە.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک** ← **گەڕانی ناوەڕۆک** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

5. ڕیکلام نیشان دەدرێت.
دەتوانیت ڕیکلام هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێکبەندەکانی ماڵەوە**

← **ڕێکلامی ماڵەوە**.

6 دەتوانیت کردار یان خزمەتگوزاری جیاواز بەکاربێنیت.

7 دەتوانیت ئەپلیکەیشنە دامەزرێنراوەکانی سەر ئامێرەکەت بخەیتە کار، بگوازیتەوە و بسڕیتەوە.

8 بۆ تازەترین ئینپوتی دەرەکی بەکارهاتووی ئەم دواییانە دەگەڕێتەوە.

- شاشەی ماڵەوە خودکارانە نیشان دەدرێت هەر کاتێک تەزوو هەڵدەکەیت. بۆ ناچالاک کردنی ئەم تایبەتمەندیە، بڕۆ بۆ ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێکبەندەکانی ماڵەوە** و **هەڵکردنی شاشە** دیاری بکە بۆ **ئینپوتی ئەم دواییانە**.
- بەردەست بوون و دەسگەیشتن بۆ ناوەڕۆکەکان و خزمەتگوزاریەکان لە ئامێرەکە هەموو کاتێک دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری بێ ئاگاداری پێشوەختە.
- تایبەتمەندیە بەردەستەکان بەگوێرەی هەرێم یان خزمەتگوزاری دەگۆڕێن.

# بەڕێوەبردنی ماڵەوە

## بەڕێوەبردنی LG webOS Home

دەتوانیت ڕیزبەندی ئەپلیکەیشنە نیشاندراوەکان یان لیستی ناوەڕۆک بگۆڕیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⌂ ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.

- بۆ هەر ئەژمێری LG ـێک، ئەو لیستەی بژاری دەکەیت تەنها لە سەر ئەو ئامێرە هەڵدەگیرێت.

### بژارکردنی لیستی کارت

01 ئەو کارتە دەستیشان بکە کە دەتەوێت بژاری بکەیت، و دوگمەی **چەرخ (OK)** ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.
ئەگەرنا، دەتوانیت دوگمەی **بژارکردن**ـی کۆتایی لیستی کارتەکە دابگریت.

02 بۆ شوێنی ویستراو بڕۆ و دوگمەی **چەرخ (OK)** دابگرە بۆ گۆڕینی شوێنی ئەپلیکەیشنەکە. هەروەها دەتوانیت بە دوگمەکانی ◀/▶ـی ڕیموت کۆنترۆڵ کارتەکان بگوازیتەوە.
ئەو کارتانە دەستیشان بکە کەوا دەتەوێت و بۆ لیستەکەیان زیاد بکە.
بۆ سڕینەوەی کارتێک، ئایکۆنی ^ ـی سەر کارتەکە دەستیشان بکە.

- لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.
**ڕێکبەندەکانی ماڵەوە** : لە کاتی هەڵکردنی هێز، بۆ ئەو شاشەیە بڕۆ کە ڕەفتاری شاشەی سەرەکی دیاری دەکات یان ڕیکلام نیشان دەدات.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

03 دوای ئەوەی بژارکردن تەواو بوو، دوگمەی ↩ سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ دەرچوون لە دۆخی بژارکردنی کارت.

## بژارکردنی لیستی ئەپلیکەیشن

01 ئەو ئەپلیکەیشنە دەسنیشان بکە کە دەتەوێت بژاری بکەیت، و ئینجا دوگمەی **چەرخ (OK)**ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگرە بۆ چوونەناو دۆخی **بژارکردنی لیستی ئەپلیکەیشن**.
ئەگەرنا، دەتوانیت دوگمەی **بژارکردنی لیستی ئەپلیکەیشن**ی کۆتایی لیستی ئەپلیکەیشنــەکە دابگریت.

02 بۆ شوێنی ویستراو بڕۆ و دوگمەی **چەرخ (OK)** دابگرە بۆ گۆڕینی شوێنی ئەپلیکەیشنەکە.
بۆ سڕینەوەی هەر ئەپێک، ئایکۆنی 🗑 لە لای سەرەوەی ئەپەکە هەڵبژێرە.
دەتوانیت ڕیزبەندی لیستی ئەپلیکەیشنەکان لە ڕێگەی داگرتنی **ڕێککردنەوەی ڕیزبەندی ئەپلیکەیشن** ڕێک بکەیتەوە.

- هەروەها دەتوانیت بە دوگمەی ◀/▶ی ڕیموت کۆنترۆڵ ئەپەکان بگوازیتەوە.
- لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.
**ڕێکبەندەکانی ماڵەوە** : لە کاتی هەڵکردنی هێز، بۆ ئەو شاشەیە بڕۆ کە ڕەفتاری شاشەی سەرەکی دیاری دەکات یان ڕیکلام نیشان دەدات.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

03 دوای تەواوکردنی بژارکردن، کرتە لە سەر **داخستن** بکە لە خوارەوەی شاشەکە بۆ دەرچوون لە دۆخی بژارکردنی ئەپلیکەیشن.

- ئەپلیکەیشنە بنەڕەتیەکان ناکرێت بسڕێنەوە.

## بژارکردنی لیستی ناوەڕۆک

01 بۆ خوارەوەی شاشەی ماڵەوە بڕۆ لە ڕێگەی سوڕاندنی دوگمەی **چەرخ (OK)**، و ✎ دەسنیشان بکە بۆ چوونەناو دۆخی بژارکردنی لیستی ناوەڕۆک.

02 ئەو لیستەی دەتەوێت بیگوازیتەوە بە دوگمەی **چەرخ (OK)** دەسنیشانی بکە بۆ گواستنەوەی بۆ شوێنی ویستراو، ئینجا **چەرخ (OK)** دابگرە بۆ گۆڕینی شوێنی لیستەکە. هەروەها دەتوانیت لیستەکە بە دوگمەکانی ▲/▼/◀/▶ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بگوازیتەوە.

- لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.
**ڕێکبەندەکانی ماڵەوە** : لە کاتی هەڵکردنی هێز، بۆ ئەو شاشەیە بڕۆ کە ڕەفتاری شاشەی سەرەکی دیاری دەکات یان ڕیکلام نیشان دەدات.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

03 دوای تەواوکردنی بژارکردن، کرتە لە سەر **داخستن** بکە لە خوارەوەی شاشەکە بۆ دەرچوون لە دۆخی بژارکردنی لیستی ناوەڕۆک.

- هەندێک لیست ناکرێت بگوازرێنەوە.

# سەیرکردنی پەخشەکان

## سەیرکردنی پەخشەکان

01 ئەنتینا/کێبڵی پەخش بە ئامێرەکە ببەستەوە.
ئەگەر زیاتر لە دوو تێرمیناڵ هەبن، پێویستە سەیری هێماکانی سەر تێرمینالی ئەنتینا بکەیت و بە تێرمینالی گونجاوی وڵاتی خۆت گرێی بدەیت.

02 ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ** ← **سازاندنی خودکار** دەکاتەوە.
دەتوانیت گەڕان بۆ کەناڵی پەخشی ئێستا بکەیت و لە سەر ئامێرەکە هەڵی بگریت.


- یان بە جێگەی ئانتێن دەتوانیت ئامێرێک کە بەرنامەی پەخشکراو وەردەگرێت بدەیت لە تەلەفزیۆنەکە وەک سێت-تۆپ-بۆکس.
⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** دەکاتەوە.
- بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تایبەت بەم فرمانە، بەشی **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لەنێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

# گرێدان بە تۆڕ

## گرێدان بە تۆڕ

ئەگەر ڕێککردنەکانی تۆڕ دیاری بکەیت، دەتوانیت خزمەتگەلی جۆربەجۆر وەک ناوەڕۆک و بەرنامەی سەر هێڵ بە کار بهێنیت.

### گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)




01 بە کێبڵێکی LAN، پۆرتیLANی ئامێرەکە و ڕاوتەرەکە بەیەکەوە گرێ بدە.
بەرلەوە پێویستە ڕووتەر پەیوەست بکرێت بە ئینتەرنێتەوە.

- کاتێک ئامێرەکە بە تۆڕێک لە ڕێگەی کێبڵێکی LAN گرێ دەدەیت، ئامێرەکە خودکارانە بە تۆڕەکە گرێ دەدرێت ئەگەر ڕاوتەرەکە پشتیوانی DHCP بکات.

## ئەگەر تۆڕەکە خودکارانە گرێ نەدرێت

02 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

03 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)**.
بۆ سەیرکردنی زانیاریەکان، سەیری **گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)** بکە لە **ڕێکبەندەکان** ← **تۆڕ** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## گرێدانی Wi-Fi



01 ئەو ڕووتەرە کە پەیوەست کراوە بە ئینتەرنێت هەڵ بکە.

02 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

03 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی Wi-Fi**.

04 دوای ئەوەی کە گەڕان بۆ تۆڕ تەواو بوو، لیستی ئەو تۆڕانەی کە دەتوانیت پێوەیان پەیوەست ببیت نیشان دەدرێت.

05 تۆڕێک هەڵبژێرە بۆ پەیوەستکردن.
ئەگەر ڕووتەری LANی بێتەلی تۆ بە نهێنوشە پارێزراوە، ئەوا نهێنوشەکەی پێ بدە.
بۆ سەیرکردنی زانیاریەکان، سەیری **گرێدانی Wi-Fi** بکە لە **ڕێکبەندەکان** ← **تۆڕ** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## هۆشدارەکان لەبارەی ڕێککردنی تۆڕ

- کابلی ستانداردی LAN بەکار بهێنە (Cat7 یان سەرتر لەگەڵ پەیوەستکەری RJ45، پۆرتی 10 Base-T یان 100 Base TX LAN).
- ڕەنگە ڕێککردنەوەی ڕاوتەرەکە ببێتە هۆی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ. لەم حاڵەتەدا، ڕاوتەرەکە بە ئاسایی کار دەکات ئەگەر بیکوژێنیتەوە و لە ئامێرەکەی جیا بکەیتەوە، و ئینجا دووبارە گرێی بدەیتەوە و هەڵی بکەیتەوە.
- کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بەرپرسیار نیە لە گرێدانی تۆڕ یان شکستی کارکردن بەهۆیی کێشەی وەک شکستی ئامێر یان هێڵە پچڕاوەکان.
- ڕەنگە ڕێکبەندیەکانی تۆڕ یان دابینکەری خزمەتی ئینتەرنێت ببێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەستبوون بە ئینتەرنێت کێشەی هەبێت.
- پێویستە خزمەتگوزاری DSL مۆدێمی DSL بەکاربێنیت و پێویستە خزمەتگوزاری کێبڵ مۆدێمێکی کێبڵ بەکاربێنیت. بەهۆی ئەوەی ڕەنگە ژمارەیەکی سنووردار بۆ گرێدانی تۆڕ بەردەست بن، ڕەنگە ڕێکبەندەکانی تۆڕی ئامێرەکە بەکارنەیەن بەگوێرەی

گرێبەستەکە لەگەڵ دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت. (ئەگەر گرێبەستی تۆ ڕێگەت پێ نەدات زیاتر لە یەک ئامێر بە هێڵی ئینتەرنێت گرێ بدەیت، تەنها دەتوانیت ئەو کۆمپیوتەرە بە کار بێنیت کە خۆی بە ئینتەرنێت گرێدراوە.)

- ئەو ئامێرانەی تر کە فریکوێنسی 2.4 گیگاهێرتز بە کار دەهێنن (وەک تەلەفۆنی بێتەل، ئامێری Bluetooth، یان فڕنی مایکرۆوەیڤ) ڕەنگە لەگەڵ تۆڕی بێتەل تەداخول بکەن و کێشەی بۆ دروست بکەن. لە کاتی بەکارهێنانی فریکوێنسی 5 گیگاهێرتزیش دا ڕەنگە تەداخول ڕوو بدات، بەڵام ئەمە کەمتر ڕوو دەدات.
- ئەگەر لە شوێنێک پەیوەندیی بێتەل هەبێت ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە تۆڕی بێتەل خاو کار بکات.
- بەکارهێنانی چەندین ئامێری بێتەل لە هەمان کاتدا دەکرێت تۆڕەکەت خاو بکاتەوە.
- ئامێری خاڵی دەسپێگەیشتن دەبێ پاڵپشتی بکات لە پەیوەندیی بێتەل و بۆ ئەوەی پەیوەندیی AP (خاڵی دەسپێگەیشتن) دروست ببێت پێویستە ئامرازی پەیوەندیی بێتەل لەسەر ئامێرەکە دا چالاک بکرێت. بۆ زانیاری لەبارەی هەبوونی پەیوەندیی بێتەل لە خاڵی دەسپێگەیشتن دا لە دابینکەری خزمەتی ئینتەرنێت پرسیار بکە.
- SSID و ڕێککردنەکان ئاسایشی AP بپشکنە. بۆ زانیاری لەبارەی ڕێککردنەکانی SSID و ئاسایشی AP نامیلکەی ڕێنما بخوێنەوە.
- ئەگەر تۆڕەکە لە ڕێگەی گواستنەوەی ئامێرەکە یان گۆڕینی ڕاوتەرەکە بگۆڕێت، پێویستە دووبارە تۆڕە بێتەلەکە سێتەپ بکەیتەوە. دەرچوون لە گرێدانی تۆڕە بێتەلەکان هەڵناگیرێت.
- ڕێکبەندە نادروستەکانی ئامێرەکانی تۆڕ (هاوبەشکەری هێڵی تەلدار/بێتەل، هتد) دەتوانن وا بکەن ئامێرەکە بە هێواشی کار بکات یان بە دروستی کار نەکات. بەپێی نامیلکەی ڕێنمایی و تۆڕی گونجاو، ئامێرەکان بە شێوەی دروست دامەزرێنە و تۆڕ ڕێک بکە.
- بەپێی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری AP ڕەنگە شێوازی پەیوەستکردن جیاواز بێت.
- بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تایبەت بەم فرمانە، بەشی **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لەنێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

# بەڕێوەبردنی ئەژمێری LGی خۆت

## ئەندامیەتی LG

چوونە ناوەوە بە **ئەژمێری LG** ڕێگەت پێدەدات ناوەڕۆکی پێشنیارکراوی گونجێنراو و خزمەتگوزاریەکانی ئەپلیکەیشنی هەمەجۆر بەکاربێنیت.
دەتوانیت بە ناونیشانی ئیمەیلی خۆت لە **ئەژمێری LG** خۆت تۆمار بکەیت بۆ ئەندامیەتی LG.
لە بەرامبەردا، دەتوانیت خۆت بۆ ئەندامیەتی LGی تۆمار بکەیت بە بەکارهێنانی ناسنامە و نهێنوشەی ئەژمێرێکی خزمەتگوزاری دەرەکی.

01 دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و 👤 دەسنیشان بکە.

02 دەست بە خۆتۆمارکردن بکە بۆ ئەندامیەتی LG لە ڕێگەی دەسنیشانکردنی یەکێک لە ڕێگا پێشنیارکراوەکانی چوونە ژوورەوەی خوارەوە.

03 بە ڕێکەوتنامەکانی بەکارهێنەر ڕازی بە و زانیاریە داواکراوەکان بۆ خۆ تۆمارکردن بنووسە.

- ڕەنگە زانیاری داواکراو بەگوێرەی وڵات بگۆڕێت.

04 لینکێکی سەلماندن بۆ ئەو ناونیشانی ئیمەیلە دەنێردرێت کە لە کاتی خۆتۆمارکردن نووسیت. تکایە سەلماندنی ئیمەیل لە

کاتی ڕەوایی تەواو بکە.

05 کاتێک ئیمەیلەکەت پشتڕاست دەکرێتەوە، دەتوانیت بە زانیاریەکانی خۆت بچیتە ژوورەوە.

- ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە لە هەندێک وڵاتدا بەردەست نەبێت.
- ڕەنگە سنووردارییەکانی تەمەن بۆ خۆتۆمارکردن جێبەجێ بێت.
- بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تایبەت بەم فرمانە، بەشی **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لەنێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

## گۆڕینی ئەژمێرەکانی چوونە ناوەوە

دەتوانیت بە سانایی لە نێوان ئەو ئەژمێرانە ئالوگۆڕ بکەیت کەوا پێشووتر چوویتە ناویانەوە.

01 ئەمە هەڵبژێرە: ⌂ ← **ئەژمێری LG**.

02 لیستێکی ئەژمێرە بەکارهاتووەکانی پێشووتر نیشان دەدرێت. ئەو ئەژمێرە دەستنیشان بکە کەوا دەتەوێت بیگۆڕیت. بۆ چوونە ناو ئەژمێرێکی نوێ، **ئەژمێر زیاد بکە** دەستنیشان بکە.

- دەتوانیت تا 10 ئەژمێر هەڵبگریت. ئەگەر ژمارەی ئەژمێرەکان لە 10 زیاتر بێت، دواترین ئەو ئەژمێرەی چوویتە ناوبەوە دەسڕدرێتەوە.

## بەڕێوەبردنی ئەژمێری LGی خۆت

دەتوانیت لیستی ئەو ئەژمێرانە بژار بکەیت کەوا چوویتە ناویان.

01 ئەمە هەڵبژێرە: ⌂ ← **ئەژمێری LG**.

02 دابگرە بۆ دەستنیشانکردنی **زانیاری زیاتری ئەژمێر**.

- زانیاری بنەڕەتی دەربارەی ئەژمێرەکە دەکرێت سەیر بکرێت لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی **بەڕێوەبردنی ئەژمێر** لە ژێر ئەو ئەژمێرەی لە ڕێگەیەوەی چوویتەوە ناوەوە. هەروەها، دەتوانیت نهێنوشەت بگۆڕیت یان زانیاری ئەژمێرەکەت بگۆڕیت. داگرتنی ✎ ڕێگەت پێدەدات ئەژمێری هەڵگیراو بسڕیتەوە.

## بەکارهێنانی نهێنوشەی سادە

دەتوانیت نهێنوشەیەکی سادە دیاری بکەیت بۆ ئەوەی لەکاتی گۆڕینی ئەژمێرەکان بنووسرێت.

01 ئەمە هەڵبژێرە: ⌂ ← **ئەژمێری LG**.

02 دابگرە بۆ دەستنیشانکردنی **زانیاری زیاتری ئەژمێر**.

03 **بەڕێوەبردنی ئەژمێر** هەڵبژێرە. دەتوانیت تەنها ئەو ئەژمێرە دەستنیشان بکەیت کەوا بۆ **بەڕێوەبردنی ئەژمێر** بۆی چوویتە ژوورەوە.

04 **ڕێکبەندەکانی ئاسایش** ← **بژارکردنی ڕێکبەندەکانی ئاسایش** دەستنیشان بکە، و نهێنوشەی ئەژمێرەکە بنووسە.

05 **نهێنوشەی ساده** بۆ **شێوازەکانی گۆڕینی ئەژمێر** دەسنیشان بکە.

06 ژمارە چواریيە ویستراوەکە بنووسە، و **باشە** دابگرە.

- تەنها لە کاتی گۆڕینی ئەژمێرەکان لە ناو ئەم ئامێرە دەتوانیت **نهێنوشەی ساده** بەکاربێنیت.

# بەکارهێنانی گشت کاتێک ئاماده

## بەکارهێنانی **گشت کاتێک ئاماده**

کوژاندنەوەی ئامێرەکە بە دوگمەی ⏻ی سەر مەجیک ڕیموت بۆ **گشت کاتێک ئاماده** دەیگۆڕێت و وێنەی زەمینەی شاشەی دەسنیشانکراو نیشان دەدات، و ئینجا دەتوانیت ناسینەوەی دەنگ یان دەنگی ئاوتپوتی ئامێرە هۆشمەندەکەت لە سەر سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە بەکاربێنیت.
دوگمەی ⏻ی سەر مەجیک ڕیموت دابگرە. وێنەی زەمینە نیشان دەدرێت.

- بۆ چالاک کردنی **گشت کاتێک ئاماده** بە دوگمەی ⏻ سەر مەجیک ڕیموت، ئەوکات **کردارەکە چالاک بکە** لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **گشت کاتێک ئاماده** بۆ **هەڵکراو** دیاری بکە. ئەگەر ئەم بژاردەیە لەسەر حاڵەتی **هەڵکراو** دابنیت، ڕەنگە وزەی زۆرتر بە کار ببرێت.
- هەروەها دەتوانیت لە ڕێگەی دەسنیشانکردنی **گشت کاتێک ئاماده** لە شاشەی ماڵەوە دۆخەکە چالاک بکەیت.




1 دەتوانیت ئالوگۆر لە نێوان جۆرەکان بکەیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەکانی ▲/▼ سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە یان بەکارهێنانی دوگمەی **چەرخ (OK)**ی سەر مەجیک ڕیموت.

2 دەتوانیت ئەو ناوەڕۆکە دیاری بکەیت بۆ ئەوەی بەگوێرەی جۆر نیشان بدرێت یان دەتوانیت ڕێکبەندە تێروتەسەڵەکان بۆ **گشت کاتێک ئاماده** شێوەبەند بکەیت.




1 **زانیاری** : دەتوانیت زانیاری کات و کەشوهەوای ئەو ناوچەیە نیشان بدەیت کە ئامێرەکەی بۆ دانراوە.
**پوختەکردن** دەسنیشان بکە بۆ نیشاندانی زانیاری زیاتری وەک زانیاری یاری کەوا بۆ **وەرزش** دیاریت کردووە، زانیاری دەربارەی ئامێرە گرێدراوەکانی IoT، و لیستێکی هەڵگرتنی سەیرکردن.
کەشوهەوا وەک کەشوهەوای هەرێمی دانراو لە **رێکبەندی شوێنی کەشوهەوا** لە سەر ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **شوێن** نیشان دەدرێت.
**پارچەی هونەری** : کارەکانی هونەری مۆدێرن، دیمەنەکان، و زیاتریش دەکرێت دابەزێنرێت و وەک وێنەی زەمینە دیاری بکرێت.
**جوولە** : بە جووڵەیەک کار دەکات کەوا دەکرێت دابەزێنرێت و وەک وێنەی زەمینە دیاری بکرێت.
**ساتەکان** : دەتوانیت وێنەیەک لە ئامێری دەرەکی گرێدراو، ئامێرێکی هۆشمەندی گرێدراو بە LG ThinQ، یان Google Photos وەک وێنەی زەمینەی شاشەکەت دیاری بکەیت. دەتوانیت Google Photos بەکاربێنیت لەدوای لینککردنی ئەژمێری Google ی خۆت.
**پاڵێتی دەنگ** : دەتوانیت دەنگی دۆخ لە بیرگەی ناوخۆیی یان مووزیک لە ئامێرێکی گرێدراو لە ڕێگەی Bluetooth یان USB پەخش بکەیت.

2 دەتوانیت کۆمەڵێک ناوەڕۆکی دۆخی ستاندبای دەسنیشان بکەیت و لەدوای یەک پەخشیان بکەیت. ناوەڕۆکی هەڵگیراوی سەر ئامێرەکە دەکرێت بسڕدرێتەوە.

3 **وەرگرتنی ئاگانامەکان** : تەنانەت کاتێک شاشە کوژاوەتەوە، دەتوانیت ئاگانامە لە ئامێرە دەرەکیەکانی سەر **هەبی ماڵەوە** وەربگریت.
**هەڵکردنی شاشە لە ڕێگەی هەستەوەری جوولە** : وێنەی زەمینەی ناو **گشت کاتێک ئامادە** هەڵدەکرێت کاتێک جوولەیەک لە پێشەوەی ئامێرەکە تێبینی دەکرێت.
**هەستەوەری سێنسەری جوولە** : هەستیاری سێنسەری جوولە دەکرێت ڕێک بخرێت.
**کوژانەوەی شاشە** : کاتەکە دەکرێت دیاری بکرێت بۆ ئەوەی خودکارانە شاشەکە بکوژێنێتەوە.
**خێرایی سلایدشۆ** : دەتوانیت خێرایی پەخش کردنەوە بۆ وێنەکان لەگەڵ **پارچەی هونەری** یان **ساتەکان** دیاری بکەیت.
**کات بۆ هەڵکردن دیاری بکە** : دەتوانیت کاتەکە دیاری بکەیت کاتێک وێنەی زەمینە هەڵدەکرێت کاتێک ئامێرەکە **گشت کاتێک ئامادە** بە لەگەڵ شاشە کووژاوەتەوە.
**هاودەمکردنی ڕۆژژمێری Google** : دەتوانیت لە تێمی ڕووکردنەوەی زانیاری ← سەیری خشتەی ئەمڕۆ بکەیت لە ڕێگەی لینککردنی ئەژمێری Google ی خۆت.
**هاودەمکردنی وێنەکانی Google** : دەتوانیت تێمی Moments بە ئەلبومێک لە Google Photos دیاری بکەیت لە ڕێگەی لینککردنی ئەژمێری Google ی خۆت. ئەگەر کۆمەڵێک ئەلبومت لە Google Photos هەیە، تا 5 ئەلبووم دەکرێت بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرێن، لەگەڵ ئەو پەڕی 100 وێنەی نیشاندراو بۆ هەر ئەلبوومێک. بەڵام، تەنها ئەو ئەلبوومانەی بە لایەنی کەم 16 وێنەیان تێدایە دەسنیشان دەکرێن. ڕەنگە سنووردارکردن هەبێت لە سەر بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندیە بەگوێرەی دۆخی خزمەتگوزاریەکانی Google.
**سێنسەری ڕووناک کردنەوە گرێ بدە** : کۆنترۆڵی ڕووناکی **گشت کاتێک ئامادە** دەکات هاوتا لەگەڵ سێنسەری ڕووناکی

دەوروبەر.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
**دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.
**ڕێکبەندەکانی بەکارهێنانی گشت کاتێک ئامادە** : گواستنەوە بۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **گشت کاتێک ئامادە**. دەتوانیت لە پێرستی هاوتای ڕێکبەندەکان تایبەتمەندی **گشت کاتێک ئامادە** هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## لە **گشت کاتێک ئامادە** دەربچە و سەیری ئامێرەکە بکە

بۆ سەیرکردنی ئامێرەکە کاتێک لە سەر **گشت کاتێک ئامادە** ـە و شاشەکە هەڵکراوە، دوگمەی ⌂ یان ⮌ ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.
تایبەتمەندی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست دەکرێت بەکار بێت بۆ فەرمانکردنی ئەوەی کرداری ویستراو جێبەجێ بکرێت.
کاتێک شاشەکە لە **گشت کاتێک ئامادە** کوژاوەتەوە، دەتوانیت ئامێرەکە لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⏻ ـی سەر مەجیک ڕیموت یان لەگەڵ کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست هەڵ بکەیت.
دوگمەی **چەرخ (OK)**ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ نیشاندانی وێنەی زەمینە کاتێک ئامێرەکە **گشت کاتێک ئامادە** ـە لەگەڵ شاشەی کوژاوە.

- هەندێک مۆدێل پشتیوانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست ناکەن.

## بەکارهێنانی **گشت کاتێک ئامادە** بێ وێنەی زەمینەی شاشە

تەنانەت کاتێک شاشەکە کوژاوەتەوە، دەتوانیت مووزیک پەخش بکەیت بە بەکارهێنانی ناسینەوەی دەنگ یان گرێدان بە ئامێرێکی هۆشمەند لەگەڵ Bluetooth. بەکارهێنەرەکان دەتوانن تەنها شاشەکە لە **گشت کاتێک ئامادە** بکوژێننەوە بە بەکارهێنانی ڕێگای خوارەوە.

1. شێوازی 1. کاتێک ئامێرەکە **گشت کاتێک ئامادە**ـە و شاشەکە هەڵکراوە، جارێکی تر دوگمەی ⏻ ـی سەر مەجیک ڕیموتـەکە دابگرە.
2. شێوازی 2. کاتی **کوژانەوەی شاشە** لە پێرستی ڕێکبەندەکانی **گشت کاتێک ئامادە** دیاری بکە. وێنەی زەمینە خودکارانە دەکوژێنرێتەوە لە دوای کاتی دانراو.
3. شێوازی 3. لە **گشت کاتێک ئامادە بە بێ وێنەی زەمینە بەکاربێنە** دەسنیشانی ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **گشت کاتێک ئامادە** بکە. گشت کاتێک دەتوانیت **گشت کاتێک ئامادە** لەگەڵ کوژانەوەی شاشە بەکاربێنیت بێ تێپەڕبوون بە وێنەی زەمینە.

- ڕەنگە شاشەکە چەند چرکەیەک بخایەنێت تا وەڵامی دەنگت دەداتەوە، بەگوێرەی مۆدێلەکە.
- کاتێک بۆ یەکەم جار تەزوو دەکوژێنرێتەوە لە دوای نوێکردنەوەی سۆفتوێر، **گشت کاتێک ئامادە** کار ناکات بۆ ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکە نوێکراوەکان. بۆ دووبارە بەکارهێنانی **گشت کاتێک ئامادە**، دووبارە تەزووەکە بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێل پشتیوانیکراو نەبن.

## ئاگاداربوونی پێشوەختە لەبارەی سێنسەری جوواڵە

سێنسەری جوواڵە دەکەوێتە خوارەوەی ناوەڕاستی ئامێرەکە.

- سێنسەری جوواڵە تەنها لە ڕێگەی هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراوە.
- ئەگەر سێنسەری جوواڵە شتێکی نامۆی بکەوێتە سەر، ڕەنگە بە دروستی کار نەکات.
- ئەگەر ژینگەی دەوروبەری ئامێرەکە زۆر ڕووناک یان زۆر تاریک بێت، ڕەنگە سێنسەری جوواڵە بە دروستی کار نەکات.
- بوونی هەر بەربەستێک لە پێشەوەی ئامێرەکە ڕەنگە کار بکاتە سەر توانای هەستگەری سێنسەری جوواڵە.
- سێنسەری جوواڵە لە ڕێگەی تێبینیکردنی گۆڕانکاری ڕووناکی دەوروبەری ئامێرەکە یان جوواڵەی شتەکان (ئاژەڵی ماڵی، جسکی ڕۆبۆت، و هتد.) کار دەکات.
هەستیاری سێنسەرەکە لە **بەربژارەکان** ← **هەستەوەری سێنسەری جوواڵە** ڕێک بخە.

# دەربارەی ڕێنمای بەکارهێنەر

## دەربارەی **ڕێنمای بەکارهێنەر**

بۆ زانیاری دەربارەی هەر تایبەتمەندیەکی webOS، ڕاوێژ بە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە کە لە سەر ئامێرەکە بەردەستە.
دەتوانیت سەیری وەسفی پەیوەستی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەیت لە ڕێگەی کرتەکرن لە سەر ⋮ ← **ڕێنمای بەکارهێنەر** لە گۆشەی لای ڕاستی سەرەوە لە کاتی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکە، یان لە ڕێگەی کرتەکردن لە سەر ⓘ لە ماوەی سێتەپکردن لە **ڕێکبەندەکان**.
ئەگەر کرتە لە سەر **ئێستا هەوڵ بدە** بکەیت لە ناو **ڕێنمای بەکارهێنەر**، دەتوانیت بۆ تایبەتمەندی یان ڕێکبەندەکە بچیت.
ڕەنگی دەق لەم **ڕێنمای بەکارهێنەر** ـە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەمانەی خوارەوە:

- سوور : ناوی دوگمەکانی ڕیموت کۆنترۆڵ.
- زەرد : دوگمەکان و دەق تا لە سەر شاشە نیشان بدرێن.

- بەپێی مۆدێڵ و ژینگەی بەکاربردن، ڕەنگە وێنەکان و زانیاریەکانی نێو **ڕێنمای بەکارهێنەر** جیاواز بن.
- ڕەنگە بەهۆی ئاپگرەید کردنی ئامرازەکانی بەرهەمەکە تایبەتمەندیەکانی بگۆڕدرێن بێ ئەوەی بەکارهێنەران لەپێشەوە ئاگادار بکرێنەوە.

# ئاسان بەکارهێنانی ئامێرەکە

## ئاسان بەکارهێنانی ئامێرەکە

ئەگەر کێشەت هەیە لە بینین یان سەیرکردن، هەوڵی بەکارهێنانی تایبەتمەندی یارمەتی دەنگی-بینراو بدە. هەروەها دەتوانیت بزانیت چۆن ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێرەکە بەکاربێنیت و کێشەکان چارەسەر بکەیت.

دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **دەستگەیشتن** دەستنیشان بکە.
بۆ چالاک کردنی **دەستگەیشتن** لە هەر شاشەیەک، دوگمەی 🔕 ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگرە.

### تایبەتمەندیەکانی بینین

هەندێک ڕێکبەند هەن بۆ دەوڵەمەندکردنی سەیرکردنی شاشە.

### تایبەتمەندیەکانی بیستن

هەندێک ڕێکبەند هەن بۆ دەوڵەمەندکردنی کوالێتی دەنگ.

### فێربوونی ڕیموت کۆنترۆڵ

دوگمەیەکی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە لە دوای ڕێنمایی سەر شاشەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی دوگمەکە.

### سەرنجەکان

دەتوانیت لە سەر تایبەتمەندی هەمەجۆر سەرنج بدۆزیتەوە.

### یارمەتیی خێرا

دەتوانیت یارمەتی بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئامێرەکە بدۆزیتەوە.
هەروەها دەتوانیت دوگمەی ژمارە 9ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگریت بۆ بەکارخستنی **یارمەتیی خێرا**.

### چاتبۆت

دەتوانیت لە ڕێگەی چاتکردن لەگەڵ چاتبۆتکێشەکانی ئامێرەکە چارەسەر بکەیت.

# چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە

## جووت کردنی مەجیک ڕیموت

### زیاتر فێربە دەربارەی مەجیک ڕیموت

دەتوانیت بە جووڵاندن و کرتە کردنی نیشاندەری سەر شاشەکە بەئاسانی ئەو کردارانە کە دەتەوێت هەڵبژێریت، بە هەمان شێوە کە ماوسی سەر شاشەی کۆمپیوتەر بەکاردێنیت.

- ئەگەر مەجیک ڕیموت دابین نەکراوە، دەتوانیت بە جیا بیکڕیت.

## جووت کردنی مەجیک ڕیموّت

بۆ ئەوەی بەکاری بێنیت، پێویستە مەجیک ڕیموّت لەگەڵ ئامێرەکە جووت بکەیت.
پێش بەکارهێنان مەجیک ڕیموّت جووت بکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

01 ئامێرەکە هەڵ بکە. دوای نزیکەی 20 چرکە، ڕیموّتەکە ئاڕاستەی ئامێرەکە بکە و ئینجا **چەرخ (OK)** دابگرە.

02 ڕیموّت کۆنترۆڵەکە خودکارانە تومار دەکرێت، و پەیامی تەواوکردنی جووت کردن لە سەر شاشەکە نیشان دەدرێت.

- ئەگەر مەجیک ڕیموّت شکستی هێنا لە تومارکردن، ئامێرەکە بکوژێنەوە و هەڵبکەوە، و ئینجا دووبارە هەوڵی تومارکردن بدەوە.

## دووبارە تۆمارکردنەوەی مەجیک ڕیموّت

ئەگەر نیشاندەری مەجیک ڕیموّت لە سەر شاشەکە دەرناکەوێت، پێویستە دووبارە تۆماری بکەیتەوە.

01 ڕیموّت کۆنترۆڵەکە بەرەو ئامێرەکە ڕابگرە و لە هەمان کاتدا دوگمەی ⌂ و ⚙ بۆ ماوەی 5 چرکە دابگرە تا ڕێنماییەکە دەردەکەوێت.

02 ڕیموّت کۆنترۆڵی تومارکراوی پێشووتر تومارکردنی هەڵوەشێنرایەوە و ئینجا دووبارە تومارکرایەوە.

## هەڵوەشاندنەوەی تۆمارکردنی مەجیک ڕیموّت

ئەگەر کۆمەڵێک ئامێری هۆشمەندی LGیت هەیە و دەتەوێت ئەو مەجیک ڕیموّتـە تومار بکەیت کە ئێستا بۆ ئامێرێکی دیکە بەکاردێت، پێویستە تومارکردنی دانەکەی پێشووتر هەڵوەشێنیتەوە.

01 ئەگەر لە هەمان کاتدا دوگمەی ⮌ و دوگمەی ⌂ بۆ زیاتر لە 5 چرکە دابگریت، گلۆپی سەر مەجیک ڕیموّت هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە و تومارکردنەکەش ڕەت دەکرێتەوە.

02 ئەگەر دەتەوێت تومارکردن هەڵوەشێنیتەوە و بۆ ئامێرێکی دیکەی هۆشمەندی LG تۆماری بکەیت، تکایە پەیڕەوی شێوازی تومارکردنی سەرەوە بکە.

# بەکارهێنانی مەجیک ڕیموّت

## بەکارهێنانی دوگمەی ڕیموّت کۆنترۆڵ

دوگمەی ڕیموّت کۆنترۆڵ کەمێک یان بۆ ماوەیەک ڕابگرە بۆ ئەوەی دەستت بە فەرمان و ئامرازە جۆربەجۆرەکان بگات.
ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **فێربوونی ڕیموّت کۆنترۆڵ**. دوگمەیەکی سەر ڕیموّت کۆنترۆڵەکە دابگرە لە دوای ڕێنمایی سەر شاشەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی دوگمەکە.

- هێما و شوێنی دوگمەکانی ڕیموت کۆنترۆڵ ڕەنگە بەگوێرەی مۆدێلەکە بگۆڕێت.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.



بۆ ئەو دوگمانەی ◎ یان هەیە، تکایە بۆ ماوەیەک (بۆ زیاتر لە یەک چرکە دایبگرە).

- **9** ◎ : ئامرازی **یارمەتیی خێرا** بکەوە.
- **GUIDE** : ئامرازی **ڕێنوێنی** بکەوە.
  **GUIDE** ◎ : **کەناڵەکان** نیشان دەدات.
- **0** ◎ : شاشەی دەستکاریکردنی **دەستگەیشتنی خێرا** دێتە ڕوو.
- ••• : دوگمەکانی تری سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە نیشان بدە.
  ••• ◎ : ناوەڕۆکی شاشەکە دەخوێنێتەوە یان دەنگی دوو هێندە دیاری دەکات.
- −+ : ڕێکخستنی ئاستی دەنگ.
- : دەسنیشانی کوژاندنەوەی دەنگ لە ئامێرەکە بکە.
  ◎ : بچۆ نێو پێرستی **دەستگەیشتن**.
- ∨∧ : دەتوانیت کەناڵەکە بگۆڕیت.
- : فەرمانی دەنگی پێشنیارکراو نیشان دەدات. دەتوانیت تایبەتمەندی ناسینەوەی دەنگ بەکاربێنیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەکە و قسەکردن بەرەو ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
- : پێرستی سەرەکیی نیشان دەدات
  ◎ : دوایین ئەپلیکەیشنی بەکارهاتوو دەخاتە کار.
- : سەرچاوەیەکی ئینپووت هەڵدەبژێرێت.
  ◎ : چوونە ناو **هەبی ماڵەوە**.
- : بۆ هەنگاوی پێشوو بڕۆ.
  ◎ : پێرستەکە دادەخات.
- : دەچێتە نێو پێرستی ڕێککردنی خێرا
  ◎ : دەچێتە نێو پێرستی هەموو ڕێککردنەکان
- ◎ : ئامرازی **تۆمار** بکەوە.

## بەکارهێنانی مەجیک ڕیموت

01 ئەگەر مەجیک ڕیموت بۆ لای چەپ و ڕاست بشەکێنیت یان بەکرەکەی بخولێنیتەوە لەو کاتەی ڕووی لە ئامێرەکەیە، نیشاندەرەکە لە سەر شاشەکە دەردەکەوێت.
ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ئەو نیشانەیە ببەیت کەوا دەتەوێت، نیشاندەرەکە بەشوێن جوولەکەدا دەچێت.

02 نیشاندەرەکە بۆ ئەو شوێنە بجوولێنە کەوا دەتەوێت و دوگمەی **چەرخ (OK)** دابگرە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە.

03 ئەگەر بۆ چەند ساتێک نیشاندەر بە کار نەهێنرێت، دیار نامێنێت. کاتێک نیشاندەرەکە لەسەر شاشە دیار نامێنێت،

مەجیک ڕیموت بۆ لای ڕاست و چەپ بشەکێنە. دووبارە دەردەکەوێتەوە.
نیشاندەرەکە وون دەبێت ئەگەر دوگمەکانی ▲/▼/◀/▶ دابگریت، و ڕیموتەکە وەک ڕیموت کۆنترۆڵی ستاندەر کار دەکات.

04 دەتوانیت کۆنترۆڵی ئامێرەکە بکەیت لە ڕێگەی خولاندنەوە یان داگرتنی دوگمەی **چەرخ (OK)** ناوەڕاستی دوگمەکانی ▲/▼/◀/▶. لە کاتی سەیرکردنی شاشەیەک کە پێویستی بە خولاندنەوە هەیە، دەتوانیت بە ئاسانی بۆ سەرەوە و خوارەوە بچیت لە ڕێگەی خولاندنەوەی دوگمەی **چەرخ (OK)**. لە کاتی سەیرکردنی ڤیدیۆیەک، دەتوانیت دوگمەی **چەرخ (OK)** دابگریت بۆ ڕاگرتن/پەخشکردن.

- ئەگەر نیشاندەرەکە بە ڕێکوپێکی کار ناکات، دەتوانیت نیشاندەرەکە لە ڕێگەی جوڵاندنی بۆ لێواری شاشەکە ڕیسێت بکەیتەوە.
- ڕیموت کۆنترۆڵ لە دووری کارکردن بەکاربێنە (مەودای 10 مەتر). ئەگەر بەربەستێک لە نێوان ئامێرەکە و ڕیموت کۆنترۆڵەکە هەبێت، ڕەنگە بە دروستی کار نەکات.
- بەگوێرەی ئامرازەکان (ڕاوتەری بێتەل، فرنی مایکرۆوەیڤ، هتد)، ڕەنگە شکستهێنانی پەیوەندیکردن ڕووبدات.
- زەبر دەکرێت ببێتە هۆی خراپ کارکردنی مەجیک ڕیموت.
- ئاگادار بە بەر کەل و پەلی ناوماڵ، ئامێری ئەلیکترۆنی یان کەسانی دیکە نەکەوێت لەکاتی بەکارهێنانی مەجیک ڕیموت.
- بۆ زانیاریەکان دەربارەی شێوەبەندکردنی نیشاندەری مەجیک ڕیموت سەیری **ڕێنمای بەکارهێنەر** ← **ڕێکبەندەکان** ← **سیستم** ← **بەڕێزاری ئاماژەدەر** بکە.

# بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست

## بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست


ئامێرەکە بە ئینتەرنێت گرێ بدە.
ئەگەر کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست کار نەکات، **بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست** دیاری بکە بۆ **هەڵکردن** لە ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ**.

- تکایە سویچی مایکرۆفۆن هەڵبکە بۆ بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست.
- بۆ بەکارخستنی ئامێرێکی گرێدراو لە ڕێگەی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست، بلاستەری IR گرێ بدە و ڕیموتی جیهانی دیاری بکە.

### کاتێک ئامێرەکە هەڵکراوە

01 بڵێ "Hi LG" لە مەودای دووری سەیرکردن لە ئامێرەکەت.

02 شاشەی ناسینەوەی قسە دەردەکەوێت.




03 ئەو تایبەتمەندیە بڵێ کە دەتەوێت.
نموونە) شتێک بدۆزەوە بۆ سەیرکردن/کەناڵی ژمارە OO/زیادکردنی ئاستی دەنگ/ئەمڕۆ کەشوهەوا چۆنە؟/یارمەتی ناسینەوەی دەنگ، هتد.

## کاتێک ئامێرەکە کۆژاوەتەوە

کردارەکانی ئامێرەکە دەکرێت لەگەڵ کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست بەکاربێن تەنانەت کاتێک ئامێرەکە کۆژاوەتەوە.
⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **گشت کاتێک ئامادە** لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دابنێ.

01 ووتنی "Hi LG" بە ئامێرەکە وادەکات رووناکی ئامادەگی ـی پێشەوەی ئامێرەکە ڕووناکی دەربکات و دەنگێکی ئاگادارکردنەوە دروست دەکات.



02 ئەو تایبەتمەندیە بڵێ کە دەتەوێت.
بۆ نموونە) "ئامێرەکە هەڵ بکە"، "ئەمڕۆ کەشوهەوا چۆنە؟" و هتد.

- لە هەندێک حاڵەتی تایبەت، ڕەنگە کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست کار نەکات، تەنانەت ئەگەر **گشت کاتێک ئامادە** هەڵیشکرا بێت.

- ئەگەر نوێکردنەوەیەکی نەرمامراز ئەنجام بدرێت

- کاتێک بۆ دۆخی فرۆشگا دیاریکرا بێت
- کاتێک ئامێرەکە بۆ زیاتر لە 96 کاتژمێر هەڵ نەکراوە
- کاتێک پاککردنەوەی پیکسێل کار دەکات

### ئاگاداربوونی پێشوەختە لە کاتی بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست

- هەندێک مۆدێڵ پشتیوانی لەم کردارە ناکەن.
- ڕەنگە کردارەکە سنووردار بێت بەگوێرەی ڕێکبەندەکانی وڵات و زمان.
- لە کاتی نوێکردنەوەی ئامێرەکە، تایبەتمەندی یان کردارە بەردەستەکان کە بەکارت هێناون ڕەنگە بگۆڕێن.
- کرداری کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست وا لە جەستەی ئامێرەکە دەکات دەنگی بەکارهێنەر بناسێتەوە. بۆ کارپێکردنی ڕێک، ئەم کردارە لە مەودای 3 مەتری ئامێرەکە بەکاربێنە.
کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست لە مۆدێلی Zero Connect Box دەنگی بەکارهێنەر دەناسێتەوە لە Zero Connect Box. Zero Connect Box ـی خۆت لە مەودایەکی کراوە دامەزرێنە بۆ باشترین کارایی.
- کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست کار دەکات تەنانەت ئەگەر بڵێیت "Hi LG" و تایبەتمەندی خوازراو بە شێوەیەکی بەردەوام.
ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- بەگوێرەی بارودۆخەکە ڕەنگە هێماکان، ژمارەکان و پیتە تایبەتەکان نەناسرێنەوە.
- ڕەنگە بکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگە، وەک ئاوازی دەنگ یان ئاستی دەنگ، گۆکردنی ناڕوون، و ژاوەژاوی دەوروبەر.
- کاتێک سپیکەرێکی دەرەکی گرێدراو بە ئامێرەکە بەکاردێنیت، دەنگی دەرچوو لەم جۆرە سپیکەرە دەرەکیانە دەکرێت وەک ژاوەژاو بناسرێتەوە. واباشە کرداری ناسینەوەی دەنگ بە مەجیک ڕیموت بەکاربێنیت.
- کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست وشەکانی بە ئاگاهاتن دەکرێت بگۆڕدرێن لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ** ← **وشەی بە ئاگاهێنانەوە بۆ کۆنترۆڵی دەنگی بێ بەکارهێنانی دەست دیاری بکە**.
(ڕەنگە کردارەکە سنووردار بێت بەگوێرەی ڕێکبەندەکانی وڵات و زمان.)
- ئەگەر کرداری کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست ئەو کاتە کار دەکات کە نەویستراوە، هەوڵی نزمکردنەوەی هەستیارییەکەی بدە لە ڕێگەی چوون بۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ** ← **دیاریکردنی هەستیاری**.
- بۆ تایبەتمەندیەکانی ناسینەوەی قسە بە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵێک، سەیری **چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە** ← **بەکارهێنانی کردارەکانی ئامێر لەڕێگەی قسە** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.


# بەکارهێنانی کردارەکانی ئامێر لەڕێگەی قسە

## بەکارهێنانی کردارەکانی ئامێر لەڕێگەی قسە

لە ڕێگەی ناسینەوەی قسە دەتوانیت بە ئاسانی و خێرایی دەستت بە کردارە هەمەجۆرەکانی ئامێرەکە بگات.

01 دوگمەی 🎙ی ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە و ڕابیگرە، پاشان بە دەنگ ئەو فەرمانەی پێ بدە کە دەتەوێ ئەنجام بدرێت یان ئەو وشەیەی پێ بدە کە دەتەوێ بۆی بگەڕێت.

02 دوای ئەوەی فەرمانە دەنگیەکەت پێ دا، ئەگەر دەستت لەسەر دوگمەی  لابەیت، فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت.



- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- پێویستە **زمانی پێرست (Menu Language)** وەک زمانی فەرمی وڵات لە **شوێن** دیاری بکرێت بۆ بینینی ئەنجامە دروستەکانی گەڕان. ئەگەر **زمانی پێرست (Menu Language)** وەک زمانی فەرمی دیاری نەکرابێت، ڕەنگە هەندێک کردار سنووردار بن.
- دەتوانیت زمان لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)** ← **زمانی پێرست (Menu Language)** بگۆڕیت.
- زمانە بەردەستەکان بۆ تایبەتمەندی ناسینەوەی دەنگ ڕەنگە بەگوێرەی سیاسەتی کارپێکردنی خزمەتگوزاری بگۆڕێن.
- ڕەنگە ووردەکاریەکانی خزمەتگوزاری بە گوێرەی مۆدێل بگۆڕێت.
- تکایە سەرنجی ئەوە بدە بکە کە ئەو خزمەتگوزاریانەی فەرمانەکانی دەنگ، ناسینەوەی دەنگ و تایبەتمەندیە هۆشمەندەکانی تر چالاک دەکەن ڕەنگە بگۆڕدرێن، لابببرێن یان کۆتاییان پێ بهێنرێت، بێ ئاگادارکردنەوە، لە لایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنەر یان دابینکەرەکانی لایەنی سێیەمی.
- دەتوانیت ڕێکبەندەکانی پەیوەست بە دەنگ بگۆڕیت یان بزانیت کامە تایبەتمەندی بەردەستن بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگ بەکاربێن لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ/یارمەتی ناسینەوەی دەنگ**.

## بەکارهێنانی دەنگت وەک **ناسنامەی دەنگ** ی خۆت

تۆمارکردنی دەنگت وەک **ئەژمێری LG** ـی خۆت. دەتوانیت لە ڕێگەی دەنگی تۆمارکراوت بۆ پێشکەشکردنی ناوەڕۆک و خزمەتگوزاری بە کەسیکراوت تۆ بناسینەوە.

01 بڕۆ ناو ئەژمێری LG ـی خۆت بۆ تۆمارکردنی دەنگت.

02 ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ** هەڵبژێرە.

03 **ناسنامەی دەنگ** ← **بەڕێوەبردنی ناسنامەی دەنگ** دەسنیشان بکە.

04 **تۆمارکردنی ناسنامەی دەنگ** دابگرە و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی سەر شاشە بکە بۆ تۆمارکردنی دەنگت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- زمانە بەردەستەکان بۆ تایبەتمەندی **ناسنامەی دەنگ** ڕەنگە بەگوێرەی سیاسەتی کارپێکردنی خزمەتگوزاری بگۆڕێن.
- دوای تۆمارکردنی دەنگت لە ڕێگەی **ئەژمێری LG**، پێویستە **بەکارهێنانی ناسنامەی دەنگ لە سەر ئەم تەلەفزیۆنە.** بۆ **هەڵکردن** دیاری بکەیت بۆ بەکارهێنانی.

- دەتوانیت دەنگت تۆمار بکەیت، دووبارە تۆمار بکەیتەوە لە **ناسنامەی دەنگ** لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ**.
- لە ڕێگەی **ناسنامەی دەنگ**، پێویست ناکات نهێنوشەکەت بنووسیت کاتێک ئەژمێرەکان دەگۆڕیت.
- کەسێک کەوا دەنگێکی هاوشێوەی هەیە ڕەنگە ئامێرەکەت بکاتەوە، و ئەگەر دەنگت بەهۆی هۆکاری نەخۆشی جیاواز بێت، ڕەنگە نەناسرێتەوە.

## بەکارهێنانی کرداری ناسینەوەی قسە لەگەڵ ئەپلیکەیشنی LG ThinQ

دەتوانیت کرداری ناسینەوەی قسە بەکاربێنیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی 🎙 ـی سەر ئەپلیکەیشنی LG ThinQ دامەزرێنراو لە سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت.

بۆ گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکەت بەم ئامێرە بە ئەپلیکەیشنی LG ThinQ، سەیری **گرێدانی ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی LG ThinQ** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- لەکاتی بەکارهێنانی کرداری ناسینەوەی قسە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ، ڕەنگە هەندێک کردار یان ئامێرەکان کار نەکەن.

### ئاگاداریەکان بۆ ناسینەوەی قسە

- بۆ بەکارهێنانی ناسینەوەی دەنگ
پێویستە مەجیک ڕیمۆت بەکاربێنیت.
پێویستە کەناڵەکان، هەرێم و هتد. دیاری بکەیت. ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.
پێویستە بە تۆڕ گرێدرا بیت. پێویستە ڕازی بیت بە مەرجەکانی خزمەتگوزاری ناسینەوەی دەنگ کاتێک گرێدان بە تۆڕ دەکەیت.
- بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامێری کردنەوەی کۆدی گرێدراو بە ئامێرەکە لە ڕێگەی تایبەتمەندی ناسینەوەی دەنگ، پێویستە ڕیمۆت کۆنترۆڵی ئاوێتەکراو لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** دیاری بکەیت.
وا باشە مەجیک ڕیمۆتەکە بەرەو ئامێرەکە ئاڕاستە بکەیت لە دوای پێدانی دەنگ.
- ڕێژەی ناسینەوەی وتار ڕەنگە بەپێی تایبەتمەندیەکانی بەکارهێنەر (واتە ئاستی دەنگ، شێوازی گۆکردن، شێوەزار و خێرایی قسەکردن) و دۆخی دەوروبەر (ژاوەژاو و ئاستی دەنگی ئامێرەکە) جیاواز بێت.
بۆ بەدەستهێنانی ناسینەوەی ووردی قسەی خۆت، پێویستە بە هێواشی و ووردی وشەکان بڵێیت بە ئاستێکی گونجاوی دەنگ لە دووری نزیکەی 10 سم لە مایکرۆفۆنی مەجیک ڕیمۆت.
- ئەگەر قسەکردنت بە دروستی ناناسرێتەوە، ڕەنگە ناسینەوەی قسە بەشێوەیەکی جیاواز کار بکات لەوەی لە بنەڕەتدا مەبەست بووە.


# وتار بۆ بابەت

## بەکارهێنانی قسەکردن بۆ دەق

دەتوانی بە ئامرازی ناسینەوەی وتار، لەنێو خانەکانی تێکست بنووسیت.
بۆ گۆڕینی شێوازی پێدانی وتار، لە شاشەی کیبۆرد دا دوگمەی 🎙 هەڵبژێرە.


- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.


01 نیشاندەری مەجیک ڕیموت لە خانەی دەق بجووڵێنە بۆ کردنەوەی تەختەکلیلی ڤیرچوەڵ.




02 دوگمەی 🎙 ی سەر تەختەکلیلی ڤیرچوەڵ دابگرە.بدە.


03 دوای ئەوەی کە پەنجەرەی زانیاریی ناسینەوەی دەنگ بەم شێوەی خوارەوە نیشان درا، بە ئارامی و ڕوونی ڕوو بە میکرۆفۆنی ڕیموت کۆنترۆڵەکە قسە بکە.




04 ئەگەر وشەی هاوشێوەی ئەو وشەیە هەبێت کە تۆ بە دەنگ دەیڵێیت، لەوانەیە لیستێک لە چەند وشە ببینیت، بەو شێوەی

کە لە خوارەوە نیشان دراوە. ئەگەر ئەو ئەنجامە وەرنەگریت کە دەتەوێت، **دووبارە هەوڵ بدە** دابگرە. دەرئەنجامێک هەڵبژێرە، کاتێ کە هەڵیدەبژێریت، لەنێو خانەی تێکست دا نیشان دەدرێت.




### ئاگاداریەکان لەکاتی بەکارهێنانی قسەکردن بۆ دەق

- سەیری گرێدانی تۆڕ بکە پێش بەکارهێنانی فەرمانی قسەکردن بۆ دەق.
- دەتوانیت زمان لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)** ← **زمانی پێرست (Menu Language)** بگۆڕیت. بۆ گۆڕینی زمانی ناسینەوەی وتار بە شێوەی کاتی، لە پەنجەرەی نیشاندەری زانیاریی ناسینەوەی دەنگ دا، دوگمەی سوور فشار بدە.
- دەتوانیت ئەم فەرمانە تەنها بۆ ڕازی بوون بە مەرجەکانی ناسینەوەی دەنگ بەکاربێت.
- ڕێژەی ناسینەوەی وتار ڕەنگە بەپێی تایبەتمەندیەکانی بەکارهێنەر (واتە ئاستی دەنگ، شێوازی گۆکردن، شێوەزار و خێرایی قسەکردن) و دۆخی دەوروبەر (ژاوەژاو و ئاستی دەنگی ئامێرەکە) جیاواز بێت.
- بۆ باشترکردنی ووردیی قسەکردن بۆ دەق، پێویستە بە ڕوونی و دەنگی بەرز قسە بکەیت لە نزیکەی 10 سم لە مایکرۆفۆنی مەجیک ڕیموت.
- ناسینەوەی دەنگ لە هیچ خانەیەکی ئینپوتی نهێنوشە و میلی ناونیشانی **گەڕانی وێب** ـت بەردەست نیە (گەڕانی گشتی ناگرێتەوە).

# چۆنیەتی بەکارهێنانی Alexa لە سەر ئامێرەکە

## چۆنیەتی بەکارهێنانی Alexa لە سەر ئامێرەکە

سەرەتا، دڵنیابە Alexa لە سەر ئامێرەکەت سێتەپکراوە. بۆ دەستپێکردن دوگمەی alexa (Alexa) ـی سەر مەجیک ڕیموت ـی خۆت دابگرە. لە ماوەی سێتەپکردن دەچیتە ناو ئەژمێری Alexaی خۆت، فەرمانێکی تاقیکردنەوەی خێرا ئەنجام بدە بۆ دڵنیا بوون لەوەی Alexa کار دەکات و ئامادە دەبیت بۆ بەکارهێنان.

بۆ بەکارهێنانی Alexa، دوگمەی alexa (Alexa) ـی سەر مەجیک ڕیموتـت بۆ ماوەیەک دابگرە. کاتێک ئەنیمەیشنی شین لە خوارەوەی شاشەکەت دەردەکەوێت، فەرمانێکی وەک "Alexa، Prime Video" بکەوە بڵێ.

یەک جار دوگمەی alexa (Alexa) سەر مەجیک ڕیموت ـی خۆت دابگرە (بێ ڕاگرتن) بۆ دەسگەیشتن بە ئەپلیکەیشنی Alexa ـی سەر ئامێرەکەت. لێرەدا ڕێگای زیاتر دەدۆزیتەوە بۆ بەکارهێنانی Alexa لەگەڵ دانانی تایبەتمەندیەکانی وەک بژاردەی هەڵکردنی بێ بەکارهێنانی دەست (ئەگەر بەردەست بێت).

- Alexa بە هەموو زمانێک و لە هەموو وڵاتێک بەردەست نیە.
- ڕەنگە تایبەتمەندی و کارایی Alexa بەگوێرەی شوێن بگۆڕێت.

# بەکارهێنانی کرداری زیاتر

## بەکارهێنانی کرداری زیاتر

دەتوانیت کۆنترۆڵی تایبەتمەندی زیاتر یان ئامێری دەرەکی بکەیت کە گرێدراوە بە بەرهەمەکەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوگمە نیشاندراوەکانی سەر شاشەکە.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.

02 بە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵەکە، دوگمەی ویستراوی سەر **کرداری زیاتر** دەسنیشان بکە کە لە سەر شاشەکەت نیشاندراوە.

- جۆری ئەو دوگمانەی لەسەر **کرداری زیاتر** دەردەکەون دەگۆڕێن بەگوێرەی ناوچە و جۆری ئامێری گرێدراو.

# دیاریکردنی کۆنترۆڵی جیهانی

## دیاریکردنی کۆنترۆڵی جیهانی

کاتێک ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی سێتەپ دەکەیت، دەتوانیت ئامێرەکان کۆنترۆڵ بکەیت (پەخشکەری Blu-ray/DVD، شانۆی ناوماڵ، سێت توپ بۆکس، هتد.) لە ڕێگەی مەجیک ڕیموت جیا لە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی دیاریکراوی خۆیان.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- ئەم تایبەتمەندیە دەکرێت تەنها لەگەڵ مەجیک ڕیموت بەکاربهێنرێت.
  ئەگەر مەجیک ڕیموت دابین نەکراوە، دەتوانیت بە جیا بیکڕیت.
  هەندێک مۆدێڵ ڕێگەت پێدەدات بلاستەری IR ـی پێشکەشکراو گرێ بدەیت، ڕێگە بە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی ئاسایی دەدات لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕیموت کۆنترۆڵی ئاوێتەکراو.
- لە کاتی گۆڕینی ڕێکبەندەکانی سەر ئامێرێک، سەرەتا دڵنیا بە کە هەڵکراوە.

- بۆ سێتەپکردنی ڕیموت کۆنترۆڵێکی جیهانی بە تازەترین زانیاری، گرێدان بە تۆڕ بکە و ڕێکەوتننامەکانی بەکارهێنەر پەسەند بکە.
- تایبەتمەندی ڕێکبەندی دەستی بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی بۆ کۆنسۆڵی یاری پشتیوانیکراو نیە.
- ڕەنگە هەندێک دوگمە کار نەکەن بەگوێرەی مۆدێڵی ئامێرە دەرەکییەکە.
- مەجیک ڕیموت ئاڕاستەی ئەو ئامێرە بکە کە دەتەوێت کۆنترۆڵی بکەیت. دڵنیا بە کە هیچ شتێک لە پێش ئامێرەکە نیە بۆ دڵنیا بوون کە سیگنالی ڕیموت کۆنترۆڵەکە بە باشی وەردەگیرێت.

## خودکارانە دانانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی.

ئامێرەکان گرێ بدە بۆ ئەوەی بۆ HDMIـی ئەم ئامێرە دیاری بکرێن، و تەزووی ئامێرەکە هەڵبکە.
ئەم ئامێرە ئامێری گرێدراو دەناسێتەوە بۆ ئەوەی خودکارانە ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی دیاری بکات بێ دیاریکردنی دەستی.

- لە دوای دیاری کردنی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی، ڕەنگە پێویست بکات هەندێک ڕێکبەندی زیاتری بەکارهێنەر ئەنجام بدەیت.
- ڕەنگە چەند چرکەیەک بخایەنێت بۆ تەواوکردنی ڕێکبەندەکان بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی.
- لە هەندێک مۆدێڵ، دەتوانیت ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی دیاری بکەیت تەنها لە دوای گۆڕینی بۆ ئینپوتێکی ئامێری گرێدراو.
- بەگوێرەی ئامێری گرێدراو، تایبەتمەندی ڕێکبەندی خودکار بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی (گرێدانی خودکاری ئامێر) ڕەنگە پشتیوانیکراو نەبێت.

## بە دەستی دانانی ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی.

ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی خودکارانە دیاری نەکرێت، دەتوانیت بە دەست دیاری بکەیت.

01 ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکییەکان** ← **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** هەڵبژێرە.

02 HDMI ـی گرێدراو بە ئامێرەکە دەسنیشان بکە کەوا دەتەوێت دیاری بکەیت، و **بەڕێوەبردنی ڕێکبەندەکان** دەسنیشان بکە.

03 دوگمەی **ڕێکبەندی دەستپێکردن** دابگرە بۆ دیاریکردنی ڕیموت کۆنترۆڵی ئاوێتەکراوی نوێ لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی سەر شاشە.
دەتوانیت ڕیموت کۆنترۆڵێکی ئاوێتەکراوی دیاریکراوی پێشووتر لە **سەیرکردنی مێژووی ڕێکبەندەکان** بگەڕێنیتەوە.

- بۆ سڕینەوەی ڕێکبەندەکانی ڕیموت کۆنترۆڵی ئاوێتەکراو، **سڕینەوەی ڕێکبەندەکان** لە **بەڕێوەبردنی ڕێکبەندەکان** ـی HDMI خوازراو دەسنیشان بکە.

# بەکارهێنانی دەستگەیشتنی خێرا

## بەکارهێنانی ئەپەکان خێرا و ئاسان بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی دەستگەیشتنی خێرا

بۆ کردنەوەی ئەپێک یان چالاک کردنی پێدراوێکی دەرەکی کە ژمارەیەکی بۆ دیاری کراوە، دوگمەی ئەو ژمارەیە لەسەر

ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە.

## ڕێککردنی دەستگەیشتنی خێرا

01 ئەپەکە بکەوە یان ئەو کەناڵە یان ئینپووتەی کە دەتەوێ تەرخانی بکەیت هەڵبژێرە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت بۆ دوگمەی کورتبڕ تومار بکرێن بەگوێرەی مۆدێلەکە دەگۆڕێت.


02 بۆ دیاریکردن ژمارە، دوگمەی ئەو ژمارەی کە دەتەوێت (1~8) دابیگرە و ڕابیگرە.
ژمارە 9 جێگیرکراوە بۆ یارمەتیی خێرا.

03 کاتێک پەنجەرەی تومارکردن هاتە ڕوو، بەڵێ هەڵبژێرە.

- ئەگەر دوگمەی ژمارەیەک کە پێشتر تەرخان کراوە بۆ کارێکی تر فشار بدەیت و ڕابگریت، ئەو کارە ئەنجام دەدرێت.
- بۆ بینینی ئەو ئایتمانەی کە دەتوانیت تۆماریان بکەیت، لە حاڵەتی بژاری دەستگەیشتنی خێرا دا ژمارەیەک هەڵبژێرە کە تەرخان نەکرێبیت بۆ هیچ کارێکی تر.
- ئەگەر لەسەر حاڵەتێک بیت کە نەتوانیت دەستگەیشتنی خێرا چالاک بکەیت، هیچ کارێک ئەنجام نادرێت.
- ئەگەر ئەپێکی تەخانکراو بۆ ژمارەیەک لەسەر ئامێرەکەت بسڕیتەوە، تومارى دەستگەیشتنی خێراىش پاک دەکرێتەوە.

## پشکنین و دەستکاریکردنی ئامرازی دەستگەیشتنی خێرا

دوگمەی ژمارەی 0 لەسەر ڕیموت کۆنترۆڵ فشار بدە و ڕابیگرە.
شاشەی دەستکاریکردنی دەستگەیشتنی خێرا دێتە ڕوو.




❶ ئەگەر ژمارەیەک هەڵبژێریت کە پێشتر تەرخان کراوە، دەتوانیت تەرخانی پێشووی بسڕیتەوە.

❷ ئەگەر ژمارەیەک هەڵبژێریت کە تەرخان نەکراوە، ئەو شتانەی کە دەتوانیت ژمارەکە تەرخان بکەیت بۆیان، نیشان دەدرێن.

- شتێک کە ژمارەیەکی تری بۆ تەرخان کراوە بە نیشانەی تیک دیاری دەکرێت.

❸ دەتوانیت ڕێنماییەکی کورت لەبارەی ئەم ئامرازە ببینیت.

# گرێدان بە (SIMPLINK (HDMI-CEC

## بەکارهێنانی SIMPLINK

دەتوانیت بە یەک ڕیموت کۆنترۆڵ بە ئاسانی ئامێرەکانی وەک ساوندبار یان ئامێری کردنەوەی کۆدی گرێدراو لە ڕێگەی HDMI کۆنترۆڵ بکەیت.

- دەکرێت سێ ئامێر گرێ بدرێن و لە هەمان کاتدا بەکاربهێنرێن.

01 پۆرتی دەرچووی SIMPLINK HDMI بە پۆرتی HDMI گرێ بدە لەڕێگەی کێبڵێکی HDMI.

02 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

03 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی HDMI**.

04 **(SIMPLINK (HDMI-CEC** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

05 تەزووی ئامێری گرێدراو هەڵ بکە. کاتێک خودکارانە بە ئامێرەکە گرێ دەدرێت، ئینپوتی دەرەکی دەگۆڕێت.
ئەگەر ئامێرەکە خودکارانە گرێ نەدرێت، کرتە لە سەر دوگمەی ⏎ بکە و ئەو ئامێرە دەسنیشان بکە کە دەتەوێت گرێدانی پێوە بکەیت.

- ئەم تایبەتمەندیە تەنها لەگەڵ ئەو ئامێرانەی کار دەکات کەوا لۆگۆی SIMPLINK یان هەیە. سەیری لۆگۆی SIMPLINK لە سەر ئامێری دەرەکی بکە.
بەکارهێنانی هەر بەرهەمێک جگە لەوانەی دیاریکراون ڕەنگە لە ماوەی کارکردن ببێتە هۆی کێشە.
- بۆ بەکارهێنانی SIMPLINK، پێویستە کێبڵێکی HDMI® خێرایی بەرز لەگەڵ کرداری CEC (Consumer Electronics Control) بەکاربێنیت. کێبڵی HDMI® خێرایی بەرز پینی 13ی هەیە بۆ کاراکردنی ئالوگۆڕی زانیاری لە نێوان ئامێرەکان.
- بۆ دەرکردنی دەنگ لە ئامێرێکی دەرەکی دەنگ، ئامێرە دەنگیەکە بە پۆرتی HDMIی ئامێرەکە لە ڕێگەی کێبڵی HDMI گرێ بدە. **دەنگ بۆ دەرەوە** دیاری بکە بۆ **ئامێری (HDMI(ARC** و **(SIMPLINK (HDMI-CEC** دیاری بکە بۆ **هەڵکردن**.

## کردارە پشتیوانیکراوەکانی SIMPLINK

### پەخشکردنی دەستبەجێ

کاتێک دەست بە ئامێرێکی مەڵتی میدیا دەکەیت، دەتوانیت دەستبەجێ سەیری ناوەڕۆکی ئامێرەکە لە سەر شاشەکە بکەیت بەبێ ئەوەی پێویست بکات کۆنترۆڵی هیچ شتێک بکەیت.

### کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکان بە ڕیموت کۆنترۆڵ

ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات کۆنترۆڵی ئامێرەکانی مەڵتی میدیا بکات لە ڕێگەی ڕیموت کۆنترۆڵی دابینکراو بۆ سەیرکردنی ناوەڕۆک.

- دەکرێت پێرستی ئامێری مەڵتی میدیا بە دوگمەکانی تیرنیشانی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بخرێنە کار.

کوژاندنەوەی تەزووی سەرەکی

کوژاندنەوەی ئەم ئامێرە هەروەها ئامێرە گرێدراوەکانیش لە ڕێگەی SIMPLINK دەکوژێنێتەوە.

- ئەم تایبەتمەندیە تەنها لە چەند ئامێرێک بەردەستە.

هەڵکردنی تەزووی سەرەکی

هەڵکردنی ئامێری SIMPLINK ئامێرەکەش هەڵدەکات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# بەکارهێنانی تەختەکلیل، ماوس و گەیمپاد

## گرێدانی تەختەکلیل، ماوس و گەیمپاد

دەتوانیت دەق بنووسیت یان نیشاندەرەکە بگوازیتەوە بۆ بەکارخستن لە ڕێگەی گرێدانی تەختەکلیلێک یان ماوسێک. دەتوانیت تەنها یاری گەیمپاد بکەیت لە ڕێگەی گرێدانی گەیمپادێک.

### گرێدان بە پۆرتێکی USB بە کێبڵ یان بە شێوەی بێتەل

ماوس، تەختەکلیل، یان گەیمپادەکەت بە پۆرتێکی USB گرێ بدە.

- وا باشە کە بەر هەمێک بەکاربێنیت کە بۆ گونجاویی لەگەڵ ئەم ئامێرە تاقیکراوەتەوە.
  تەختەکلیل : Logitech K360، Logitech K400، Logitech K750
  گەیمپاد : Sony DualShock 4, Sony DualShock 3, Sony DualSense Controller, Sony DualSense Edge Controller, Microsoft Xbox 360 Controller, Microsoft Xbox Adaptive Controller, NVIDIA SHIELD Controller, Logitech F310, Logitech F710, Amazon Luna Controller, Shaks S3b, Shaks S2b, Nintendo Switch Pro Controller, MOGA XP5-X Plus Controller
- ڕەنگە گرێدانەکە لەدەست بچێت یان هێواش بێتەوە بەگوێرەی دووری و ژینگەی بێتەل.
- دوگمەی ڕاستی ماوس و دوگمە تایبەتەکانی ماوس ڕەنگە کار نەکەن.
- ڕەنگە ئینپوتی تەختەکلیل لە سەر هەندێک شاشە سنووردار بێت.
- دەتوانیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی گۆڕینی زمان یان دوگمەی ئالوگۆڕکردنی لای ڕاست زمانی ئینپوت بگۆڕیت، و هەروەها دەتوانیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی کۆنترۆڵ و دوگمەی سپەیس لە هەمان کاتدا بیگۆڕیت.
- بۆ نووسینی دەق لە خانەی دەق، تەختەکلیلی سەر شاشە یان تەختەکلیلێکی USB بەکاربێنە.
- دەتوانیت دوگمەی گەیمپادی گرێدراو وەک دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ بەکاربێنیت. ڕەنگە ناو یان کردارى دوگمە لە سەر بنەمای مۆدێلی گەیمپادەکە بگۆڕێت.
  دوگمەی لۆگۆ : ئامرازی **یاریەکان** بکەوە.
  ستیکی چەپ : دەتوانیت بە هەر چوار ئاڕاستەکە بجوولێیت.
  ستیکی ڕاست : دەتوانیت ئاستی دەنگ یان کەناڵەکە بگۆڕیت.

دوگمەی A : ئایتمی هاوتا دەستنیشان دەکات.
دوگمەی B : بۆ شاشەی پێشووتر دەگەڕێتەوە.

### گرێدان لە ڕێگەی Bluetooth

دەتوانیت ئامێرەکانی ئینپوت وەک تەختەکلیل، ماوس یان گەیمپادی Bluetooth گرێ بدەیت و بەکاربێنیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی کۆنترۆڵەری Bluetooth** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# بەکارهێنانی مایکرۆفۆنێکی ئینپوتی USB

## بەکارهێنانی مایکرۆفۆنێکی ئینپوتی USB


مایکرۆفۆنەکەت بە پۆرتی USB گرێ بدە. دەتوانیت چێژ لە ناوەڕۆکەکانی تایبەت بە مایکرۆفۆنەکەت وەربگریت.

# چێژ لە کەناڵی ڕاستەوخۆ وەربگرە

## بەکارهێنانی پێرستی راستەوخۆ

### بەکارهێنانی پێرستی راستەوخۆ

دەتوانیت بە ئاسانی تایبەتمەندی پەیوەندیدار بەکاربێنیت لەکاتی سەیرکردنی پەخشەکان.
بۆ ماوەیەک دوگمەی **GUIDE**ی سەر مەجیک ڕیموت دابگرە.
یان دوگمەی **LIST**ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵە ستاندەرەکە دابگرە.




1 **ڕێنوێنی** : دەتوانی سەیری پرۆگرامەکان و خشتەی هەر پرۆگرامێک بکەیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە کەنالی ڕاستەوخۆ وەربگرە** ← **سەیرکردنی ڕێنوێنی** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

2 **کەناڵەکان** : سەیری لیستێکی ناوەڕۆکی پەخش بکە کەوا لە کاتی ئێستادا پەخش دەکرێت.

3 **خشتەکراو** : دەتوانیت کات و ڕۆژی پەخشی بەرنامەیەکی پێ بدەیت بۆ ئەوەی لەو کاتە دا سەیری بکەیت یان تۆماری بکەیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە کەنالی ڕاستەوخۆ وەربگرە** ← **بەکارهێنانی خشتەکراو** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

4 **تۆمارکردنەکان** : دەتوانیت تۆمارکردنی هەمارکراوی سەر ئامێری هەمارگە بپشکنیت و تۆمارکردنەکان پەخش بکەیت.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە کەنالی ڕاستەوخۆ وەربگرە** ← **پەخشکردنی تۆمارکردن** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- پێرستەکە تەنها ئەو کاتە دەردەکەوێت ئەگەر ئامێرێکی هەمارگەی دەرەکی گرێدرا بێت و ڤیدیۆی تۆمارکراو دەکرێت سەیر بکرێت.

- کەناڵە نیشاندراوەکان لە لیستی کەناڵ لە لایەن پەخشکەر پێشکەشکراون؛ بۆیە، ئەگەر پەخشکەرەکە شێوەبەندکردنی کەناڵ بگۆڕێت بەبێ ئاگادارکردنەوە، هەندێک لە کەناڵەکانی ناو لیستەکە ڕەنگە جیاواز بن لە کەناڵە ڕاستەقینەکانی ئامێرەکە.
- بەهۆی ئەوەی کە ئەو زانیارییانە کە لە لیستی کەناڵ دا نیشان دەدرێن، زانیاریی دابینکراو لەلایەن دابینکەرە دەرەکیەکانی ڕێنمای ئەلەکترۆنیی بەرنامە (EPG) یان تێدایە، ڕەنگە جیاواز بن لە ئەو کەناڵانەی کە لەسەر تەلەفزیۆنەکە دان.
- پێویستە ڕێکبەندەکانی تۆڕ، ڕێکبەندەکانی هەرێم، و ڕێکبەندەکانی خود-کەناڵ تەواو بکەیت بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری پەخشی ڕاستەوخۆی ئاسایی.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

# سەیرکردنی ڕێنوێنی


## سەیرکردنی ڕێنوێنی

دەتوانی سەیری پرۆگرامەکان و خشتەی هەر پرۆگرامێک بکەیت.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی ••• ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **ڕێنوێنی** دەسنیشان بکە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.




1. هەر یەک لە شوێنەکان دەستنیشان بکە بۆ دەسگەیشتن بە تایبەتمەندی هاوتا.
2. دەتوانیت زانیاریەکانی کەناڵەکە و پەخشکەر ببینیت.
3. دەتوانیت لاپەڕەکان وەربگێڕیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەکانی **(کەناڵەکان)** ∨/∧ ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
   دوگمەی ⓘ یان ناوی بەرنامەی مەبەستت هەڵبژێرە. دەتوانیت زانیاری زیاتر ببینیت دەربارەی پڕۆگرامەکە و ئەدای **سەیرکردن/تۆمار** (تەنها لە چەند مۆدێلێکی دیاریکراودا بەردەستە) یان **بیرخەرەوە/تۆمارکردنی خشتەکراو** (تەنها لە چەند مۆدێلێکی دیاریکراودا بەردەستە)، هتد.
4. بڕۆ بۆ سەرەوەی لیستی پڕۆگرامەکان.
5. لیستی بەرنامەکانی ئەم ڕۆژ و کاتە نیشانی تۆ دەدرێت.
6. جۆری کەناڵی نیشاندراوی سەر شاشە دەکرێت دیاری بکرێت.
7. چەشنە دەستنیشانکراوەکان بە **ڕێنوێنی** بە ڕەنگ نیشان دەدات.
8. دەتوانیت سەیری زانیاری بکەیت دەربارەی ئەو پڕۆگرامانەی لە کاتی ئێستادا سەیریان دەکەیت لەگەڵ زانیاری جەختکراوی پڕۆگرام.
9. **بەڕێوەبەری کەناڵ** : بەکارخستنی **بەڕێوەبەری کەناڵ**.
   **ڕیزی کەناڵ** : دەتوانی ئەندازەی لیستی بەرنامەکان دەستکاری بکەیت بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو کەناڵانەی کە لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێن بە دڵی خۆت بگۆڕیت.
   **فلتەرەکان** : جۆری کەناڵی نیشاندراوی سەر شاشە دەکرێت دیاری بکرێت.
   **Mini TV** : شاشەکە دەکرێت هەڵبکرێت یان بکوژێنرێتەوە بۆ پێشدیمەنکردنی کەناڵە دەستنیشانکراوەکە.
   **ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
10. ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- زانیاریی بەرنامە لە ئەو کەناڵانە دا کە هیچ زانیاریەکی پەخشیان بۆ دابین نەکراوە، نیشان نادرێت.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل یان وڵات دەگۆڕێن.

## بینینی ڕابەری بەکارهێنەری ئامێری کردنەوەی کۆد

دوای گرێدانی ئامێری کردنەوەی کۆد، دەتوانیت پڕۆگرامەکان و خشتەی ئامێری کردنەوەی کۆدی ببینیت و مەجیک ڕیموت بەکاربێنیت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# دڵنیای لە زانیاریەکانی بەرنامە

## زانیاری سەیرکردنی پرۆگرام

لە کاتی تەماشاکردنی پەخشی زیندوو دا، دوگمەی **چەرخ (OK)** دابگرە. لایفتەی کەناڵ دێتە ڕوو.
دەتوانیت شوێنی ئاڵاکە بگوازیتەوە لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی • • • سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە و دەسنیشانکردنی **گۆڕینی شوێنی ئاڵا**.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی • • •ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.




❶ زانیاری نیشان دەدات دەربارەی ئەو پرۆگرامەی سەیری دەکەیت. هێمای کەناڵێک دەسنیشان بکە بۆ چوونەناو زانیاری تێروتەسەڵ بۆ سەیرکردنی زانیاری تێروتەسەڵی پرۆگرام یان ڕادانی تایبەتمەندی زیاتری پەیوەست بە هێماکە.

دەتوانیت سەیری زانیاری پەخش بکەیت دەربارەی پرۆگرامەکانی دیکە بە بەکارهێنانی دوگمەکانی ▲/▼.

دەتوانیت سەیری زانیاری پەخش بکەیت دەربارەی ئەو پرۆگرامانەی لە کاتی ئێستادا سەیریان دەکەیت بە بەکارهێنانی دوگمەکانی ◀/▶.

- تایبەتمەندیەکان دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێن لە ناو پۆپەپی زانیاری تێروتەسەڵ.

❷ بەکارخستنی **کرداری زیاتر**.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە** ← **بەکارهێنانی کرداری زیاتر** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

❸ ئامرازی **ڕێنوێنی** بکەوە.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە کەناڵی ڕاستەوخۆ وەربگرە** ← **سەیرکردنی ڕێنوێنی** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- ئامرازە بەردەستەکان ڕەنگە بەگوێرەی سیگناڵی پەخش بگۆڕێن.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.

# Live Playback

## بەکارهێنانی Live Playback (پەخشکردنەوەی کاتی ڕاستەقینە)

ئەم کردارە ڕێگەت پێدەدات بەشێوەیەکی کاتیی ئەو نمایشەی ئێستا لە سەر هارد دیسکی USB سەیر دەکرێت هەڵبگیرێت و ئەو دیمەنانەی لە دەست چووە دووبارە پەخشی بکەیتەوە لەکاتی سەیرکردنی پەخشەکە، دڵنیای بەردەوامی دەکاتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەک دوور کەوتیەوە.

01 هارد دیسکی USB بخە پۆرتی USB.


02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **Live Playback** دەسنیشان بکە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.

03 شاشەی دڵنیاکردنەوەی دیاریکردنی **Live Playback** دەردەکەوێت.
ڕێکبەندەکان تەواو بکە و دوگمەی **باشە** دابگرە.

- ئەگەر تەنها یەک ئامێری هەمارگەی USB گرێدراوە، ڕەنگە شاشەی ڕێکبەندەکان دەرنەکەوێت و ڕەنگە **Live Playback** بکەوێتە کار.

04 لەکاتی سەیرکردنی پەخشی ڕاستەوخۆ، خاڵێکی سەر میلی بەرەوپێشچوون بە نیشاندەرەکە دەسنیشان بکە کەوا دەتەوێت. هەروەها دەتوانیت دوگمەکانی ◀/▶ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگریت بۆ بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندیە. خاڵێکی پێشووتر لە خاڵی ئێستای سەر میلی بەرەوپێشچوون دەسنیشان بکە.




- دەتوانیت تەنها کرداری Live Playback لە سەر کەناڵەکانی پەخشی دیجیتاڵ بەکاربێنیت کە لە ڕێگەی پۆرتی ئینپوتی ئەنتێنا سەیریان دەکەیت. بەڵام ناتوانیت ئەم بژاردەیە بەکاربێنیت لەکاتی گۆێگرتن لە پرۆگرامێکی ڕادیۆ.
- کاتێک زیاتر لە یەک هارد دیسکی USB بە ئامێرەکە گرێدراوە، ئامێرەکە دەسنیشان بکە بۆ بەکارهێنان بۆ تایم شیفت.
- ناتوانیت فلاشی USB بەکاربێنیت. هارد دیسکێکی USB بە توانای 80 گب یان زیاتر گرێ بدە.
- لەو کاتەی ئامێری پاشەکەوتکردنی USB HDD، لەوانەیە Live Playback باش کار نەکات. بۆ بەکارهێنانی ئامرازی Live Playback پێویستت بە USB HDDـەک کە لە 2.3 گێگا بایت جێگەی زیاتربێت.
- لە ڕێگەی کرداری **Live Playback**، دەتوانیت پرۆگرامەکان تا دوو کاتژمێر پەخش بکەیتەوە بەگوێرەی شوێنی ماوەی

سەر هارد دیسکی USB. ئەم ماوە ڕەنگە بەپێی ناوچەی ئێوە جیاواز بێت.

- ناوەڕۆکی هەڵگیراو لە تایم شیفت دەسڕدرێتەوە ئەگەر بەبێ تۆمارکردن ئامێرەکە بکوژێنیتەوە.
- گۆڕین لە نێوان کەناڵەکان لە ماوەی Live Playback داتای کەناڵی پێشووتر دەسڕێتتەوە.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# تۆمارکردن


## بەکارهێنانی تۆمارکردنی دەستبەجێ

01 هارد دیسکێکی USB یان فلاشێکی USB بە پۆرتێکی USB گرێ بدە.
وا باشە لە سەر هارد دیسکێکی USB تۆمارکردن ئەنجام بدەیت.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **تۆمار** دەسنیشان بکە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.

- بۆ کۆتایی هێنان بە تۆمارکردن، دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە ماوەی تۆمارکردن دابگرە و **تۆمار** دەسنیشان بکە.




### ئەو بابەتانەی پێویستیان بە سەرنجدانی تۆمارکردنە

- لەکاتی تۆمارکردن، دوگمەی **چەرخ (OK)** دابگرە بۆ نیشاندانی زانیاری دەربارەی تۆمارکردنەکە.
- دەتوانیت بەرلە دەستکردن بە تۆمارکردن کاتی تۆمارکردن دیاری بکەیت، و لە میانەی تۆمارکردندا دەتوانیت بە دەسنیشانکردنی دوگمەی تۆمارکردن کاتەکە بگۆڕیت.
- قیدیۆ تۆمارکراوەکان تەکنەلۆژیای پاراستنی ناوەڕۆکی هەیە و ناکرێت لە سەر کۆمپیوتەر یان ئامێرەکانی دیکە پەخش بکرێت. هەروەها قیدیۆکە پەخش ناکرێت ئەگەر سرکێتی قیدیۆی ئامێرەکە بگۆڕدرێت.
- لە ماوەی تۆمارکردن دا ئامێری USB دەرمەهێنە.
- ئەگەر لە کاتی تۆمارکردن دا بەزۆر ئامێرەکەت بکوژێنیتەوە، ڕەنگە ناوەڕۆکە تۆمارکراوە هەڵنەگیرێت. بە شێوەیەکی

نموونەیی، پێویستە پێش کۆژاندنەوە تۆمارکردنەکە بوەستێنیت و بزانیت کەوا کەناڵەکە تۆمارکراوە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.
- ڕەنگە هەندێک کردار لەکاتی بەڕێوەچوونی تۆمارکردن بەردەست نەبن.
- دەتوانیت تەنها کەناڵەکانی پەخشی دیجیتاڵ تۆمار بکەیت کە لە ڕێگەی پۆرتی ئینپوتی ئەنتێنا سەیریان دەکەیت.
- ڕەنگە پۆرتەکانی Bluetooth و USB بە دروستی کار نەکەن لە کاتی تۆمارکردن بە ئامێرێکی هەمارگەی USB.
- ئەو تۆمارکردنانەی کەوا لە 10 چرکە کەمترن هەڵناگیرێن.
- دەتوانیت تا 600 پارچە ناوەڕۆک لە سەر یەک پارتیشن هەڵبگریت.

## دەربارەی ئامێرەکانی هەمارگەی USB بۆ تۆمارکردن

- ڕەنگە کاتی تۆمارکردن بەگوێرەی توانای ئامێری هەمارگەی USB ـت بگۆڕێت.
- لەکاتی هەوڵدان بۆ تۆمارکردن لە سەر بیرگەی USB بۆ جاری یەکەم، ئامێرەکە پشکنینی ئەدا ئەنجام دەدات. پێویستە ئەم پشکنینە سەرکەوتووانە تەواو بکرێت بۆ ئەوەی تۆمارکردن دەست پێبکات.
- تەنها فایلەکانی سیستەمی FAT32، NTFS، یان exFAT ـی بەکارهاتوو لە سیستەمەکانی کارپێکردنی Windows پشتیوانی لە فۆرماتکردنی ئامێرەکانی هەمارگەی USB دەکات. ئامێرەکانی هەمارگەی USB فۆرماتکراو بە پرۆگرامی پشتیوانی نەکراو لە لایەن Windows ڕەنگە نەناسرێنەوە.
- فۆرماتکردنی ئامێری هەمارگەی USB ـی سەر ئامێرەکە فۆرماتی ئامێری هەمارگەکە بەشێوەی فایلی سیستەمی پێشووتری ئامێری هەمارگەی USB ـیەکە دەکات، وەک FAT32, NTFS, یان exFAT.
- توانای پێشنیارکراو بۆ بیرگەی USB بریتیە لە 32 گێگابایت، و توانای پێشنیارکراو بۆ هارد دیسکی USB بریتیە لە 4 تێرابایت یان کەمتر. ئەو ئامێرانەی لە توانای پێشنیارکراو زیاترن ڕەنگە بە دروستی کار نەکەن.
- پێویستە توانای بەردەستی پارتیشینی هارد دیسکی USB بە لایەنی کەم 1 گب بێت.
- پێویستە بە لایەنی کەم پارتیشنی 4 گب لە سەر فلاشی USB هەبێت.
- ڕەنگە تۆمارکردن بپچڕێت ئەگەر توانای هەمارگەی ماوە بەپێی پێویست نەبێت. چاک وایە ئامێرێکی خەزنکردن بە کار بهێنیت کە جێگەی پێویست بۆ تۆمارکردن هەبێت.
- ئەگەر چەند ئامێری پاشەکەوتی USB درابێتن لە تەلەفزیۆنەکە، خۆی بۆ خۆی دوایین ئامێر هەڵدەبژێردرێت.
- خێرایی گواستنەوەی بیرگەی USB بۆ هەر ئامێرێکی بیرگە جیاوازن.
- کوالێتی تۆمارکردن بە گوێرەی ئەدای ئامێری هەمارگەی USB دەبێت.
- ئەگەر ئامێری خەزنکردنی USB کێشەی هەبێت، لەوانەیە تۆمارکردن بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجام نەبێت.
- ئامێری هەمارگەی USB بەکارهاتوو بۆ تۆمارکردن کار ناکەن کاتێک بە هەبێکی USB گرێدراون. هەروەها، بەهۆی ئەوەی ڕەنگە تۆمارکردن بە دروستی تەواو نەکرێت کاتێک بە کێبڵی درێژکردنەوەی USB گرێدراوە، تکایە ڕاستەوخۆ بە پۆرتی USB گرێ بدە.
- پێشنیاری بەکارهێنانی ئامێرێکی هەمارگەی USB دەکەین کەوا بە ئەداپتەری AC دانراو لە سەر کارەبا کار دەکات.


# بگری مووزیک

## بەکارهێنانی Music Catch

دەتوانیت هەموو کاتێک موزیک لە ئامێرەکە تۆمار بکەیت.

01 لە کاتی تەماشاکردنی پەخشی زیندوو دا، دوگمەی ••• دابگرە.

02 **تۆمارکردنی میوزیك** هەڵبژێرە.




- کاتێک هارد دیسکێکی USB بە ئامێرەکە گرێدراوە، ئامێرەکە دەسنیشان بکە کەوا دەتەوێت لە سەری تۆمار بکەیت.
- ئەگەر شوێنی پێویست لە ئامێری هارد دیسکی USB نەبێت، ڕەنگە Music Catch بە دروستی کار نەکات. بۆ بەکارهێنانی کرداری Music Catch، پێویستیت بە هارد دیسکی USB هەیە کەوا بە لایەنی کەم 100 مب بێت.
- فایلە هەڵگیراوەکان دەکرێت لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** ببینرێن، و دەتوانیت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت یان ئامێرە پۆرتەبڵەکانت بیانکەیتەوە.
- فایلی تۆمارکراو بە فۆرماتی aac یان mp3 هەڵدەگیرێت. (فۆرماتی هەڵگرتن بەگوێرەی مۆدێلی ئامێرەکە دەگۆڕێت.)
- ئەگەر ئەپلیکەیشنەکان یان ئینپوت لە کاتی تۆمارکردن بگۆڕیت، تۆمارکردن خودکارانە کۆتایی دێت و فایلەکانی تۆمارکردن هەڵدەگیرێن.
- تەنها لەگەڵ پەخشی ئەنەلۆگ بەردەستە.
- لە ڕێگەی کرداری Music Catch، دەتوانیت بۆ ماوەی تا دوو کاتژمێر موزیک پەخش بکەیت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# بەکارهێنانی خشتەکراو


## بەکارهێنانی **خشتەکراو**

دەتوانیت کات و ڕۆژی پەخشی بەرنامەیەکی پێ بدەیت بۆ ئەوەی لەو کاتە دا سەیری بکەیت یان تۆماری بکەیت.

01 ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ دەسنیشانکردنی **Live TV** و سەیری پەخشی ڕاستەوخۆ بکە.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **خشتەکراو** دەسنیشان بکە.
شاشەی **خشتەکراو** نیشان دەدرێت.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.




1. دەتوانیت تۆمارکردنی خشتەکراوی نوێ دیاری بکەیت.
2. دەتوانیت بیرخەرەوەی نوێ دیاری بکەیت.
3. **ڕیزبەندی** : دەتوانیت ڕیزبەندی بۆ لیستەکە بکەیت.
   **فلتەر** : فلتەرەکە دیاری دەکات.
   **سڕینەوە** : دەتوانیت دۆخی سڕینەوە دیاری بکەیت.
   **ڕێنوێنی** : ئامرازی **ڕێنوێنی** بکەوە.
   **ڕێنمای بەکارهێنەر** : ئامرازی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەوە.
   **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.
4. ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

## خشتەکردنی پەخشێکی دەسنیشانکراو لە ڕێنوێنی

دەتوانیت نمایشێک دەسنیشان بکەیت بۆ خشتەکردنی بۆ سەیرکردن یان تۆمارکردن.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **ڕێنوێنی** دەسنیشان بکە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.

03 ئەو پڕۆگرامە دەسنیشان بکە کەوا دەتەوێت.
ئەگەر دەتەوێت بەرنامەیەکی پەخشی زیندوو تۆمار بکەیت، لەسەر دوگمەی **تۆمار** یان **سەیرکردن** کلیک بکە.
ئەگەر بەرنامەیەک بڕیارە لە داهاتوو پەخش بکرێتەوە، لەسەر دوگمەی **تۆمارکردنی خشتەکراو** یان **بیرخەرەوە** کلیک بکە.

- تۆمارکردنی خشتەکراو گەرەنتی کاتی ووردی تۆمارکردنی پڕۆگرامەکە ناکات چونکە پڕۆگرامەکە وەک زانیاری پەخشکەر تۆمار دەکرێت.
- بەسەر پەخشی دیجیتاڵ جێبەجێ دەبێت.

## خشتەکردن بە دەستی

دەتوانیت ڕێکەوت، کات و پرۆگرام دەستیشان بکەیت بۆ سەیرکردن یان تۆمارکردنی پرۆگرامەکان.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی •••ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **خشتەکراو** دەستیشان بکە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.

03 یان دەستیشان بکە.

04 **بە دەستی دروستی بکە** هەڵبژێرە.

05 ڕۆژ و کات و کەناڵ دیاری بکە بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکراو تومار یان سەیری بکەیت.

- درێژی تۆمارکردنی خشتەکراو پێویستە بە لایەنی کەم 1 خولەک بێت.

# پەخشکردنی تۆمارکردن


## بەڕێوەبردنی تۆمارکردن

دەتوانیت تۆمارکردنە هەڵگیراوەکانی سەر ئامێری هەمارگە سەیر بکەیت و پەخش بکەیت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی **تۆمارکردنەکان**.

01 دوگمەی فشار بدە با **Live TV** بکەوێتە کار.

02 دوگمەی •••ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **تۆمارکردنەکان** بخە کار.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.




1 دەتوانیت لاپەڕەکان وەربگێڕیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەکانی (کەناڵەکان) ∨/∧ ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
دوگمەی **چەرخ (OK)** ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ پەخشکردنی ناوەرۆکەکە.
بۆ ماوەیەک دوگمەی **چەرخ (OK)**ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارانەی خوارەوە:
- **سڕینەوە** : دەتوانیت ناوەرۆکی تۆمارکراو بسڕیتەوە.

- **زانیاری زیاتر** : دەتوانیت سەیری زانیاری ناوەرۆکی تۆمارکراو بکەیت، **پەخش** یان **بژارکردنی ناونیشان**.

2. ئامرازی **گەڕان** بکەوە.
3. دەتوانیت ڕێکبەندەکان جێبەجێ بکەیت، وەک ئامێرەکانی هەمارگە و بژاردەکانی چنین، بۆ لیستی ناوەرۆک.
4. ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.


- تەنها تۆمارکردنی سەر ئەم ئامێرە دەکرێت لە **تۆمارکردنەکان** پەخش بکرێت.

# پەخشکردنی تۆمارکردن

دەتوانیت دەستت بە تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکان بگات و بیانخەیتە کار وەک پەخشکردنەوە و ڕاگرتن لە سەر شاشەی پەخشکردنەوە.

01 تۆمارکردنی ویستراوی خۆت لە ئەپلیکەیشنی **تۆمارکردنەکان** دەستنیشان بکە.

02 داگرتنی دوگمەکانی ◀/▶ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە ڕێگەت پێدەدات 10 چرکە بۆ دواوە/پێشەوە بچیت.
دەتوانیت کۆنترۆڵی پەخشکردنەوەی تۆمارکردنی خوازراو بکەیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی **چەرخ (OK)** لەماوەی پەخشکردنەوە.
دەتوانیت دەسگەیشتنت بۆ تایبەتمەندی زیاتر هەبێت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ▼ی سەر شاشەکە لە کاتی بەکارهێنانی کۆنترۆڵی پەخشی دووبارە.




1. تۆمارکردنی پێشووتر نیشان دەدات.
2. تۆمارکردنەکە پەخش دەکات یان ڕادەگرێت.
3. تۆمارکردنی داهاتوو نیشان دەدات.
4. هەڵکردن یان کوژاندنەوەی ژێرنووس.
5. دەتوانیت پەخشکردنەوەی بەردەوام چالاک بکەیت.
6. بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە دەگەڕێنێتەوە دواوە.
7. بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە بۆ پێشەوە دەبات.
8. دەتوانیت تایبەتمەندیەکانی وەک درێژەپێدان و زمانی دەنگ دیاری بکەیت کە دەکرێت دەربکرێت.

❾ لیستێکی تومارکردنەکان لە خوارەوە نیشاندراوە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

# سەیرکردنی LG Channels

## سەیرکردنی LG Channels

دەتوانیت سەیری پەخشی ڕاستەقینە بکەیت لە ڕێگەی ئەم خزمەتگوزاریە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.
دەتوانی زانیاری سەر کەناڵی ئینتەرنێتی نوێ ببینیت یان ئەو کەناڵانەی حەزیان پێدەکەیت لە **LG Channels** بەڕێوە ببەیت.

دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **LG Channels** دەسنیشان بکە.
هەروەها دەتوانیت سەیری **LG Channels** بکەیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەکانی ⊡ **(کەناڵەکان)** ∧/∨ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.

دەتوانیت خزمەتگوزاری 'ڕۆگرامی کارلێککار' بەکار بێنیت کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات بە ئاسوودەیی چێژ لە ناوەڕۆکی پەیوەست بە ڕۆگرامی ئێستا وەربگرن بێ ئەوەی پێویست بکات ئەپلیکەیشنەکان بگۆڕیت.
دەتوانیت 'ڕۆگرامی دانوستانی' بە کار بهێنیت، بە داگرتنی دوگمەکانی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت یان کرتە کردن لەسەر شاشەکەت بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی لەسەر شاشەی ڕۆگرامی ئینتەرنێت دەردەکەون.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێل پشتیوانیکراو نەبن.
- پێویستە گرێدان بە تۆڕ بکەیت و بە **ڕێکەوتنامەکانی بەکارهێنەر** ڕازی بیت پێش ئەوەی بەکاری بێنیت.
- لە ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **شوێن**، پێویستە **وڵاتی پەخشکردن** و **وڵاتی خزمەتگوزاریەکانی LG** وەک یەک بن. ئەگەر هەر دانەیەکیان بگۆڕیت، ناتوانیت خزمەتگوزاریەکە بەکاربێنیت.
- لە کاتی سەیرکردنی کەناڵی ئینتەرنێت، کرتە لەسەر دوگمەی ▬ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بکە. دەتوانیت دەست بە **LG Channels** بکەیت.
- دەسنیشانکردنی **LG Channels** ئینپوتەکە بۆ دۆخی **LG Channels** دەگۆڕێت. ڕەنگە هەندێک ناوەڕۆک بە ئەپلیکەیشنی دیکە بگۆڕدرێت.
- هەندێک پرۆگرامی ئینتەرنێت ڕەنگە پاڵپشتی ئەم خزمەتگوزاریە نەکەن.
- Live Playback و تۆمارکردن بۆ کەناڵەکانی ئینتەرنێت بەردەست نین.
- ڕەنگە خزمەتگوزاریەکانی پرۆگرامی ئینتەرنێت بێ ئاگاداری پێشوەختە لە لایەن کۆمپانیای پەخشکەر بوەستێنرێت یان بگۆڕدرێت.

# دەقی زانیاریەکان

# بۆ بەکارهێنانی تێلێتێکست

تێلەتێکست خزمەتێکی بەخۆڕاییە کە لەلایەن ئەو وێستگەی تەلەفزیۆنیەوە پێشکەش دەکرێت کە زانیاریی تێکستی لەبارەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، هەواڵەکان و کەشوهەوا پێشکەش دەکات.
دیکۆدەری تێلێتێکستی ئامێرەکە پشتیوانی لە سیستەمەکانی TOP, SIMPLE, و FASTEXT دەکات.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی ••• ی نیە، دوگمەی ژمارە بۆ ماوەیەک دابگرە.

02 لە سەر شاشەکە **تێلێتێکست** دەسنیشان بکە.

03 پەنجەرەی تێلەتێکست دێتە ڕوو.

04 بۆ سەیرکردنی پەخش و تێلێتێکست لە هەمان کاتدا، دوگمەی ••• ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **تێلێتێکست** دەسنیشان بکە.

دوگمەی ڕەنگ

بۆ دەسنیشانکردنی لاپەڕەی پێشووتر یان دواتر.

دوگمەی ژمارە

ژمارەی لاپەڕەی مەبەست داخل بکە بۆ ئەوەی بچیتە سەر ئەو لاپەڕە.

دوگمەی ⊞ **(کەناڵەکان) ∧/∨**

بۆ دەسنیشانکردنی لاپەڕەی پێشووتر یان دواتر.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# کرداری تایبەتی تێلێتێکست

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.

- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی ••• ی نیە، دوگمەی ژمارە بۆ ماوەیەک دابگرە.

02 لە سەر شاشەکە **بەربژاری تێلێتێکست** دەسنیشان بکە.

03 مێنووی **تێلێتێکست** هەڵبژێرە.

**ژێدەر**

دەسنیشانکردنی هەموو لاپەڕەیەکی ئیندێکس

**کات**

لەکاتی سەیرکردنی پەخشێک، پێرستی هاوتا دەسنیشان بکە بۆ بینینی کات لە گۆشەی سەرووی لای ڕاستی شاشەکە. لەم دۆخەی تێلیتێکستدا، ئەم دوگمەیە دابگرە بۆ دەسنیشان کردنی ژمارەی لاپەڕەیەکی لاوەکی. ژمارەی لاپەڕەی لاوەکی لە خوارەوەی شاشەکە نیشان دەدرێت. بۆ ڕاگرتن یان گۆڕینی لاپەڕە لاوەکیەکە، ◀/▶ , /  یان دوگمەی ژمارەکان دابگرە.

### بەستن

گۆڕینی خودکاری لاپەڕە دەوەستێنێت کەوا ئەو کاتە ڕوو دەدات ئەگەر لاپەڕەیەکی تێلیتێکست 2 لاپەڕەی لاوەکی یان زیاتری هەبێت. ژمارەی لاپەڕە لاوەکیەکان و ئەو لاپەڕە لاوکیە کە نیشان دەدرێت، ئاسایانە، لە شاشەی ژێر کات دا نیشان دەدرێت. کاتێک ئەم مێنووە هەڵدەبژێریت، هێمای ستۆپ لە گۆشەی چەپی لای سەرەوەی شاشەکە نیشان دەدرێت و حاڵەتی گۆڕینی ئۆتۆماتیکی لاپەڕە لە کار دەکەوێت.

### ئاشکراکردن

ئەم پێرستە دەسنیشان بکە بۆ نیشاندانی زانیاری شاردراوە، وەک شیکاری مەتەڵەکان و پرسیارەکان.

### نوێکردنەوە

وێنەی تەلەفزیۆنەکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدات هەتا کاتێک کە لاپەڕەیەکی نوێی تەلەتێکست دێتە ڕوو. پیشاندەرەکە لە گۆشەی چەپی لای سەرەوەی شاشەکە دەردەکەوێت. پاشان، کاتێک کە لاپەڕەی ئاپدەیتکراو لە بەردەستە، شاشەکە دەگۆڕدرێت و ژمارەی لاپەڕەکە نیشان دەدات. بۆ بینینی لاپەڕەی تێلەتێکستی ئاپدەیتکراو، دووبارە ئەم مێنووە هەڵبژێرە.

### زمان

زمانی تێلەتێکست دیاری دەکات.

- تەنها لە شێوازی دیجیتاڵ دا

## بۆ ڕێککردنی زمانی تێلەتێکست

کاتێ کە دوو یان چەند زمانی تێلەتێکست پەخش دەکرێت، ئامرازی زمانی تێلەتێکست بە کار بهێنە.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)** ← **زمانی سەرەکی تەلەتێکست/زمانی لاوەکی تەلەتێکست**.

- تەنها لە شێوازی دیجیتاڵ دا
- ئەگەر داتای تێلیتێکست لە زمانێکی دەسنیشانکراو پەخش نەکرێت، زمانی بنەڕەتی نیشان دەدرێت.
- ئەگەر وڵاتی ناوخۆیی هەڵە دەسنیشان بکەیت، ڕەنگە تێلیتێکست بە دروستی لە سەر شاشە دەرنەکەوێت و ڕەنگە هەندێک کێشە لەماوەی کرداری تێلیتێکست ڕوو بدات.

# HbbTV

## زیاتر بزانە دەربارەی HbbTV

HbbTV (تەلەفزیۆنی بڕۆدباندنی پەخشی دوو-شێوازی) ستاندەرێکی نوێی پەخشکردنە کەوا خزمەتگوزاری تێلیتێکستی جۆری سوپەر چالاک دەکات. ڕێگە بە پڕۆگرامە گوێزراوەکان دەدات بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ ئامێرە هۆشمەندە بەکارهاتووەکان یان گرێدان بە خزمەتگوزاریە ئۆنلاینە گوێزراوەکان لە ڕێگەی بڕۆدباند. بۆیە، بەکاربەران دەتوانن چێژ لە تایبەتمەندی وەک پەخشکردنەوەی تەلەفزیۆن (دەستگەیشتن بە تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ لە سەر داواکاری) وەربگرن و دەتوانن دەستیان بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری ئۆنلاینی گرێدراو بە ئەپلیکەیشنەکە بگات، سەرەڕای خزمەتگوزاری زانیاری دەوڵەمەندی تێلیتێکستی دیجیتاڵی ئێستا. دەکرێت بە چەندین شێواز خزمەتگوزاریەکانی HbbTV چالاک بکرێن، باوترین شێوازی داگرتنی دوگمەی 🔴 ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەیە. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم خزمەتگوزاریە دەکرێت بەبێ دوگمەکانی گەڕانی ئێستا بخرێتە کار. (بەڵەخۆگرتنی دوگمەی 'باشە'، 🔴, 🟢, 🟡, 🔵) تازەترین تایبەتمەندیەکانی HbbTV پشتیوانی لە "پەخشکردنی گونجێنەر" دەکات لە سەر ڤیدیۆکان لە ڕێگەی گرێدانی بڕۆدباند، ڕێگە بە بینەران دەدات چێژ لە بەرزترین کوالێتی ڤیدیۆ وەربگرن. بۆ زانیاری تێروتەسەڵی زیاتر دەربارەی HbbTV، سەردانی www.hbbtv.org بکە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## بۆ بەکارهێنانی HbbTV

⚙ ← ⚙ ← گشتی ← کەناڵەکان ← HbbTV

HbbTV بۆ هەڵکردن دیاری دەکات.
چێژ لە کۆمەڵێک ناوەڕۆکی خزمەتگوزاری چالاککراوی HbbTV وەربگرە.

- بەبێ بوونی گرێدانی ئینتەرنێت، ڕەنگە خزمەتگوزاریەکە سنووردار بێت.
- کارکردن و کوالێتی خزمەتگوزاری HbbTV ڕەنگە بەگوێرەی کوالێتی گرێدانی بڕۆدباندەکەت بگۆڕێت.
- خزمەتگوزاریەکانی HbbTV گەڕەنتی ناکرێن بۆ ئەوەی بۆ گشت پڕۆگرامەکان بەردەست بن - تەنها ئەوانەی پەخشکەرەکەت هەڵیاندەبژێرێت بۆ پشتیوانیکردن.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- کاتێک Live Playback کار دەکات، ئەوە HbbTV ناچالاک دەکرێت.
- لە کاتی بەکارهێنانی خزمەتگوزاری HbbTV، دوگمەکانی ڕووپێوکردن و دوگمەی چەرخ (OK) ڕەنگە ناچالاک بکرێن ئەگەر نیشاندەری مەجیک ڕیموت لە سەر شاشە چالاک بکرێت. لەم حاڵەتەدا، دوگمەکانی چەپ، ڕاست، سەرەوە و خوارەوە بەکاربێنە بۆ ناچالاککردنی نیشاندەرەکە. (ئەمە تەنها لە سەر ئەو مۆدێلانە جێبەجێ دەبێت کە پشتیوانی مەجیک ڕیموت دەکەن.)

# ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک

# دامەزراندنی ئەپەکان

## دامەزراندنی ئەپەکان

دەتوانیت کۆمەڵێک جۆری ئەپلیکەیشنەکانی وەک یاریەکان، پەروەردە، و هەواڵەکان دابمەزرێنیت و بە ئاسودەیی لە سەر بەرهەمەکەت بەکاریان بێنیت.

01 دوگمەی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.


02 بەکارخستنی **Apps**.

03 جۆرێک دەستنیشان بکە یان دوگمەی دابگرە بۆ گەڕان بەدوای ئەپلیکەیشنێک.

04 ئەپلیکەیشنێک دەستنیشان بکە بۆ دامەزراندن.

05 زانیاریەکانی ئەپلیکەیشنەکە بخوێنەوە و **دامەزراندن** دابگرە.

06 کاتێک دامەزراندنەکە تەواو دەبێت، دەتوانیت دەستبەجێ ئەپلیکەیشنەکە بخەیتە کار.




1 گەڕانەکان بۆ ناوەڕۆک.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ئەپلیکەیشنەکان و ناوەڕۆک** ← **گەڕانی ناوەڕۆک** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

2 دەتوانیت بچیتە ناو ئەژمێری LG ی خۆت.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **دەستپێکردن لەگەڵ webOS** ← **بەڕێوەبردنی ئەژمێری LGی خۆت** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

3 دەتوانیت کۆنترۆڵی ئەپلیکەیشنەکان بکەیت، وەک نوێکردنەوە یان سڕینەوەی ئەپلیکەیشنە دامەزرێنراوەکان.

4 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- بۆ کۆژاندنەوەی کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند، دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** دەستنیشان بکە.
  ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.
- بۆ دامەزراندنی ئەپلیکەیشنەکان، پێویستە بچیتە ناوەوە.
- ڕەنگە جۆرە بەردەستەکان بەگوێرەی وڵات یان دۆخی خزمەتگوزاری بگۆڕێن.

- ئەگەر هەمارگەی سەر ئامێرەکەت بەپێی پێویست نەبێت، دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکان لە ڕێگەی گرێدانی ئامێری هەمارگەی دەرەکی دابمەزرێنیت.
- هەندێک ئامێری هەمارگەی USB ڕەنگە پشتیوانی نەکرێن یان بە دروستی کار نەکەن.
- فلاشی USB کە ئەپلیکەیشنی ئامێری تری تێدایە ڕەنگە بەکارنەیەت.
- پێویستە هۆشیار بیت منداڵان دەستیان بە ناوەڕۆکی نەگونجاو نەگات چونکە ئەم ئامێرە دەتوانێت پەیوەست ببێت بە ئینتەرنێت. دەتوانیت ناوەڕۆکی ئۆنلاینی نەشیاو بلۆک بکەیت لە ڕێگەی سنووردارکردنی دەسگەیشتن بۆ هەندێک ئەپلیکەیشن. لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی** ← **قوفڵکردنی کاربەرنامەکان** دا ڕێککردنەکان دیاری بکە.

# بۆ بەکارهێنانی گەڕیدەی جادوویی

## بۆ بەکارهێنانی گەڕیدەی جادوویی

دەتوانیت بە سانایی گەڕانێک ئەنجام بدەیت لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنە جیاوازەکان لە سەر بنەمای زانیاری دەق یان ڤیدیۆی سەر شاشە.

01 دەکرێت گەڕیدەی جادوویی بەکار بێت ئەگەر ڕەنگی نیشاندەری مەجیک ڕیموت بگۆڕێت (بۆ نموونە، بۆ ●).


02 دوگمەی **چەرخ (OK)**ی سەر وێنەکە بۆ ماوەیەک دابگرە ئەگەر سەیری پەخشێک دەکەیت، یان لە سەر دەقەکە ئەگەر خزمەتگوزاری **وەرزش** یان ئەپلیکەیشنەکانی **ڕێنوێنی** یان **ڕێکبەندەکان** بەکاردێنیت.


03 لە سەر شاشەی پەخشەکە، وشە سەرەکیە پەیوەندیدارەکان بە پرۆگرامەکە دەردەکەون.
لە سەر دەقی ئەپلیکەیشنەکە، ئایکۆنێک دەردەکەوێت کە ڕێگەت پێدەدات بۆ ئایتمێک بچیت، وەک گەڕاڵی وێب یان گەڕان.

04 ئایتمێک هەڵبژێرە بۆ بەکارهێنان.

- دەتوانیت ئایتمێک بجووڵێنیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەکانی ▲/▼/◀/▶ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.

05 دەتوانیت لە گەڕیدەی جادوویی دەربچیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⮌ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.




- هەروەها دەتوانیت ئەم تایبەتمەندیە بەکاربێنیت لە ڕێگەی داگرتن و ڕاگرتنی دوگمەی **OK**ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵی ستاندەر.
- تایبەتمەندیە بەردەستەکان بەگوێرەی هەرێم یان خزمەتگوزاری دەگۆڕێن.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# گەڕانی ناوەڕۆک


## گەڕانی ناوەڕۆک

گەڕان بۆ ناوەڕۆک بەگوێرەی ناونیشان، ئەکتەر و چەشن.

01 دوگمەی ماڵی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.

02 دەکاتەوە.

03 گەڕان بۆ کۆمەڵێک ناوەڕۆک و زانیاری بکە بە بەکارهێنانی چەمکی ویستراوی گەڕان.




1 چەمکێکی گەڕان بنووسە.

2 گەڕانەکانی ئەم دواییانە نیشان دەدات.

3 دەتوانیت دانەیەک لە وشە سەرەکیە پێشنیارکراوەکان دەستنیشان بکەیت و بەردەوام بیت لە گەڕانەکە.

4 دەتوانیت بەگوێرەی چەشن ناوەڕۆکەکە بکەیتەوە.

- پێویستە گرێدان بە تۆڕ بکەیت بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی گەڕان.
- ڕەنگە ئەنجامەکانی گەڕان جیاواز بن بەگوێرەی پڕۆگرام، ناوچە، ڕێکبەندەکانی تۆڕ، و ئەوەی ئایا بە مەرج و ڕێساکان ڕازی بوویت یان نا.
ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

# بەکارهێنانی نووسینگەی سەرەکی

## بەکارهێنانی نووسینگەی سەرەکی

دوگمەی ماڵی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **نووسینگەی سەرەکی** بخە کار.

کۆمپیوتەرەکە دەکرێت لە ڕێگەی ئامێرەکە لە دوورەوە بخرێتە کار.

01 تەزووی کۆمپیوتەرەکە هەڵ بکە کە دەتەوێت گرێدانی پێوە بکەیت.

02 دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و لە سەر شاشە **نووسینگەی سەرەکی** بخە کار.

03 **زیادکردنی کۆمپیوتەری دوورەدەست** هەڵبژێرە. دەکرێت کۆمپیوتەرێکی نوێ گرێ بدرێت.

- ئەو کۆمپیوتەرەی گرێ دەدرێت پێویستە هەڵکرا بێت، و 'چالاککردنی دێسکتۆپی دوورەدەست' پێویستە لە ڕێکبەندەکانی کۆمپیوتەر هەڵکرا بێت.
- چوار ئامێر دەکرێت بە **زیادکردنی کۆمپیوتەری دوورەدەست** گرێ بدرێن. بۆ زیادکردنی کۆمپیوتەرێکی تر، کۆمپیوتەری تۆمارکراوی پێشووتر بسڕەوە.
- دەتوانیت تەنها سیستەمی کارپێکردنی Windows 10 Professional یان دواتر یان Mac گرێ بدەیت.
ناوی بەکارهێنەر و نهێنوشەی Windows پێویستن بۆ دیاری کردن. چوونە ناوەوە لە ڕێگەی نووسینی PIN پشتیوانیکراو نیە.
- پێش گرێدان، Mac ـەکەت هەڵ بکە و دڵنیا بە هاوبەشکردنی شاشە هەڵکراوە لە ڕێکبەندەکانی Mac ← هاوبەشکردن.




1 دەتوانیت خزمەتگوزاری کۆمپیوتەری کلاودی دەسنیشانکراو بەکاربێنیت.

2 دەتوانیت لە ڕێگەی گۆڕینی بۆ کۆمپیوتەرێکی گرێدراو بیگۆڕیت.
: دەتوانیت زانیاری گرێدان بژار بکەیت.
: دەتوانیت کۆمپیوتەری گرێدراو بسڕیتەوە.

3 دەکرێت کۆمپیوتەرێکی نوێ گرێ بدرێت.

4 دەتوانیت خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی پێشکەشکراو لە ڕێگەی کۆمپیوتەری سەر ئامێرەکە بەکاربێنیت.
دەسنیشانکردنی ڕێگەت پێدەدات لیستەکە بژار بکەیت.

- تایبەتمەندیە بەردەستەکان ڕەنگە بەگوێرەی وڵات بگۆڕێن.

5 بەکارخستنی **ئەژمێری LG**.
بۆ هەر ئەژمێرێکی بەکارهاتوو، دەتوانیت لیستێکی کۆمپیوتەری دوورەدەست و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت شێوەبەند بکەیت بۆ گرێدان.

6 دەتوانیت تەختەکلیل یان ماوسێکی Bluetooth گرێ بدەیت و ئەوە دیاری بکەیت ئایا ئامێری گرێدراو بەکاربێنیت یان نەخێر.

- بۆ گرێدانی تەختەکلیل یان ماوسێکی Bluetooth، سەیری **ڕێکبەندەکان** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی کۆنترۆڵەری**

**Bluetooth** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە.

❼ ئەپلیکەیشنەکە داەخات.

- گرێدانی تەختەکلیلێک و ماوسێک بە ئامێرەکە بەکارخستنی سانا دەستەبەر دەکات.
  ئەگەر ڕیزبەستی تەختەکلیلی گرێدراو بە کۆمپیوتەرەکە و تەختەکلیلی گرێدراو بە ئامێرەکە جیاواز بن، ڕەنگە چەند دوگمەیەک کار نەکەن.
- ئامێرەکە و کۆمپیوتەرەکە تەنها دوای گرێدانی تۆڕ و دیاریکردنی ڕێکبەندەکان دەکرێت گرێ بدرێن.
- ئەگەر ئامێرەکە و کۆمپیوتەرەکە بە هەمان تۆڕەوە گرێ نەدرا بن، زانیاری IPای گشتی پێویستە، و ڕێکبەندەکانی بەرەوپێش بردنی پۆرتی ڕاوتەرەکەش ڕەنگە پێویست بێت.
- ئەگەر گرێدانەکە لە ڕێگەی سیاسەتی ئاسایشی کۆمپیوتەر سنووردار بکرێت، پەیوەندی بە بەڕێوەبەری ئاسایشی تۆڕ بکە.
- هەندێک تایبەتمەندی یان پڕۆگرامی کۆمپیوتەر ناکرێت بەکاربێن.
- کاتێک کرداری پاشەکەوت کردنی ووزەی کۆمپیوتەر چالاککراوە، گرێدانەکە دەپچڕێت و ناکرێت دووبارە گرێ بدرێتەوە. پێش بەکارهێنان ئێمە پێشنیاری نا چالاک کردنی کرداری پاشەکەوت کردنی وزەی کۆمپیوتەر دەکەین.


# چێژ بینین لە یاریەکان

## چێژ بینین لە **یاریەکان**

دەتوانیت ئەپلیکەیشنێکی پەیوەست بە یاری، ئامێری گرێدراوی یاری یان کۆمپیوتەرێک دەستنیشان بکەیت.

دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ بەکارخستنی **یاریەکان**.

- دەستبەجێ دەستپێدەکات، تەنانەت کاتێک گەیمپادێک گرێ دەدەیت.
  واباشە کە گەیمپادێک بەکاربێنیت کە بۆ گونجاویی لەگەڵ ئەم ئامێرە تاقیکراوەتەوە.
  بۆ گەیمپادی هاوڕێکی Bluetooth، سەیری **ڕێکبەندەکان** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی کۆنترۆڵەری Bluetooth** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
  بۆ گەیمپادی هاوڕێکی USB ـی سەیری **چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە** ← **بەکارهێنانی تەختەکلیل، ماوس و گەیمپاد** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.



❶ خزمەتگوزاری ویستراوی یاریکردنی کلاود دەسنیشان بکە. یاریە پێشنیارکراوەکان لە ڕێگەی خزمەتگوزاری دەسنیشانکراو نیشان دەدات.
**پەخشکراو بەم دواییانە** دەسنیشان بکە بۆ نیشاندانی یاری ئەنجامدراوی پێشووتر.

❷ دەتوانیت ئامێری گرێدراوی یاری یان کۆمپیوتەرێک دەسنیشان بکەیت. ئەو ئامێرانەی گرێ نەدراون ئەوە نیشان نادرێن.

❸ دەتوانیت ئەپلیکەیشنێکی پەیوەست بە یاریەکە بخەیتە کار.

❹ دەچێتە ناو دۆخی **بڕاگرتنی لیستی ئەپلیکەیشن**.

❺ بەکارخستنی **ئەژمێری LG**.

❻ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئایا ئامێرێکی ئینپوتی Bluetooth گرێدراوە یان نا. بۆ **گرێدانی کۆنترۆڵەری Bluetooth** ڕاستە دەکات کاتێک دەسنیشان دەکرێت.

❼ ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- ڕەنگە ئەم کردارە لە هەندێک وڵات یان لە هەندێک مۆدێڵ بەردەست نەبێت.
- ئامێری یاری و کۆمپیوتەری گرێدراو بە HDMI خودکارانە بۆ **یاریەکان** زیاد دەکرێن.


# بەکارهێنانی خزمەتگوزاری فێربوون

## بەکارهێنانی خزمەتگوزاری فێربوون

دەتوانیت خزمەتگوزاریە تایبەتمەندەکان یان ناوەڕۆکی پەیوەندیدار بە خوێندن هەڵبژێریت.

01 دوگمەی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.

02 کارتێکی **فێربوون** دەسنیشان بکە.




❶ خزمەتگوزاری ویستراو دەسنیشان بکە. ناوەڕۆکی پێشکەشکراو لە لایەن خزمەتگوزاریەکە لە خوارەوە نیشاندراوە.

❷ ئایتمە دەسنیشانکراوەکانی پێشووتر لیستکراون. ئەگەر ژمارەی ئایتمەکان لە 16 زیاتر بێت، خودکارانە ئەوانەی کۆنترن لە ڕیزبەندیەکە دەسڕدرێنەوە.

3 دەتوانیت ئەپلیکەیشنێکی پەیوەست بە خوێندن بخەیتە کار.

4 دەچێتە ناو دۆخی **بژارکردنی لیستی ئەپلیکەیشن**.

5 بەکارخستنی **ئەژمێری LG**.

6 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- پێویستە گرێدان بە تۆڕ بکەیت بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری **فێربوون**.
- ڕەنگە ئەم کردارە لە هەندێک وڵات یان لە هەندێک مۆدێڵ بەردەست نەبێت.
- تایبەتمەندیە بەردەستەکان بەگوێرەی هەرێم یان خزمەتگوزاری دەگۆڕێن.
- پێشنیارەکان یان ئەنجامی گەڕان ڕەنگە لەوانەی سەر کۆمپیوتەر یان ئامێری هۆشمەند جیاواز بن.


# چێژ بینین لە مووزیک

## چێژ بینین لە مووزیک

دەتوانیت مووزیکی خوازراوی خۆت لە یەک شوێن بدۆزیتەوە و پێشنیار بۆ گۆرانی باو یان تازەترینی گۆرانی وەربگریت.

01 دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.

02 کارتێکی **مووزیک** دەستنیشان بکە.




1 خزمەتگوزاری ویستراو دەستنیشان بکە. ناوەڕۆکی پێشکەشکراو لە لایەن خزمەتگوزاریەکە لە خوارەوە نیشاندراوە.

2 مووزیکی دەستنیشانکراوی پێشووتر بەشێوەی لیستێک نیشان دەدرێت. ئەگەر ژمارەی ئایتمەکان لە 16 زیاتر بێت، خودکارانە ئەوانەی کۆنترن لە ڕیزبەندیەکە دەسڕدرێنەوە.

3 دەتوانیت لە USB ـی گرێدراو یان ئامێری هۆشمەند گوێ لە مووزیک بگریت. دەستنیشانکردنی ئایتمی ویستراو بۆ ئەپلیکەیشنی هاوتات دەبات.

4 ئەپلیکەیشنی مووزیکی بەردەستی سەر ئامێرەکە نیشان دەدات. دەستنیشانکردنی ئایتمی ویستراو بۆ ئەپلیکەیشنی هاوتات دەبات.

5 دەتوانیت لیستی ئەپلیکەیشنەکە بژار بکەیت.

6 بەکارخستنی **ئەژمێری LG**.

7 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە لە هەندێک وڵاتدا بەردەست نەبێت.
- پێویستە گرێدان بە تۆڕ بکەیت بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی **مووزیک**.
- تایبەتمەندیە بەردەستەکان بەگوێرەی هەرێم یان خزمەتگوزاری دەگۆڕێن.
- پێشنیارەکان یان ئەنجامی گەڕان ڕەنگە لەوانەی سەر کۆمپیوتەر یان ئامێری هۆشمەند جیاواز بن.

# بەکارهێنانی خزمەتگوزاری وەرزش

## بەکارهێنانی خزمەتگوزاری **وەرزش**

01 دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.

02 کارتێکی **وەرزش** دەسنیشان بکە.

03 دەتوانیت لیستی تیمەکانت بەگوێرەی خول و زانیاری تێروتەسەڵ سەیر بکەیت.
دەسنیشانکردنی خولی وەرزشی ویستراو ڕێگەت پێدەدات سەیری زانیاری بکەیت دەربارەی ئەو خولە.

04 **تیمی من** دابگرە بۆ تۆمارکردنی تیم یان یاریزانی خوازراوت.
تۆمارکردنی تیمێک یان یاریزانێک ڕێگەت پێدەدات سەیری تازەکردنەوەی یاری ڕاستەوخۆ و خشتەکانی یاری داهاتوو بکەیت لە **تیمی من**.

- پێویستە بچیتە ناو ئەژمێری LGیت بۆ تۆمارکردنی تیم یان یاریزانی خوازراوت.
- ڕەنگە خشتە یان دۆخی یاری جیاواز بێت لە دانە ڕاستەقینەکان بەگوێرەی بارودۆخی دابینکەری داتا.
- ڕەنگە ئاگادارکردنەوەی کاتی ڕاستەقینە بەردەست نەبێت لە کاتی بەکارهێنانی چەند ئەپلیکەیشنێک.
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها لە کاتی گرێدانی تۆڕ بەردەستە.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## گۆڕینی ڕێکبەندەکانی ئاگانامەکان بۆ تیم یان یاریزانە دیاریکراوەکان

دەتوانیت ئاگانامە دەربارەی یاریەکانی تیم یان یاریزانەکان وەربگریت کەوا لە **تیمی من** تۆمارت کردووە تەنانەت کاتێک سەیری یاریەکیش دەکەیت.

01 لە **تیمی من**، تیم یان یاریزانەکە هەڵبژێرە کەوا دەتەوێت بیگۆڕیت.

02 لە لایەڕەی تێروتەسەڵ، **دانانی ئاگادارکەرەوە** دەسنیشان بکە.

### ئاگادارکردنەوەی دەستپێکردنی یاری

ئاگاداری دەربارەی دەستپێکی یاریەکانی تیم یان یاریزانی تومارکراو پێشکەش دەکات.

### ئالارمی خاڵی کاتی-ڕاستەقینە

ئاگاداری دەربارەی گۆڕانکاریەکانی یاریەکان پێشکەش دەکات کە تیایدا تیم یان یاریزانە تومارکراوەکان بەشداری دەکەن.

- ڕەنگە دووبارە بوونەوەی ئاگانامەکان بەگوێرەی وەرزشەکە بگۆڕێت.

### ئالارمی ئەنجامی یاری

ئاگاداری دەربارەی ئەنجامی یاریەکانی تیم یان یاریزانی تومارکراو پێشکەش دەکات.


- بۆ کوژاندنەوەی ئاگانامەکان بۆ گشت **وەرزش**، دوگمەی ••• ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لە ماڵپەڕی **وەرزش** دابگرە، و **ئەرکی ئاگادارکەرەوە** بۆ **کوژاندنەوە** دیاری بکە.

# گرێدانی ئامێرە دەرەکیەکان

## بەکارهێنانی هەبی ماڵەوە

### بەکارهێنانی هەبی ماڵەوە

دەتوانیت ئامێری گرێدراو دەستیشان بکەیت یان کۆنترۆڵ بکەیت (مۆبایل، ئامێرە دەرەکیەکان، ئامێرەکانی IoT ی ماڵەوە، هتد).
**هەبی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
هەروەها دەتوانیت بۆ ماوەیەک دوگمەی ی سەر مەجیک ڕیموت دابگریت.




1 دەتوانیت پەخش یان ئامێرە دەرەکیە گرێدراوەکان بە پۆرتی ئینپوتی دەرەکی دەسنیشان بکەیت.

2 Apple Home/AirPlay بەکاربێنە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکەت و سەیرکردنی ناوەرۆک لە iPad یان Mac لە سەر شاشەکە.

- ناوەرۆک و خزمەتگوزاریە بەردەستەکان لە ڕێگەی گرێدانی Apple Home و AirPlay دەکرێت بەبێ ئاگادارکردنەوە بگۆڕدرێن.

3 دەتوانیت ناوەرۆکی وەک فیلم، پرۆگرامی پەخشکردن، وێنە و وێبسایت لە سەر هەموو ئامێرێک وەربگریت و سەیر بکەیت کەوا پشتیوانی لە گواستنەوەی Chromecast دەکات، وەک تەلەفۆنی هۆشمەند یان کۆمپیوتەری تابلێت.

- ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە لە هەندێک وڵاتدا بەردەست نەبێت.
- گشت ئەو ئامێرانەی دەتەوێت بە Chromecast گرێیان بدەیت پێویستە بە هەمان تۆڕەوە گرێدرا بن.

4 دەتوانیت شاشەی ئامێرە هۆشمەندەکەت هاوبەش بکەیت یان چێژ لە ناوەرۆکەکەی وەربگریت لە ڕێگەی گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکە.

5 سپیکەری دەرچووی دەسنیشانکراوی ئێستا نیشان دەدرێت، و دەتوانیت بۆ شاشەی ڕێکبەندەکانی سپیکەری دەرچوو بچیت.

6 دەتوانیت ئامێرەکانی Bluetooth ـی گرێدراو، ئامێری هەمارگەی USB، ئامێرەکانی سێرڤەری تۆڕ، و کامیرا دەسنیشان بکەیت.

7 خشتەبەندەکان بەگوێرەی خزمەتگوزاری ئامێرە گرێدراوەکانی IoT پۆلێنکراون. بە دەسنیشانکردنی هەر خشتەبەندێک، دەتوانیت سەیری زانیاری دۆخی ئامێرە گرێدراوەکانی IoT بکەیت و کرداری پەیوەندیدار ئەنجام بدەیت.

8 دەتوانیت سەیری ڕێنوێنی گرێدانی هەر جۆرێکی **ئامێرەکانی IoT ـی ماڵەوە** بکەیت. دەتوانیت گرێدان بکەیت و ئامێرە تۆمارکراوەکان ببینیت بە ئەژمێری LG ThinQ یان ئامێرەکانی IoTای خۆت.

- ئەگەر لە شوێنێکدایت کە تیایدا ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر ئامێرەکەدا نیە، گرێدانی ئامێری LG ThinQ پشتیوانی ناکرێت.
- بۆ تۆمارکردنی ئامێری IoTای خۆت، **گرێدانی ئامێرەکانی IoT** دەسنیشان بکە و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە بۆ

جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکان.

- ئەگەر بە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵی ئامێری دەرەکی دەکەیت، ڕەنگە نەتوانیت لەم ئامێرەوە کۆنترۆڵی ئامێرەکە بکەیت. ئەپلیکەیشنی مۆبایلەکە کۆتایی پێ بێنە بۆ کۆنترۆڵکردنی لەم ئامێرەوە.
- ئامێرەکانی IoT کە دەکرێت بەم ئامێرەوە گرێ بدرێن دەکرێت بێ ئاگادارکردنەوە بگۆڕدرێن.
- ئامێری LG ThinQ ـی گرێدراو و کرداری پشتیوانیکراوەکان ڕەنگە لەوانەی ئامێرەکانی مۆبایل جیاواز بن.

9 دەتوانیت فێری چۆنیەتی سێتەپکردنی **هەبی LG** بیت بۆ کۆنترۆڵی ئامێری Matter.
دانانی ئەم ئامێرە وەک **هەبی LG** ڕێگەت پێدەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکانی Matter بە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ، تەنانەت کاتێک لە دەرەوەش بیت.

- Matter ستاندەرێکی پەیوەندی جیهانیە کەوا ڕێگە بە ئامێری هۆشمەندی ماڵەوەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری جیاواز دەدات لە یەک ئەپلیکەیشندا بەیەکەوە کار بکەن.

10 بەکارخستنی **ئەژمێری LG**.

11 **بژارکردنی ئینپوتەکان** : دەتوانیت ناوی ئامێری گرێدراو بژار بکەیت یان ڕێکبەندە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ بکەیت.
**ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی**.
**لیستی بژارکردن** : دەتوانیت ئامێرەکانی IoT ـی ماڵەوەی گرێدراو بشاریتەوە یان نیشان بدەیت و لیستەکەش دووبارە ڕێک بخەیتەوە.
**سڕینەوەی ئامێرەکان** : دەتوانیت ئامێری گرێدراو بسڕیتەوە. دەتوانیت تەنها چەند ئامێرێک لەم ئامێرە بسڕیتەوە.
**ئاگانامە** : دەتوانیت لە سەر ئامێری گرێدراو ئاگانامەکان هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە.
**نیشاندانی ئامێرە گرێدراوەکانی IoT** : ئەو ئامێرانە لە سەر شاشە نیشان دەدات کە بۆ گرێدان بەردەستن.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
**دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.

12 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت دیاری بکرێن بەگوێرەی مۆدێڵ یان هەرێم دەگۆڕێن.

## گرێدانی ئامێرەکانی IoT ـی ماڵەوە

دەتوانیت دۆخی ئامێرەکانی IoT ـی ماڵەوە ی ماڵەوەی گرێدراو بپشکنیت و کۆنترۆڵ بکەیت.

01 ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر تەلەفۆنی هۆشمەندت دابمەزرێنە.

02 بچۆ ناو ئەژمێری LG ThinQ، ئامێری LG ThinQی خۆت تۆمار بکە.

03 **هەبی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.

04 ـی لای ڕاستی سەرەوە دەسنیشان بکە.

05 بچۆ ناو ئەژمێری LG ThinQت. لیستێک لە ئامێرە تۆمارکراوەکانی LG ThinQ دەردەکەون.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت دیاری بکرێن بەگوێرەی مۆدێڵ یان هەرێم دەگۆڕێن.
- ئەگەر لە شوێنێکدایت کە تیایدا ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر ئامێرەکەدا نیە، گرێدانی ئامێری LG ThinQ پشتیوانی ناکرێت.
- بۆ تۆمارکردنی ئامێری IoTی خۆت، **گرێدانی ئامێرەکانی IoT** دەسنیشان بکە و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکان.
- ئەگەر بە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵی ئامێری دەرەکی دەکەیت، ڕەنگە نەتوانیت لەم ئامێرەوە کۆنترۆڵی ئامێرەکە بکەیت.

ئەپلیکەیشنی مۆبایلەکە کۆتایی پێ بێنە بۆ کۆنترۆڵکردنی لەم ئامێرەوە.

- ئامێرەکانی IoT کە دەکرێت بەم ئامێرەوە گرێ بدرێن دەکرێت بێ ئاگادارکردنەوە بگۆڕدرێن.
- ئامێری LG ThinQ ـی گرێدراو و کرداری پشتیوانیکراوەکان ڕەنگە لەوانەی ئامێرەکانی مۆبایل جیاواز بن.

# گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی LG ThinQ

## گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی LG ThinQ

دەتوانیت کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەکاربێنیت لە ڕێگەی گرێدانی ئەم ئامێرە بە ئامێرێکی هۆشمەند.

### گرێدانی ئامێری هۆشمەندت بە بەرهەمێک بە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ

01 لە فرۆشگەی ئەپی سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت ئەپی LG ThinQ دابگرە.

02 ئامێرەکە و ئامێری هۆشمەند بە هەمان تۆڕ گرێ بدە.

03 ئەپی LG ThinQ کە خراوەتە سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت بکەوە.

04 لە ئەپلیکەیشنی LG ThinQ پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە بۆ گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکەت.

- کاتێک زانیاری ئەژمێری LG ThinQت لینکی ئامێرەکە کراوە، دەتوانیت ئامێرەکانی IoT ـی خۆت بەڕێوە ببەیت کە لینکی ئەژمێرەکەت کراون بە بەکارهێنانی **هەبی ماڵەوە**.
- فەرمانەکانی دەنگیش دەکرێت ئاڕاستە بکرێن لە ڕێگەی بڵندگۆی هۆشمەندی لینککراو بە ئەژمێرەکە لە ڕێکبەندەکانی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ.
- ڕەنگە خزمەتگوزاریەکە بەگوێرەی وڵات پێشکەش نەکرێت.

### کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکەت بە ئەپلیکەیشنی LG ThinQ

دەتوانیت پەنجە لە دوگمەکانی سەر شاشەی ئامێرەکە بدەیت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ئامێرە.

- هەندێ لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵ ڕەنگە لە شێوازی ئینپووتی دەرەکی دا سنووردار بن.
- شاشە و کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە دەکرێت بەبێ ئاگاداری پێشوەختە بگۆڕدرێت.
- ئەو ئامرازانەی کە هەن ڕەنگە بەپێی وڵات و سیستەمی کارپێکردنی تۆ جیاواز بن.

### بەکارهێنانی کامیرای ئامێری هۆشمەندی گرێدراوی سەر ئامێرەکە

دەتوانیت کامیرای ئامێری هۆشمەندی گرێدراو بە LG ThinQـ ی سەر ئامێرەکە بەکاربێنیت.

- بۆ گرێدانێکی باوەڕپێکراو گشت کاتێک ئامێری گرێدراو بەم ئامێرە بە تازەترین وەشانی سیستەمی کارپێکردن نوێ بکەوە.
- بەگوێرەی مۆدێل یان کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئامێرە هۆشمەندەکە، ڕەنگە کامیرا گرێ نەدرێت.

- چاک وایە کە ئامێرەکە بدەیت لە ڕووتەرێکی 5 گیگاهێرتز چونکە ڕەنگە کەشی بێتەلی دەوروبەری تۆ کاریگەری دابنێت لەسەر کارایی پەیوەندیەکە.
- ڕێژەی وەڵامدانەوە ڕەنگە بەپێی ژینگەی بەکاربەر جیاواز بێت.
- ئەگەر گرێدانەکە بەردەوام شکست بێنێت، بەرهەمەکە و ئەو ئامێرە بکۆژێنەوە کە دەتەوێت گرێدانی پێوە بکەیت. ئینجا هەڵیان بکەوە و دووبارە هەوڵبدەوە.


# گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی نیشانکردنی NFC

## گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی نیشانکردنی NFC

پەیوەندی بواری نزیک (NFC) تەکنەلۆجیایەکە کە ڕێگەت پێدەدات بێ کێشە زانیاری بنێریت و وەربگریت بێ هیچ ڕێکبەندێکی جیا.
بە نزیک خستنەوەی ئامێرێکی هۆشمەند لە NFC ـی ناو ڕیموت کۆنترۆڵ، دەتوانیت ئەپلیکەیشنی LG ThinQ دابمەزرێنیت و ئامێرەکە گرێ بدەیت.

01 لە ڕێکبەندەکانی ئامێرە هۆشمەندەکە NFC هەڵ بکە.
بۆ بەکارهێنانی NFC لەگەڵ ئامێرەکانی Android، بەربژاری NFC دیاری بکە بۆ چالاک کردنی خوێندنەوە/نووسینی نیشانەکان لە ڕێکبەندەکانی ئامێرە هۆشمەندەکە.
ڕەنگە ڕێکبەندەکانی NFC بە گوێرەی ئامێرەکە بگۆڕێن.

02 شاشەی ئامێری هۆشمەند هەڵ بکە و بیخە نزیک Nی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
زۆرترین دووری بۆ نیشانکردنی NFC نزیکەی 1 سانتیمەترە.



03 پەیڕەوی ڕێنماییەکانی بکە بۆ دامەزراندنی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر ئامێرە هۆشمەندەکەت.

04 دووبارە ئامێرە هۆشمەندەکەت بە ڕیموت کۆنترۆڵەکە نیشان بکە. دەتوانیت چێژ لە ناوەرۆکەکانی ئامێری هۆشمەند وەربگریت یان لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ بە شاشەکەی گرێ بدەیت.

- هەندێک وڵات پشتیوانی لە دامەزراندنی ئەپلیکەیشنی LG ThinQ بە نیشانی NFCی ناکەن. لەم حاڵەتەدا، ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە App Store دابەزێنە.
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها بۆ ئامێرە هۆشمەندەکانی NFC-چالاککراو بەردەستە.

- بەگوێرەی ئامێرە هۆشمەندەکە، ڕەنگە شوێنی NFC بگۆڕێت. بۆ زانیاری زیاتر، سەیری نامیلکەی بەکارهێنەری ئامێرەکە بکە.
- تایبەتمەندیە گرێدراوەکان لە ڕێگەی NFC ڕەنگە بەگوێرەی ئامێرە هۆشمەندەکە بگۆڕێن.
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها ئەو کاتە بەردەستە ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لۆگۆی NFCی هەبێت.
- هەندێک ڕیموت کۆنترۆڵ N یان لە دواوەی کۆنترۆڵەکە هەیە.

# ئاوێنەکردنی شاشەی ئامێرێکی هۆشمەند

## ئاوێنەکردنی شاشەی ئامێرێکی هۆشمەند

01 دۆخی Screen Share لە سەر ئامێری هۆشمەند چالاک بکە.

02 ئامێرەکەت لە لیستی ئامێرە بەردەستەکان نیشان دەدرێت.

03 ئامێرەکەی خۆت دەستنیشان بکە و داوای گرێدان بکە.

04 لە پەنجەرەی داواکردنی پەیوەندی دا دوگمەی **پەسەندکردن** دەستنیشان بکە.

05 کاتێک گرێدانەکە تەواو دەبێت، شاشەی ئامێرە گرێدراوەکە دەردەکەوێت.

- کاتێک بۆ یەکەم جار **Screen Share** گرێ دەدەیت، پەنجەرەیەک دەردەکەوێت کە ڕێگەت پێدەدات **پەسەندکردن**، **ڕەتکردنەوە**، یان **وەستاندن** دەستنیشان بکەیت.

  - **پەسەندکردن** : دەتوانیت ئامێرەکە گرێ بدەیت. لە جاری دووەمدا هیچ پەنجەرەیەکی گرێدان دەرناکەوێت.
  - **ڕەتکردنەوە** : ئامێرەکە گرێ مەدە. ئەگەر دووبارە هەوڵی گرێدان بدەیتەوە، پەنجەرەکە دەردەکەوێتەوە.
  - **وەستاندن** : ئامێرەکە گرێ مەدە. تەنانەت ئەگەر دووبارە هەوڵی گرێدان بدەیتەوە، پەنجەرەکە دەرناکەوێتەوە و گرێدانەکە کار ناکات.

  بۆ کوژاندنەوەی **وەستاندن**، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکییەکان** و **سڕینەوەی میژووی گرێدان** دەستنیشان بکە.

- بۆ گرێدانێکی باوەڕپێکراو گشت کاتێک ئامێری گرێدراو بەم ئامێرە بە تازەترین وەشانی سیستەمی کارپێکردن نوێ بکەوە.
- بەگوێرەی مۆدێل یان کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئامێرە هۆشمەندەکە، تایبەتمەندی Screen Share ڕەنگە پشتیوانی نەکرێت.
- Mac، iPhone، iPad و هتد. دەکرێت لە ڕێگەی AirPlay گرێ بدرێن. بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **گرێدانی ئامێرە دەرەکییەکان** ← **بەکارهێنانی هەبی مانّەوە** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.
- چاک وایە کە ئامێرەکە بدەیت لە ڕووتەرێکی 5 گیگاهێرتز چونکە ڕەنگە کەشی بێتەلی دەوروبەری تۆ کاریگەری دابنێت لەسەر کارایی پەیوەندیەکە.
- ڕێژەی وەڵامدانەوە ڕەنگە بەپێی ژینگەی بەکاربەر جیاواز بێت.
- ئەمە لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر جیاوازە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت، ڕێنمای بەکارهێنەری ئەو ئامێرە بخوێنەوە.
- ئەگەر گرێدانەکە بەردەوام شکست بێنێت، بەرهەمەکە و ئەو ئامێرە بکوژێنەوە کە دەتەوێت گرێدانی پێوە بکەیت. ئینجا هەڵیان بکەوە و دووبارە هەوڵدەوە.

# پەخشکردنی دەنگ لە ئامێرێکی هۆشمەند لە ڕێگەی سپیکەرە ناوخۆییەکان

## پەخشکردنی دەنگ لە ئامێرێکی هۆشمەند لە ڕێگەی سپیکەرە ناوخۆییەکان

ئامێرێکی هۆشمەند لە ڕێگەی Bluetooth گرێ بدە بۆ پەخشکردنی دەنگ لە ئامێری هۆشمەند لە ڕێگەی سپیکەری ناوخۆیی.

01 Bluetooth ـی ئامێرە هۆشمەندەکە هەڵ بکە، ئینجا ئەم ئامێرە لە لیستی ئامێرەکان دەسنیشان بکە.


02 ئەم ئامێرە بە ئامێرە هۆشمەندەکە گرێ دەدرێت.

- ڕەنگە ئامێرەکە لە لیستی ئامێرە هۆشمەندەکان نەدۆزرێتەوە لەو کاتەی کرداری وەک گەڕان بۆ کەناڵی پەخش دەکەیت یان سپیکەری Bluetooth سێتەپ دەکەیت.
ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.
- ئەگەر لە ڕێگەی Bluetooth ئامێرێکی هۆشمەند بە ئامێرەکە گرێ بدەیت و لە ڕێگەی سپیکەری ناوخۆیی گوێ لە دەنگی ئامێرە هۆشمەندەکە بگریت، ڕەنگە ئامێرەکە بە هیچ ئامێرێکی تری هۆشمەند گرێ نەدرێت.

# گرێدانی کامیرایەک

## گرێدانی کامیرایەک

لە ڕێگەی گرێدانی کامیرایەک بە ئامێرەکە دەتوانیت بۆ کۆبوونەوەی ڤیدیۆیی و هتد بەکاری بێنیت.
دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ بەکارخستنی **کامیرا**.




❶ دەسنیشانکردنی جۆری کامیرا بۆ بەکارهێنان. شاشەی ڕێکبەندەکانی کامیرای خوارەوە گۆڕاوە.

- دەتوانیت کامیرای USB بە پۆرتی ئینپوتی USB گرێ بدەیت و دەستبەجێ لە ڕێگەی دەستیشانکردنی **کردنەوەی کامیرا** بەکاریان بێنیت.
- دەتوانیت کامیرای ئامێری هۆشمەندی گرێدراو بە LG ThinQ-ی سەر ئامێرەکە بەکاربێنیت.
تکایە سەیری **گرێدانی ئامێرە دەرەکییەکان** ← **گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکان لە ڕێگەی LG ThinQ** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کردارەکە.

❷ ئەپلیکەیشنەکە دەستیشان بکە بۆ بەکارهێنان وەک کامیرا.

- ڕەنگە بەردەست بوونی ئەپلیکەیشن و خزمەتگوزاریەکان بەگوێرەی وڵات بگۆڕێت.

❸ دەتوانیت پشکنین بۆ کامیرا گرێدراوەکە بکەیت. ئەگەر چەند کامیرایەکی USB-یت گرێداوە، دەتوانیت ئەو دانەیە دەستیشان بکەیت کەوا دەتەوێت بەکاری بێنیت.

❹ لەسەر **هەڵکردن** دابینە. کامیراکە ڕێکدەخات بۆ ئەوەی خودکارانە کەسێک یان شتێک بخاتە ناوەڕاست کەوا وەک دەم و چاو لە سەر شاشەکە دەناسرێتەوە.

- تا شەش کەس دەناسێتەوە.
- ڕەنگە وەک دەم و چاو بناسرێتەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێکیش نەبێت.
- ئەگەر دووری نێوان کامیرا و بابەتەکە زۆر دوور بێت، ڕەنگە ناسینەوەی دەم و چاو کار نەکات.

❺ دەتوانیت شوێنی کامیراکە دیاری بکەیت و شاشەکە بچووک یان گەورە بکەیت.

❻ **ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
**دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.

❼ ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.
- بۆ وەسفێکی تێروتەسەڵی کردارەکانی کامیرا، سەیری ناميلکەی ئامێرەکە بکە.
- پێویستە کامیراکە بە جیاواز بکرێدرێت.
وا باشە کە بەرهەمێک بەکاربێنیت کە بۆ گونجاویی لەگەڵ ئەم ئامێرە تاقیکراوەتەوە. ڕەنگە کامیرای گونجاو بەبێ ئاگاداری پێشوەختە بگۆڕێت.
Amcrest : AWC496, AWC195-B
Logitech : BRIO, C920, C920c, C920e, C920s, C920x, C922 Pro, C922x, C925e, C930c, C930e
LG Smart Cam
- بەگوێرەی دۆخی دامەزراندنی ئامێرەکە، ڕەنگە کامێراکە بە ئامێرەکە نەلکێنرێت.
- ڕەنگە ئامێری هەمارگەی USB بە دروستی کار نەکات کاتێک هەبێکی USB یان کێبڵی درێژکردنەوە بەکاردێت.

## کۆبوونەکردنی ڤیدیۆیی

دەتوانیت کۆبوونەوەیەکی ڤیدیۆیی ئەنجام بدەیت بە بەکارهێنانی وێبسایتێکی ئینتەرنێت یان ئەپلیکەیشنێک کە ڕێگە بە کۆبوونەوەی ڤیدیۆیی دەدات.

- ڕەنگە ئەم کردارە لە هەندێک وڵات یان لە هەندێک مۆدێڵ بەردەست نەبێت.
- گرێدانی ئینتەرنێت پێویستە بۆ بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندیە.
- بەگوێرەی ئەدای کامێراکە یان ژینگەی تۆر، ڕەنگە کوالێتی وێنە ڕوون نەبێت.

- دەتوانیت پشکنین بۆ ماڵپەڕ یان ئەپلیکەیشنەکانی ڤیدیۆ کۆنفرانس بکەیت لە لیستی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی **نووسینگەی سەرەکی**. بەگوێرەی بارودۆخەکانی دابینکەری خزمەتگوزاری، بەکارهێنانی ماڵپەڕی کۆبوونەوەی ڤیدیۆیی یان ئەپلیکەیشن ڕەنگە هەڵپەسێردرێت یان بگۆڕێت.

### وەرگرتنی زۆرترین سوود لە **فرە دیمەن**

بە داگرتنی**فرە دیمەن**، دەتوانیت شاشەی ڤیدیۆ یان شاشەی پەخش، و کامیرا لە هەمان کاتدا بخەیتە کار. بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **وەرگرتنی زۆرترین سوود لە کردارە هۆشمەند** ← **بەکارهێنانی فرە دیمەن** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

- ئەم تایبەتمەندیە تەنها لە سەر ئەو مۆدێلانە بەردەستە کەوا پشتیوانی لە تایبەتمەندی **فرە دیمەن** دەکەن.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.

# گرێدانی ئامێری هەمارگەی USB

## گرێدانی ئامێری هەمارگەی USB

ئامێرێکی هەمارگەی USB (هاردی USB HDD، فلاشی USB) بە پۆرتی USB ـی سەر ئەم ئامێرە گرێ بدە بۆ چێژ وەرگرتن لە فایلەکانی ناوەڕۆکی هەڵگیراوی سەر ئامێری هەمارگەی USB سەر ئەم ئامێرە.

## هەندێ ڕێنمایی دەربارەی بەکارهێنانی ئامێری USB

- هەر ئامێرێکی پاشەکەوتی USB کە بەرنامەیەکی سەرخودی ناسینەوەی ئۆتوماتیکی هەیە یان درایڤی خۆی بە کار بهێنێت، ڕەنگە لەلایەن تەلەفزیۆنەکەوە نەناسرێت.
- هەندێک ئامێری هەمارگەی USB ڕەنگە پشتیوانی نەکرێن یان بە دروستی کار نەکەن.
- ئەگەر کابلی درێژکردنەوەی USB بە کار بهێنیت، لەوانەیە تەلەفزیۆنەکەت ئامێری USB نەناسێت یان باش کار نەکات.
- تکایە، تەنیا ئەو ئامێرانەی پاشەکەوتی USB بە کار بهێنە کە بە سیستمی فایلی FAT32، exFAT یان NTFSی سیستمی کارپێکردنی Windows فۆرمەت کراون.
- چاک وایە جۆرێک لە هارد دیسکی USBی دەرەکی بە کار بهێنیت کە پلەی ڤۆڵتاژی 5V یان کەمتر بێت و پلەی تەوژمی 500mA یان کەمتر بێت. ئەگەر ئامێرێک بەکاردێنیت کە ڤۆڵت/تەزووی زیاتر لە ڤۆڵت/تەزووی ئاسایی بەکاردێنێت، ڕەنگە بە دروستی کار نەکات بەهۆی کەمی تەزوو.
- واباشە کە هەبێکی USB یان ئامێری هەمارگەی USB کارەبادار بەکاربێنیت.
- ئێمە پێشنیاری بەکارهێنانی ئامێرێکی هەمارگە بە توانای 32 گێگابایت دەکەین بۆ بیرگەی USB و 2 تێرابایت یان کەمتر بۆ هارد دیسکی USB دەکەین.
- ئەگەر هارد دیسکی USB ئامرازی دەسگرتن بە وزەوەی هەیە و باش کار ناکات، هارد دیسکەکە بکوژێنەوە و هەڵی بکەوە. بۆ زانیاریی زیاتر نامیلکەی ڕێنمای هارد دیسکەکە بخوێنەوە.
- ئەگەری ئەوە هەیە کە دەیتای سەر ئامێری USB زیان ببینێت، لەبەر ئەمە چاک وایە کە کۆپیەک لە فایلە گرنگەکان هەڵبگریت. بەکارهێنەری خۆی بەپرسیارە لە پاراستن و بەڕێوەبردنی دەیتای خۆی. بەرهەمهێنەر بە هیچ شێوەیەک

بەرپرسیار نیە.

- لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی دابگرە. بۆ لابردنی ئامێری هەمارگەی USB، دوگمەی **جیاکردنەوە** دابگرە، کە لە سەرەوە دەردەکەوێت کاتێک جەخت دەکەیتە سەر ئامێری هەمارگەی USB کە دەتەوێت لای بدەیت. ئەگەر بەبێ دەسنیشانکردنی **جیاکردنەوە** ئامێری هەمارگەی USB لێ بکەیتەوە، ڕەنگە هەڵەیەک لەم ئامێرە یان ئامێری هەمارگە ڕوو بدات.
- کاتێک کە ئامێرێکی هەمارگەی USB جۆری سیستەمێکی فایل گرێ دەدەیت کە لەلایەن ئەم ئامێرە پشتیوانی نەکراوە بۆ پۆرتی USB، پەیامی فۆرمات دەردەکەوێت. بۆ بەکارهێنانی ئامێری هەمارگەی گرێدراو، پێویستە سەرەتا ئامێرەکە فۆرمات بکەیت. فۆرماتکردن گشت داتای هەڵگیراوی سەر ئامێری هەمارگەی USB دەسڕێتەوە، و ئامێرەکەش بە سیستەمی فایلی FAT32، exFAT و NTFS فۆرمات دەکرێت.
- **هەبی ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە. لە بەشی **هەبی ماڵەوە** دا ئامێری USBی پەیوەستکراو هەڵبژێرە و پاشان دوگمەی **فۆرمات** فشار بدە بۆ ئەوەی ئامێری پاشەکەوتی USB فۆرمات بکرێت.
- لە کاتی گرێدانی ئامێرێکی هەمارگەی USB، دەکرێت فایل/فۆڵدەرێکی هەڕەمەکی دروست بکرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وەک هەڵگرتن و گەڕاندنەوەی وێنەکانی ئەلبوم.

# هاوبەشکردنی ناوەڕۆکی کۆمپیوتەر

## لە سەر بەرهەمەکە سەیری ناوەڕۆکی هەڵگیراوی سەر کۆمپیوتەرەکەت بکە

دەتوانیت لە سەر شاشەکە چێژ لە ڤیدیۆ/مووزیک/وێنەی هەڵگیراوی سەر کۆمپیوتەرەکەت وەربگریت کاتێک ئەم ئامێرانە بە هەمان تۆڕەوە گرێدراون.

### لە ناوەڕۆکەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت بگەڕێ بۆ سەیرکردنیان لە سەر شاشەکە (Windows 11/Windows 10)

01 ئامێرەکەت و کۆمپیوتەر بە هەمان تۆڕەوە گرێ بدە.

02 کرتەی ڕاست لە سەر ئەو فایلە بکە کە دەتەوێت پەخشی بکەیت و "پەخش کردن بۆ ئامێر" دەسنیشان بکە.

03 ناوی ئامێرەکە دەسنیشان بکە کە دەتەوێت لە لیستی نیشاندراو سەیری بکەیت، و پەخشکردنەوە لە سەر ئەو ئامێرە دەست پێدەکات.

- تەنانەت کاتێک کۆمەڵێک ئامێر گرێدراون، فایلی دەسنیشانکراو تەنها لە ڕێگەی یەک ئامێر پەخش دەکرێت. ڕەنگە ڕێژەی پەخشکردنەوە بەگوێرەی گرێدانی تۆڕ بگۆڕێت.
- بۆ پەخش کردن لە سەر سیستەمی کارپێکردن یان ئامێری تر، سەیری نامیلکەی سیستەمی کارپێکردن/ئامێر بکە.

### لە ناوەڕۆکی هەڵگیراوی سەر کۆمپیوتەر بگەڕێ بە بەکارهێنانی ئامێرەکە سەیری بکە (Windows 10/Windows 11)

01 ئامێرەکەت و کۆمپیوتەر بە هەمان تۆڕەوە گرێ بدە.

02 پێرستی "دەستپێک" لە سەر شاشەی کۆمپیوتەر بکەوە، بە دوای "بەربژارەکانی تەوژمکردنی میدیا" بگەڕێ و ئینجا

ئەو ئەنجامە دەسنیشان بکە کە دەردەکەوێت.

03 دوگمەی "هەڵکردنی تەوژمکردنی میدیا" لەو پەنجەرەیەی دەبێتەوە دەسنیشان بکە.

04 ڕێگە بە گشت "بەربژارەکانی تەوژمکردنی میدیا" بدە.

05 بۆ هەڵگرتنی ڕێکبەندەکان "باشە" دەسنیشان بکە.

06 لە ئەپلیکەیشنی **هەبی مالّەوە** ـی سەر ئامێرەکە کۆمپیوتەری گرێدراو دەسنیشان بکە، و ئینجا ئەو فایلەی دەتەوێت دەسنیشانی بکە و پەخشی بکە.

- بۆ پەخش کردن لە سەر سیستەمی کارپێکردن یان ئامێری تر، سەیری نامیلکەی سیستەمی کارپێکردن/ئامێر بکە.

## ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە سەرنجدان بە Content Share هەیە

- ئەگەر بژاردەی هاوبەشکردنی ناوەڕۆک باش کار ناکات، ڕێکخستنەکانی تۆڕ بپشکنە.
- چاک وایە کە ئامێرەکە بدەیت لە ڕووتەرێکی 5 گیگاهێرتز چونکە ڕەنگە کەشی بێتەلی دەوروبەری تۆ کاریگەری دابنێت لەسەر کارایی پەیوەندیەکە.
- بەپێی دۆخ و کەشی تۆڕ ڕەنگە باش کار نەکات.
- ئەگەر کۆمەڵێک ئامێر بە یەک ئامێر گرێدرا بن، ڕەنگە ناوەڕۆکەکە بە دروستی پەخش نەکرێت بەگوێرەی ئەدای سێرڤەرەکە.
- بۆ سەیرکردنی ڤیدیۆیەکی 1080p لە ڕێگەی کرداری هاوبەشکردنی ناوەڕۆک، ڕاوتەرێک پێویستە کە لەرەلەری 5 GHz بەکاربێنێت. ئەگەر ڕاوتەری ئێستای 2.4 GHz بەکاردێنیت، ڕەنگە ڤیدیۆکە دوابکەوێت یان بە دروستی پەخش نەکرێت.
- لە ڕووتەرێک دا کە لە multi-cast پشتیوانی ناکات، ڕەنگە لە ئامرازی Content Share پشتیوانی نەکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ڕێنمای بەکارهێنەری ڕووتەرەکەت بکە یان پەیوەندی بکە بە بەرهەمهێنەرەکەی.
- ژێرنووس تەنیا لە هەندێ ئامێری کۆنێکتکراو دا پشتینوای دەکرێت.
- ئەگەر دواتر فایلێکی ژێرنووست زیادکردووە، فۆڵدەری هاوبەشکراوی سەر کۆمپیوتەرەکە ناچالاک بکە و ئینجا دووبارە چالاکی بکەوە.
- فایلی DRMی نێو ئامێری پەیوەستکراو پەخش ناکرێت.
- تەنانەت بۆ شێوازی فایلی پشتیوانیکراو لە لایەن ئەم ئامێرە، ڕەنگە جۆری فایلی پشتیوانیکراو جیاواز بێت بەگوێرەی دۆخی ئامێری گرێدراو.
- ئەگەر کۆمەڵێکی زۆر فۆلدەر یان فایل لەنێو فۆلدەرێک دا بن، ڕەنگە بە باشی کار نەکات.
- ڕەنگە زانیاریەکانی ئەو فایلانە کە لە ئامێری پەیوەستکراوەوە هاوردە کراون دروست نیشان نەدرێن.
- بەپێی شێوازی کۆدکردن، ڕەنگە هەندێ ناوەڕۆک لە شێوازی هاوبەشکردنی ناوەڕۆک دا پەخش نەکرێن.

# ئاوێنەکردنی شاشەی کۆمپیوتەر

## ئاوێنەکردنی شاشەی کۆمپیوتەر

### پەیوەندیی بێتەل (Windows 10/Windows 11)

01 کرتە لە سەر ئایکۆنی ناوەندی ئاگانامەی سەر میلی ئەرکی شاشەی کۆمپیوتەرەکە بکە و گرێدان دەستپێبکە.

02 ئەو ئامێرە دەستنیشان بکە کە دەتەوێت گرێدانی پێوە بکەیت و داوای گرێدان بکە.

03 لە دوای دامەزراندنی گرێدانەکە، ئامێرەکە شاشەی کۆمپیوتەری گرێدراو نیشان دەدات.

- بۆ گرێدانێکی باوەڕپێکراو گشت کاتێک ئامێری گرێدراو بەم ئامێرە بە تازەترین وەشانی سیستەمی کارپێکردن نوێ بکەوە.
- چاک وایە لە نزیکەوە ئەم ئامرازە بە کار بهێنیت.
- خێراتر Screen Share بخەکار لە ڕێگەی گرێدانی ئامێرە هۆشمەندەکەت یان کۆمپیوتەرەکەت بە هەمان تۆڕی ئەم ئامێرە.
- ئەگەرچی دەکرێت بەبێ ڕووتەری بێتەل کۆنێکتی بکەیت، چاک وایە کە ئامێرەکەت کۆنێکت بکەیت بە ڕووتەرێکی 5 گیگاهێرتز چونکە کەشی بێتەلی دەوروبەر دەتوانێت کاریگەریی خراپ دابنێت لەسەر کارایی ئەو.
- ڕێژەی وەڵامدانەوە ڕەنگە بەپێی ژینگەی بەکاربەر جیاواز بێت.
- ئەمە جیاوازە لە وەشانی Windows. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت، ڕێنمانی بەکارهێنەری ئەو بخوێنەوە.
- ئەگەر گرێدانەکە بەردەوام شکست بێنێت، بەرهەمەکە و ئەو ئامێرە بکوژێنەوە کە دەتەوێت گرێدانی پێوە بکەیت. ئینجا هەڵیان بکەوە و دووبارە هەوڵبدەوە.

### پەیوەندیی تەلدار

01 بە بەکارهێنانی کێبڵی HDMI کۆمپیوتەرەکەت بە ئامێرەکە گرێ بدە.

02 سەرچاوەی ئینپوتی ئێستا بۆ ئەو پۆرتە بگۆڕە کە کێبڵی HDMI لە ⌂ ← **هەبی ماڵەوە** گرێدراوە.

03 لە دوای دامەزراندنی گرێدانەکە، ئامێرەکە شاشەی کۆمپیوتەری گرێدراو نیشان دەدات.

- ئەگەر کێشەیەک لە گرێدانەکەت هەیە، سەیری **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** ← **چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی ئامێر** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# وەرگرتنی زۆرترین سوود لە کرداری هۆشمەند

## بەکارهێنانی فرە دیمەن

### بەکارهێنانی فرە دیمەن

دەتوانیت شاشەکە لەت بکەیت و لە هەمان کاتدا ئەپلیکەیشنەکان بەکاربێنیت.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 **فرە دیمەن** هەڵبژێرە.

03 ئایتمێک هەڵبژێرە بۆ بەکارهێنان.

**شاشەی دووانەیی / فرە شاشە** : دەتوانیت کۆمەڵێک ئەپلیکەیشن دەستپێبکەیت و لە سەر یەک شاشە سەیریان بکەیت.

**مۆنیتەری دووانەیی کۆمپیوتەر** : دەتوانیت لە هەمان کاتدا سەیری ئینپوتی شاشە بکەیت لە ڕێگەی HDMI.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.




1 کاتێک دوو ئەپلیکەیشن دەستپێدەکەیت، دەتوانیت ئالوگۆڕ لە نێوان دیمەنەکانی **بە تەنیشت یەکەوە** و **وێنەی ناو وێنە** بکەیت.

2 دەتوانیت ئەوە دەستپێبکەیت کامە ئەپلیکەیشن یان ئینپوت دەتوانیت لە **فرە دیمەن** بیخەیتە کار.

- ڕەنگە ئینپوتی HDMI نیشان نەدرێت کاتێک تەزووی ئامێری گرێدراو بە HDMI کوژاوەتەوە.

3 دەتوانیت دوایین ئەپلیکەیشنی بەکارهاتووی ئەم دواییانە دەستپێبکەیت.

- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.
- ڕەنگە سنووردارکردن هەبێت لە سەر بەکارخستنی **فرە دیمەن** لە هەندێک ناوەڕۆکدا.
- ئەگەر ئەپلیکەیشنە کارکردووەکە پشتیوانی **فرە دیمەن** نەکات، پێشنیاری ئاوێتەکردنی ئەپلیکەیشنەکان دەکات کەوا دەکرێت بخرێنە کار.

## بەکارهێنانی دۆخی فرە دیمەن

لە سەر شاشەکە 🔊/🔇 دەستپێبکە. بۆ بیستنی دەنگی سەر شاشەکە دەگۆڕێت کەوا لە کاتی ئێستادا دەنگ دەرناکات.
لە سەر شاشەکە ⋯ دەستپێبکە. دەتوانیت بژاردەی زیاتر ڕێک بکەیت.

### گۆڕینی جۆری بینین

بۆ دۆخی **فرە دیمەن** بیگۆڕە.

### زیادکردنی ئەپلیکەیشن

دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە زیاد بکەیت/بسڕیتەوە بۆ بەکارهێنانی لە **فرە دیمەن**.

### گۆڕینی ئەپلیکەیشن

دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە بگۆڕیت بۆ بەکارهێنانی لە **فرە دیمەن**.

### کۆنترۆڵ لە شاشەی پڕ

دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە بخەیتە کار لە ڕێگەی گۆڕینی بۆ شاشەی پڕ.

### گواستنەوە

دەتوانیت شوێنی شاشەی لاوەکی بجوواڵێنیت.

### قەبارە

دەتوانیت قەبارەی شاشەی لاوەکی بگۆڕیت.

### دەرچوون لە ئەپلیکەیشن

ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

### گۆڕینی ئینپوت

دەتوانیت ئینپوتەکە بگۆڕیت بۆ بەکارهێنانی بۆ **مۆنیتەری دووانەیی کۆمپیوتەر**.

### کۆتایی هێنان بە مۆنیتەری دووانەیی کۆمپیوتەر

**مۆنیتەری دووانەیی کۆمپیوتەر** دادەخات.

- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.
- ڕەنگە بژاردە بەردەستەکان بگۆڕێت بەگوێرەی دۆخی **فرە دیمەن** کەوا بەکاری دەهێنیت.

## روناکیی پشتگیری کراو : مۆنیتەری دووانەیی کۆمپیوتەر

| وردبینی | لەرمەری ستوونی (کیلۆهێرتز) |
|---|---|
| 1024 × 768 | 60 |
| 1360 × 768 | 60 |

| | | |
|---|---|---|
| 1280 × 720 | 60 | |
| | 50 | |
| 1280 × 1024 | 60 | |
| 1920 × 1080 | 60 | |
| | 50 | |

# بەکارهێنانی گەڕاڵی وێب

## بەکارهێنانی گەڕاڵی وێب

کاتێک کە ناونیشانی وێب لە نێو خانەی URL داخل دەکەیت دەتوانیت بچیتە نێو وێبسایتەکە.
ئەگەر وشەی گەڕان داخل بکەیت،لە نێو مۆتۆڕی گەڕان دا دەربارەی وشەی گەڕانی تۆ زانیاری دەدۆزێتەوە.

01 دوگمەی ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.

02 ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب** بکەوە.




1 دەتوانیت ئەو لاپەڕەی وێبەی سەیری دەکەیت تازەی بکەیتەوە.

2 دەتوانیت ناونیشانێکی وێب بنووسیت بۆ گەڕان بۆ وێبسایتی تایبەت یان ڕاستەوخۆ دەستەواژەیەکی گەڕان بنووسیت.

3 دەتوانیت سەیری خشتەبەندەکان بکەیت کە کە ئێستا کراوەن.

4 دەتوانیت گەورەکردن یان بچووک کردنەوە بکەیت لە کاتی گەڕان لە وێبسایتەکە.
**ڕێکلامەکان ڕابگرە** : دەتوانیت ڕیکلامی ناو لاپەڕەی وێب بلۆك بکەیت کە سەیریان دەکەیت.
هەرچۆنێک بێت، ئەم دوگمەیە تەنها ئەو کاتە نیشان دەدرێت ئەگەر تایبەتمەندی ⋮ ← **ڕێکبەندەکان** ← **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** دیاریکرا بێت بۆ **هەڵگرتن**.
**دیمەنی تەلەفزیۆن** : شاشەی ئامێرەکە لەت دەکات بۆ نیشاندان. دەتوانیت لە لاپەڕەکانی وێب بگەڕێیت لەو کاتە سەیری ئەم ئامێرە دەکەیت.
**مێژوو** : دەتوانیت سەیری مێژووی سەردانیکردنی وێبسایت بکەیت یان بیسڕیتەوە.
**زیادکردن بۆ نیشانگەکان** : دەتوانیت ئەو وێبسایتەی ئێستا سەیری دەکەیت بۆ دڵخوازەکانی خۆتی زیاد بکەیت.
**کورتەڕێ لە سەر شاشەی ماڵەوە زیاد بکە** : دەتوانیت ئەو وێبسایتەی ئێستا سەیری دەکەیت بۆ وەک کورتەڕێیەک بۆ

ماڵەوەی خۆتی زیاد بکەیت.
**زیادکردن بۆ کورتبڕی نووسینگەی سەرەکی** : دەتوانیت ئەو وێبسایتەی ئێستا سەیری دەکەیت وەک کورتبڕ بۆ **نووسینگەی سەرەکی** زیادی بکەیت.
**نیشانگەی** : دەتوانیت سەیری لیستیی وێبسایتەکان بکەیت یان بیانسڕیتەوە کە بۆ دڵخوازەکانی خۆت زیادت کردوون.
**ڕێکبەندەکان** : دەتوانیت ڕێکبەندەکانی وێبگەڕ بگۆڕیت.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : ئامرازی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەوە.
**دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : کارکردنی ئەپلیکەیشنەکە لە باکگراوند دەکوژێنێتەوە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

5 ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب** وێبگەڕێکە بۆ ئەم ئامێرە، بۆیە ڕەنگە بە شێوەیەکی جیاوازتر لە وێبگەڕی تەلەفزیۆنەکەت کار بکات.

  - ڕەنگە هەندێک ناوەڕۆک بە دروستی پەخش نەکرێن.
  - وردەئامرازی فلاش پشتیوانیکراو نیە، تەنها میدیای HTML5 پشتیوانیکراوە.
  - دامەزراندنی وردەئامراز پشتیوانیکراو نیە.
  - میدیای بە فۆرماتی تر جگە لە JPEG/PNG/GIF ڕەنگە پەخش نەکرێت.
  - ڕەنگە ئەپلیکەیشنەکان ناچار بکرێن بکوژێنرێنەوە ئەگەر ئامێرەکە بیرگەی نەمێنێت.
  - فۆنتە دابینکراوەکانی سەر ئامێرەکە بەکاردێن. بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەت، ڕەنگە پیتەکان جیاوازتر دەربکەون بەراورد بە وێبگەڕی کۆمپیوتەر یان مۆبایل.
  - ئاگاداری پێویستە هەبێت لەبەرئەوەی ماڵپەڕی زیانبەخش یان فیشینگ خودکارانە بلۆک دەکرێن.
  - ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی وێبگەڕ بە شێوەی کاتی پشتیوانی نەکرێن بە هۆی هۆکاری دەرەکی.

- وێبسایتەکە دەکرێت بکرێتەوە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب**، بۆیە پێویستە ئاگادار بیت دەربارەی دەسگەیشتنی منداڵان بۆ ناوەڕۆکی سەرهێڵی زیانبەخش.
  دەتوانیت ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب** قوفڵ بدەیت بۆ ڕێگری کردن لە دەسگەیشتن بۆ ناوەڕۆکی سەرهێڵی زیانبەخش.
  لە ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی** ← **قوفڵکردنی کاربەرنامەکان** دا ڕێککردنەکان دیاری بکە.
- ئەگەر تووشی کێشە بیت لەکاتی بەکارهێنانی **گەڕاڵی وێب**، سەیری **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## گۆڕینی ڕێکبەندەکانی گەڕاڵی وێب

⋮ ← **ڕێکبەندەکان** دەسنیشان بکە لە سەرەوەی ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب**.

### لەکاتی دەستپێک

دەتوانیت ئەو لاپەڕەیە هەڵبژێریت کە لە کاتی دەستپێکردنی ئەپلیکەیشنی **گەڕاڵی وێب** دەردەکەوێت.

### بزوێنەرەکانی گەڕان

دەتوانیت بزوێنەرێکی گەڕان دەستنیشان بکەیت بۆ گەڕان لە کاتی نووسینی ووشەیەکی سەرەکی لە میلی ناونیشان.

- بەپێی بارودۆخی دابینکەر، لەوانەیە ڕێککردنەکانی مۆتۆڕی گەڕان بگۆڕدرێت بێ ئەوەی تۆ ئاگادار بکرێیتەوە.

### ماڵپەڕە پێشنیارکراوەکان نیشان بدە

دەتوانیت ئەوە دیاری بکەیت لیستێکی **ماڵپەڕە پێشنیارکراوەکان** لە سەر شاشەی خشتەبەندی نوێ نیشان بدرێت یان نیشان نەدرێت.

### هەمیشە میلی ناونیشان پیشان بدە

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ناوچەی میلی ناونیشان و پێرستی سەرەوە گشت کاتێك نیشان دەدرێن.

### ڕاپۆرتی کێشەی وێبگەری بەشێوەی خودکار

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکراوە، ئەگەر شکستێک ڕوو بدات (خراپ کارکردن، شکستی پەخش کردنەوەی میدیا، شکستی بارکردنی لاپەڕە، کۆژانەوەی نائاسایی، دواکەوتنی وەڵامی کەمی بیرگە، هتد.) لە کاتی بەکارهێنانی وێبگەڕ، زانیاریەکە خودکارانە بۆ تیمی پەرەپێدانی وێبگەڕ دەنێردرێت لە بارەگای سەرەکی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر (گوگڵ). زانیاری نێردراو تەنها بۆ باشترکردنی ئەدای وێبگەڕەکە بەکاردێت.

### بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ئەگەر ⋮ دابگریت لە سەرەوەی **گەڕاڵی وێب**، دوگمەیەک بۆ هەڵکردن یان کۆژاندنەوەی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** لە سەر شاشەکە دەردەکەوێت. هەڵکردنی تایبەتمەندی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە**بارکردنی لاپەڕە خێرا دەکات لە ڕێگەی بلۆککردنی ڕیکلامەکانی ناو وێبسایتەکە.

### فلتەرکردنی سایت

دەتوانیت وێبسایتەکان تومار بکەیت بۆ بلۆککردن یان ڕێپێدان.
**سایتە پەسەندکراوەکان** : دەتوانیت ڕێککردنەکان بە جۆرێک دیاری بکەیت کە تەنها ئەو وێبپەڕانە بکاتەوە کە پێشتر تومار کراون.
**ماڵپەڕ (سایت)ە داخراوەکان** : دەتوانیت ڕێککردنەکان بە جۆرێک دیاری بکەیت کە ڕێگە بە کردنەوەی هەندێ سایتی دیاریکراو نەدات.

- بۆ بەکارهێنانی کرداری **فلتەرکردنی سایت**، پێویستە نهێنوشەی ئامێرەکە بنووسیت.

### قوفڵکەری پەنجەرۆچکە

پەنجەرەکان بلۆک دەکات کە خودکارانە لەلایەن لاپەڕەکانی وێبەوە نیشان دەدرێن.

### گەڕاڵی تایبەت

ئەگەر بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، مێژوویەکی سەردانیکردنی وێبسایتەکان جێناهێڵێت.

### شوێنی مەکەوە

دەتوانیت داوا لە وێبسایتەکە بکەیت کە مێژوویەکی سەردانیەکەت بەجێ نەهێڵێت. ڕەنگە کردارەکە بگۆڕێت بەگوێرەی

سیاسەتی وێبسایتەکە.

### Adaptive Streaming بە بەکارهێنانی JavaScript

تەکنەلۆجیای تەوژمکردنی میدیا کە JavaScript بەکاردێنێت ڕێگەت پێدەدات ئەو ڤیدیۆیانە ببینیت کە وردبینیان باشترکراوە.
ئەگەر ئەمە لەسەر **کۆژاندنەوە** دابنرێت، ڕێزۆلووشنی ئەو ڤیدیۆیە کە لە **گەڕاڵی وێب** دا پەخش دەکرێتەوە بە 720p سنووردار دەکرێت.

### ڕێکبەندەکانی کووکی

وێبسایتەکە چالاک دەکات بۆ هەمارکردن و بەکارهێنانی داتای کووکی.

### داتای گەڕان بکەوە

**کووکیەکان بسڕەوە** : داتای کووکی دەسڕێتەوە. کاتێک دەسڕدرێتەوە، لە زۆرینەی ماڵپەڕەکان دەردەچیت.
**هەموو زانیاریەکانی گەڕان بسڕەوە** : گشت مێژووی گەڕان دەسڕێتەوە، بەڵەخۆگرتنی کووکیش.

# بەکارهێنانی پەخشکەری میدیا

## بەکارهێنانی پەخشکەری میدیا


دەتوانیت گەڕان بۆ وێنەکان بکەیت و سەیریان بکەیت یان ڤیدیۆ و گۆرانی بە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** پەخش بکەیت.

01 دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.

02 ئەپی **پەخشکەری میدیا** بکەوە.

03 ئامێرێک لە لیستی ئامێر دەستیشان بکە بۆ بەکارهێنان.

04 ناوەڕۆک دەستیشان بکە بۆ پەخش کردن.




1. دەتوانیت ئامێرێکی گرێدراو بەم ئامێرە دەسنیشان بکەیت.
2. تەنها لە کاتی پەخشکردنی مووزیک نیشان دەدرێت. دابگرە بۆ دەسگەیشتن بە شاشەی پەخش کردنی مووزیک.
3. ئامرازی **گەڕان** بکەوە.
4. **جۆری بینین** : دۆخێکی نیشاندانی ناوەڕۆک دەسنیشان دەکات.
   **ڕیزبەندی** : بەربژارەکە دەسنیشان بکە بۆ ڕیزبەستکردنی ناوەڕۆک.
   **گروپ** : ئەگەر بەگوێرەی **مووزیک** فلتەری بکەیت، دەتوانیت ناوەڕۆکەکەن گروپ بکەیت بۆ جۆرەکانی وەک **هونەرمەند** و **ئەلبووم**.
   **پەخشکردنی دەسنیشانکراو** : دەتوانیت چەندین بەشی ناوەڕۆک دەسنیشان بکەیت و پەخش بکەیت.
   **کۆپیکردن** : هەروەها دەتوانیت فایلەکە کۆپی بکەیتە نێو ئامێرێکی خەزنکردنی USB.
   **سڕینەوە** : دەتوانیت چەندین بەشی ناوەڕۆک دەسنیشان بکەیت و بسڕیتەوە.
   **ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
   **دەرچوون لە ئەپلیکەیشن** : ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.
5. ئەپلیکەیشنەکە دادەخات.

- ناتوانیت ئەو فایلانەی کە لە ئامێری دیکەوە هاوبەش کراون بسڕیتەوە.
- ئایتمەکانی ڕێکبەندە جیاوازەکان بەردەستن بەگوێرەی فلتەرکردن یان ئەو مۆدێلەی دەسنیشانی دەکەیت.
- ئەگەر کۆی ژمارەی ناوەڕۆکەکان زیاتر لە 40,000 بێت، ڕەنگە هەندێ ناوەڕۆک نیشان نەدرێن.

## سەیرکردنی وێنەکان

دەتوانیت وێنەیەک لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** دەسنیشان بکەیت و وێنەکە ببینیت.
بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی زیاتر، دوگمەی **چەرخ (OK)**ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بەکاربێنە و لە سەر شاشە دەسنیشان بکە.




1. ناوەڕۆکی پێشووتر نیشان دەدات.
2. نمایشی سلاید دەست پێ دەکات.
3. ناوەڕۆکی داهاتوو نیشان دەدات.
4. وێنە دەسوورێنێت.

5 وێنەکە فراوان یان کەم دەکاتەوە.

6 دەتوانیت وێنەی 360 دەرەجە بە شێوەی 360 دەرەجە ببینیت.

- بەکارهێنانی پەخشکردنی VRی 360 ° بۆ وێنەی ئاسایی ڕەنگە وێنەکە بشێوێنێت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.


7 فایلێکی مووزیک پەخش دەکات کە لە ئامێری هەمارگە وەک مووزیکی پاشبنەما دەسنیشانکراوە.

8 قەبارەی وێنەکە دیاری دەکات یان خێرایی یان کاریگەریەکانی سلایدشۆکە دەگۆڕێت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# پەخش کردنی ڤیدیۆ

دەتوانیت لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** ڤیدیۆیەك دەسنیشان بکەیت و ڤیدیۆکە پەخش بکەیت.
داگرتنی دوگمەکانی ◀/▶ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە ڕێگەت پێدەدات 10 چرکە بۆ دواوە/پێشەوە بچیت.
بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی زیاتر، دوگمەی **چەرخ (OK)**ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بەکاربێنە و لە سەر شاشە دەسنیشان بکە.




1 ڤیدیۆی پێشووتر نیشان دەدات.

2 ڤیدیۆکە پەخش دەکات یان ڕادەگرێت.

3 ڤیدیۆی داهاتوو نیشان دەدات.

4 دەتوانیت ڕێککردنەکانی ژێرنووس بگۆڕیت.

5 ڤیدیۆ دەسووڕێنێت.

6 بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە دەگەڕێنێتەوە دواوە.

7 دەتوانیت ئەم ڕێکبەندانە بکەیت کە پەیوەستن بۆ پەخش کردنی دووبارە بوونەوەی ڤیدیۆکە.

8 بە خێراییەکی بەرزتر ڤیدیۆکە بۆ پێشەوە دەبات.

9 دەتوانیت ڤیدیۆی 360 دەرەجە بە شێوەی 360 دەرەجە ببینیت.


- بەکارهێنانی پەخشکردنی VRی 360 ° بۆ ڤیدیۆی ئاسایی ڕەنگە وێنەکە بشێوێنێت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

10 **بەردەوامیدان بە پەخشکردن** : دەتوانیت «دڕێژەدان بە تماشاکردن» ڕێک بکەیت بۆ ئەوەی لەو شوێنەوە کە دواییین جار بینیوتە دڕێژە بدەیت بە سەیرکردنی ڤیدیۆکە.
**خێرایی پەخشکردن** : خێرایی پەخشی دووبارە دیاری دەکات.
**تراکی دەنگی** : دەتوانیت تراکە دەنگیەکان ڕێک بخەیت.
**نیشاندانی میلی بەرەوپێشچوون لەکاتی دەستپێکردنی ڤیدیۆکە** : دەتوانیت میلی پەخشکردنەوە بشاریتەوە کاتێک دەست بە پەخشکردنی ڤیدیۆ دەکەیت.

# گوێ گرتن لە مووزیک

دەتوانیت گۆرانیەک لە ئەپلیکەیشنی **پەخشکەری میدیا** دەسنیشان بکەیت و گۆرانیەکە پەخش بکەیت.
بۆ بەکارهێنانی تایبەتمەندی زیاتر، دوگمەی **چەرخ (OK)**ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بەکاربێنە و لە سەر شاشە دەسنیشان بکە.




1 دەتوانیت دۆخی پەخشکردنی هەڕەمەکی دیاری بکەیت.

2 دەتوانیت دۆخی پەخشکردنی دووبارەکردنەوە دیاری بکەیت.

3 تێکستی گۆرانیی ئەو فایلانەی مووزیک کە دابینی دەکەن لە بەردەستە.
لە هەندێ فایلی مووزیک دا، دەتوانیت بەشێکی تێکستی گۆرانی هەڵبژێریت و پۆزیشنی پەخش بگۆڕیت.

- ئامرازی تێکستی گۆرانی تەنها لە هەندێ ئامێر دا پشتیوانی دەکرێت.
- بەپێی داتای تێکستی گۆرانی کە لەنێو فایلی مووزیک دا یە، لەوانەیە تێکستی گۆرانی هاوکات لەگەڵ گۆرانیەکە نیشان نەدرێت.

4 دەتوانیت لە حاڵێک دا کە شاشە کوژاوەتەوە گوێ بگریت لە مووزیک.

5 **هاودەمکردنی هۆنراوە** : دەتوانیت خێرایی هۆنراوە دیاری بکەیت.

- بەگوێرەی مووزیک، ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە پشتیوانی نەکرێت.

# Live Plus

## بەکارهێنانی کرداری Live Plus

**Live Plus** ئەزموونێکی باشترکراوی سەیرکردن پێشکەش دەکات کە پەیوەستە بە ناوەرۆکەی سەیری دەکەیت بەلەخۆگرتنی سەیرکردنی زانیاری زیاتر، بەشداریکردن لە پێشهاتەکان، کارلێککردن لەگەڵ ڕێکلام، هتد.

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر**.

03 **Live Plus** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- بۆ ناچالاککردنی ئەم تایبەتمەندیە لە Live Plus، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** و **ڕێکلامی ڕاستەوخۆ** دیاری بکە بۆ **کوژاندنەوە**. ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- هێشتا دەتوانیت دەسگەیشتنت بۆ هەندێک تایبەتمەندیەکانی **Live Plus** هەبێت لە کاتی بەکارهێنانی ئامێرە دەرەکیەکانی وەک ئامێری کردنەوەی کۆد.
- ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵێکی جیهانی سێتەپ بکەیت، دەتوانیت **Live Plus** بەکاربێنیت تەنانەت کاتێک ئامێرە دەرەکیەکانیش بەکاردێنیت.
- ئەم خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوە تەنها بۆ دەسنیشان کردنی ناوەرۆک لەگەڵ هاوبەشە گرێبەست لەگەڵکراوەکان.

# ئاگانامەکان

## بەکارهێنانی ئاگانامەکان

دەتوانیت ئاگانامەی وەرگیراو لە ئەپلیکەیشن یان خزمەتگوزاریەکانی webOS بپشکنیت یان بسڕیتەوە. بۆ ئەو ئاگانامانەی کە پشتیوانی لە کورتەڕێ دەکەن، دەتوانیت ڕاستەوخۆ بۆ ئەو ئەپلیکەیشن یان وێبسایتە بچیت.

01 دوگمەی ⌂ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.

02 لە سەر شاشەکە 🔔 دەسنیشان بکە.

03 دەتوانیت سەیری ووردەکاریەکان بکەیت لە ڕێگەی دەسنیشانکردنی ئایتمی ویستراو. ئەگەر پشتیوانی لە کورتەڕێ دەکات، دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە بخەیتە کار.

- لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ••• دابگرە.
**هەمووی وەک خوێندراوە نیشان بکە** : هەموو ئاگانامەکان بۆ 'خوێنراوە' دەگۆڕێت.
**سڕینەوە** : دەتوانیت ئاگادارییەکان بسڕیتەوە.
**ڕێکبەندەکانی ئاگانامە** : دەتوانیت ئەوە دیاری بکەیت ئایا ئاگانامەکان بۆ هەر ئەپلیکەیشنێک وەربگریت یان نا. ئەگەر خرابێتە سەر **کوژاندنەوە**، هەر ئاگانامەیەکی وەرگیراوی پێشووتر لە ئەپلیکەیشنەکەش دەسڕدرێتەوە. بۆ

ئەپلیکەیشنەکانی خزمەتگوزاری دەرەکی، دەتوانیت سەیری ئاگانامەکان لە **ڕێکبەندەکانی ئاگانامە** بکەیت دوای ڕازی بوون بە وەرگرتنی ئاگانامەکان لە ئەپلیکەیشنەکە.
**ڕێنمای بەکارهێنەر** : گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# ڕێکبەندەکان

## ڕێکبەندە خێراکان

### بۆ خێرا بەکارهێنانی ئامرازی 'ڕێککردن'

دەتوانیت بە خێرایی و ئاسانی ڕێکبەند یان کردارە دووبارە بەکارهاتووەکان بەکاربێنیت.
لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.




1. دەتوانی بژاردەی زۆرتر ڕێک بکەیت.
   - هەروەها دەتوانیت دوگمەی ⚙ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگریت بۆ ڕاستەوخۆ بەکارخستنی گشت ڕێکبەندەکان.
2. دەتوانیت لە ڕێگەی چاتکردن لەگەڵ چاتبۆتکێشەکانی ئامێرەکە چارەسەر بکەیت.
3. بۆ ڕێکبەندەکانی **دەستگەیشتن** ئاڕاستە دەکات.
4. بۆ ڕێکبەندەکانی **سەلامەتی** ئاڕاستە دەکات.
5. بۆ ڕێکبەندەکانی **تۆڕ** ئاڕاستە دەکات.
6. دەتوانیت ئایتمەکان لە **ڕێکبەندە خێراکان** زیادبکەیت/بسڕیتەوە و ڕیزبەندیەکە بگۆڕیت.
7. زۆرترین ئایتمی دەسنیشانکراوی ئەم دووایینە لە **ڕێکبەندە خێراکان** نیشان دەدرێت.
8. دەتوانیت ڕێکبەندەکانی شاشە، دەنگ، و هتد. بگۆڕیت یان کردارەکان بخەیتە کار.
   - دەتوانیت بۆ هەر ئایتمێک دەتەوێت بژاری بکەیت.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## داشبۆردی یاری

لە ماوەی یاریەک، دەتوانیت بە خێرایی چەشنی یاری بگۆڕیت و لە کاتی ڕاستەقینە سەیری دۆخی ڕێکبەندەکان بکەیت.

لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

- کاتێک کۆنسۆلێکی یاری گرێ دەدەیت و یاریەکە دەخەیتە کار، **گشتی** ← **باشترکەری یاری** بۆ **هەڵکراو**، و **وێنە** / **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** بۆ **باشترکەری یاری** دەگۆڕێت. ئەگەر داشبۆردی یاری نیشان نەدرێت، تکایە سەیری هەر یەک لە ڕێکبەندەکان بکە.




1. دەتوانیت شاشەکە ڕێک بخەیت بەگوێرەی چەشنی یاریەکە.
2. سیگنالەکانی کاتی ڕاستەقینە و بەهاکانی ڕێکبەندی جۆری دەسنیشانکراو نیشان دەدرێن.
   - ڕەنگە ئایتمە نیشاندراوەکان بەگوێرەی مۆدێل بگۆڕێن.
3. ئامرازی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکەوە.
4. **دۆخی ژووری تاریک** : دەتوانیت ڕووناکی تەواوی شاشەکەڕێک بخەیت بۆ کەمکردنەوەی ماندوو بوونی چاو لە ژینگە تاریکەکان یان لە کاتی سەیرکردن بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ ئەوەی سەیرکردنی شاشە ئاسانتر بکات.
   **فرە دیمەن** : دەتوانیت شاشەکە لەت بکەیت و لە هەمان کاتدا دوو ئەپلیکەیشن بەکاربێنیت.
   **ڕەنگی پێرست** : دەتوانیت ڕەنگی پێرستەکە بگۆڕیت.
   **باشترکەری یاری** : بۆ ڕێکبەندەکانی **باشترکەری یاری** ئاڕاستە دەکات. بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **ڕێکبەندەکان** ← **باشترکەری یاری** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.
   **هەموو ڕێکبەندەکان** : دەتوانی بژاردەی زۆرتر ڕێک بکەیت. هەروەها دەتوانیت دوگمەی ⚙ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە بۆ ماوەیەک دابگریت بۆ ڕاستەوخۆ بەکارخستنی گشت ڕێکبەندەکان.
   - ڕەنگە سنووردارکردن هەبێت لە سەر بەکارخستنی **فرە دیمەن** لە هەندێک ناوەڕۆکدا.
5. ڕیزبەندی ئایتمە نیشاندراوەکانی سەر **داشبۆردی یاری** دەکرێت بگۆڕدرێن یان بە ئایتمی تر بگۆڕدرێن.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

# وێنە

## هەڵبژاردنی شێوازی وێنە

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**

ئەو شێوازی وێنە هەڵبژێرە کە بە باشترین شێوە لەگەڵ موحیتی تماشاکردن، هەڵبژاردەکانی تۆ یان جۆری ڤیدیۆ دەگونجێت. دۆخێکی وێنە دەسنیشان بکە. لە ڕێگەی ڕیکخستن و شێوەبەندکردنی هەر یەک لە ئایتمەکان بە وردەکاری زیاتر لە سەر بنەمای دۆخ، ڤیدیۆکەت باشتر ڕیک دەخرێت بۆ تایبەتمەندیەکانی خۆی.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.
- بەپێی سیگنالّی پێدراو، ئەو شێوازی وێنە کە هەیە ڕەنگە جیاواز بێت.
- کاتێک سەیری خزمەتێکی ئۆنلاین دەکەیت، دەتوانیت شێوازی وێنە بگۆڕیت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەی کە نیشان دەدرێت بگونجێت.
- گۆڕینی **دۆخی دەسنیشانکردن** ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانی چۆنیەتیی **پاشەکەوتی وزە** و **بایەخدانی Motion Eye**، وەدەتوانێت کاریگەری دابنێت لەسەر ئاستی بەکارهێنانی وزە یان کارەبا. دەتوانیت ڕێکبەندەکان بگۆڕیت لە **گشتی** ← **پاشەکەوتی وزە** و **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕووناکی** ← **بایەخدانی Motion Eye**.

### وێنەی بە کەسیکراو

بۆ شیکردنەوەی کوالّیتی وێنە دیاریکراوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێربوونی قوولّی زیرەکی دەستکرد.

### گەش

بە زیاترکردنی کۆنتراست، ڕووناکی و درەوشاوەیی، شەفافیەتی وێنەکە زیاتر دەکات.

### ستاندارد

وێنەکە بە کۆنتراست، ڕووناکی و ئاستی تیژی سروشتی نیشان دەدات.
ئەگەر لە ماوەی سیگنالّێکی HDR ئەمە دەسنیشان بکەیت، شاشەیەک کەوا دەتوانێت بە دروستی گوزارشت و ڕوونی وێنەکانی HDR نیشان بدات لە ژینگەیەکی سەیرکردنی ئاسایی دەردەکەوێت.

### ئابووری / خود پاراستنی تەزوو

تایبەتمەندی پارێزەری ووزە ڕێکبەندی سەر ئامێرەکە دەگۆڕێت بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

### سینەمای ماڵەوە

شاشەکە بە شێوەیەکی ڕوونتر و گەشتر لە **سینەما** دەردەکەوێت.

### سینەما

وێنەی گونجاو بۆ فیلم.

ئەگەر لە ماوەی سیگنالێکی HDR ئەمە دەسنیشان بکەیت، شاشەیەکی باشترکراو بۆ سیگنالی ڤیدیۆی HDR نیشان دەدرێت.

### وەرزش / تۆپی پێ / Cricket

وێنەی گونجاو بۆ یاریی وەرزشی. وێنەی جموجوولە تووندەکان وەکوو تێهەڵدان یان فڕێدانی تۆپ ڕوونتر دەکاتەوە.

- ناوی وەرزشەکان ڕەنگە بەپێی ناوچە جیاواز بێت.

### باشترکەری یاری

وێنەی گونجاو بۆ یاریی کۆمپیۆتەری.

## FILMMAKER MODE

کوالێتی وێنەی سینەمای باشترکراو پێشکەش دەکات کە بڕوانامەی پێدراوە لە لایەن UHD Alliance، دەستەی دیاریکردنی ستاندەر بۆ تەکنەلۆجیای پەیوەست بە UHD.

- بۆ خود-گۆڕین بۆ **FILMMAKER MODE** کاتێک سیگنالێک ناکرێت بخرێتە کار لەگەڵ ئەم دۆخە تێکرا بێت، ئەوە **خود دەستپێکردنی دۆخی FILMMAKER** بخە سەر **هەڵکردن**.

### شارەزا (مەودای ڕووناکی، کاتی ڕۆژ) / شارەزا (مەودای تاریک، کاتی شەو)

ئەم دۆخە بۆ فیلمەکان هتد. گونجاوە کە لە ژینگەیەکی تاریك سەیر دەکرێن.
**شارەزا (مەودای تاریک، کاتی شەو)** پلەی گەرمی ڕەنگی کەمتری هەیە لە **شارەزا (مەودای ڕووناکی، کاتی ڕۆژ)**.
دۆخێک دەسنیشان بکە کە گونجاوە بۆ ئەو فیلمانەی تۆ سەیریان دەکەیت.

- ISFccc : Imaging Science Foundation Certified Calibration Control
پسپۆڕ ئامرازێکە کە ڕێگە دەدات پسپۆڕێکی کوالیتیی وێنە، کوالیتیی وێنەکە ڕێک بکات. لەبەر ئەمە، ڕەنگە بۆ وێنەیەکی ئاسایی سوودی نەبێت.

## ویزاردی بە کەسیکراوی وێنە

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ویزاردی بە کەسیکراوی وێنە**

وێنەکە شی دەکاتەوە کەوا لە لایەن بەکارهێنەر دەسنیشانکراوە بە تەکنەلۆژیای فێربوونی قوولّی زیرەکی دەستکرد و بۆ باشترین کوالێتی وێنەی دادەنێت کەوا لە لایەن بەکارهێنەرەوە ویستراوە. دوگمەی **دەستپێکردن** ـی سەر شاشەکە دابگرە و لە هەر هەنگاوێکدا وێنەی خوازراوی خۆت دەسنیشان بکە.

- دوای چوونە ناوەوەی ئەژمێری LG ـی خۆت و بەکارخستنی **ویزاردی بە کەسیکراوی وێنە**، ڕێکبەندەکان بۆ هەر ئەژمێرێک هەڵدەگیرێن.
- کاتێک سێتەپکردنی ڕێکبەندەکانی **ویزاردی بە کەسیکراوی وێنە** تەواو دەکەیت، دۆخی وێنە بۆ گشت ئینپوتەکان بۆ **وێنەی بە کەسیکراو** دەگۆڕێت.
بۆ سێتەپکردنی دۆخی وێنە بە جیا بۆ هەر ئینپوتێک، دوگمەی ⏎ دابگرە بۆ دەسنیشانکردنی ئەو ئینپوتەی دەتەوێت بیگۆڕیت، و ئینجا بۆ دۆخی وێنە ـی خوازراوی بگۆڕە لە ⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**.
- بەگوێرەی کوالێتی دانراوی وێنە، ڕەنگە **هەنگاوی پاراستنی ووزە** بگۆڕێت و کار بکاتە سەر بەکارهێنانی ووزە.

## ڕێککردنی ئەندازەی شاشە

ڕێکخستنەکان ← ویژەتەکان ← ڕێژەی پانی بۆ بەرزی ← دەستنیشانکردنی بەکارهێنەر

دەتوانیت قەبارەی شاشە بگۆڕیت بەگوێرەی جۆری ئەو ناوەرۆکەی سەیری دەکەیت.

### 16:9

ڕێژەی وێنەی 16:9 نیشان دەدات.

### ڕەسەن

ڕێژەی باشترینی شاشە بەگوێرەی سیگنالّی وێنەی ئینپوت دەگۆڕێت.

### 4:3

ڕێژەی وێنەی 4:3 نیشان دەدات.

### زوومی ستوونی

دەتوانیت ئەندازەی ئەستوونیی شاشەکە بگۆڕیت و بە کەڵکوەرگرتن لە **دەستکاریکردنی ڕێژەی زووم** و **دەستکاریکردنی پێگەی شاشە** ئەندازەی ئەستوونیی شاشەکە ڕێک بکەیت.

### زوومی 4 ئاڕاستەیی

دەتوانیت ئەندازەی ئاسوویی/ئەستوونی/گۆشەبەگۆشەی شاشەکە بگۆڕیت و بە کەڵکوەرگرتن لە **دەستکاریکردنی ڕێژەی زووم** و **دەستکاریکردنی پێگەی شاشە** ئەندازەی ئاسۆیی/ئەستوونیی شاشەکە ڕێک بکەیت.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.
- ڕەنگە وێنەکە بشێوێت لەکاتی زووم کردن بۆ ناوەوە و دەرەوە.
- دەستنیشان کردنی قەبارەیەکی شاشەی جیاوازتر لە قەبارەی ڕەسەن ڕەنگە ببێتە دەرکەوتنی وێنەکە بە شێوەیەکی جیاواز.
- بەگوێرەی پێکهاتەی شێوازی وێنە و قەبارەی شاشە، ڕەنگە لێوارەکان بشاردرێنەوە یان بە ڕەشی نیشان بدرێن، یان ڕەنگە هەردووک لای وێنەکە بلەرزێت. هەروەها، لە کاتی دەستنیشانکردنی ئایتمێک لە سەر شاشەی پەخش، ڕەنگە هێڵی دەرەکی بە دروستی هاوتەریب نەبێت.
- بەپێی سیگنالّی پێدراو، ڕەنگە ئەو ئەندازەی شاشە کە هەیە جیاواز بێت.

## بە ئامرازی تەنها سکانکردن شاشەکە ببینە

ڕێکخستنەکان ← ویژەتەکان ← ڕێژەی پانی بۆ بەرزی ← تەنها سکانکردن

ئەگەر ئەم تایبەتمەندیە بکەیت بە **هەڵکردن** دەتوانیت سەیری ناوەرۆکەکە لە ڕێژەی ڕووبەر بکەیت کە لە سیگنالّی پەخش یان سەرچاوەی ناوەرۆکەکەدایە. ئەگەر لێواری شاشەکە پاک نیە، تکایە بیگۆڕە بۆ **کوژاندنەوە**.
ئەگەر ئەم ئامرازە لەسەر حاڵەتی **خودکار** دابنێیت، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەنێو سیگنالّی ڤیدیۆ دا یە، خۆی دەچێتە سەر حاڵەتی **هەڵکردن** یان **کوژاندنەوە**.

- ئەو ئایتمانە کە دەتوانیت هەڵیانبژێریت ڕەنگە بەپێی ئەو ئینپووتە کە ئێستا دراوە لە تەلەفزیۆنەکە جیاواز بن.

## ڕێکخستنی ڕووناکی وێنەیەک

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕووناکی**

دەتوانیت ڕووناکی تەواوی شاشەکەڕێک بخەیت.

### ڕووناکی پەنڵ

بە گۆڕینی پشتچرا ئاستی ڕووناکیی شاشە کۆنترۆڵ دەکات. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، شاشەکە ڕووناکترە.

- **ڕووناکی پەنڵ** کەم بکەوە بۆ ئەوەی وزەی کەمتر بە کار ببرێت.
- بەگوێرەی **پاشەکەوتی وزە** (**خودکار**/**زۆرترین**), لەوانەیە نەتوانیت دەسکاری **ڕووناکی پەنڵ** بکەیت.
لەم حاڵەتەدا، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **پاشەکەوتی وزە** ← **هەنگاوی پاراستنی ووزە** و بیکە بە **کوژاندنەوە** یان **کەمترین**.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە بژاردەیەکی ڕێکبەندی **ڕووناکی پەنڵ** بەردەست نەبێت.

### ڕووناکی پیکسێلی OLED

بە گۆڕینی پشتچرا ئاستی ڕووناکیی شاشە کۆنترۆڵ دەکات. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، شاشەکە ڕووناکترە.

- بەگوێرەی **پاشەکەوتی وزە** (**خودکار**/**زۆرترین**), لەوانەیە نەتوانیت دەسکاری **ڕووناکی پیکسێلی OLED** بکەیت.
لەم حاڵەتەدا، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **پاشەکەوتی وزە** ← **هەنگاوی پاراستنی ووزە** و بیکە بە **کوژاندنەوە** یان **کەمترین**.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە بژاردەیەکی ڕێکبەندی **ڕووناکی پیکسێلی OLED** بەردەست نەبێت.

### ڕێکخستنی کۆنتراست

کۆنتراستی بەشە ڕووناک و تاریکەکانی وێنەکە دەگۆڕیت. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، کۆنتراست زیاترە.

### ئاستی ڕەش

ڕووناکی شوێنە تاریکەکانی شاشە ڕێک دەخات. چەندە لە100 نزیکتر بێت، شاشەکە ئەوەندە ڕووناکتر دەبێت.

### کۆنتراستی داینامیکی خودکار

جیاوازی نێوان لای ڕوون و لای تاریکی شاشە چاک دەکات بۆ ئەوەی بەپێی ڕووناکیی وێنە بە باشترین شێوە نیشانی بدات.

### دیاریکردنی تۆنی داینامیك

لەسەر **هەڵکردن** دایبنە. بەپێی ڕووناکیی وێنەی ناوەڕۆکی HDR، بە باشترین شێوە کۆنتراست ڕێک دەکات.
لەسەر **کوژاندنەوە** دایبنە. دیاریکردنی **پێشەگەر** بۆ **هەڵکردن** ڕێگەت پێدەدات گۆزارشتی ناوەڕۆکی HDR بسازێنیت.

### باشکەری دەستەواژە

تەکنەلۆژیایەکە بۆ باشترکردنی کۆنتراست و دەربڕینی بەشی پێشەوە، باکگراوند و تەنەکە لە ڕێگەی شیکردنەوەی زانیاری وێنەی HDR.

### ڕووناکی لووتکە

زۆرترین ڕووناکی شاشەکە ڕێکدەخات.

### گاما (ڕێکخستنی ڕووناکی)

ڕووناکیی مامناوەندی وێنەکە دەگۆڕێت.

- **BT.1886** دەربڕی نمرەبەندیە بە شێوەی ITU-R BT.1886، کە ستاندەرێکی نێودەوڵەتیە.

### مەودای ڤیدیۆ

تاریکی شاشەکە ڕێک بخە بۆ نیشاندانی ڕەشێکی بێخەوش. **مەودای ڤیدیۆ** دەسنیشان بکە بۆ هاوتاکردنی ڕێژەی ڕەنگی ئامێری ئینپوتی دەرەکی.

- ئەم تایبەتمەندیە دەکرێت بەکار بێت بۆ سەیرکردنی ناوەڕۆک لە ڕێگەی ئینپوتی دەرەکی.

### تاریککردنی ناوەکی LED

بە ڕووناکتر کردنی لای ڕووناکی شاشە و تاریکتر کردنی لای تاریکی شاشە کۆنتراست دەگەیەنێت بە زۆرین ئاست.

- **کوژاندنەوە** : ناچالاککردنی کرداری **تاریککردنی ناوەکی LED**.
- **نزم** / **مامناوەندی** / **بەرز** : ڕێژەی وێک نەچوون دەگۆڕێت.

- ئەگەر ئەم بژاردەیە لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دابنیت، ڕەنگە وزەی زۆرتر بە کار ببرێت.

### بایەخدانی Motion Eye

بەپێی زانیاریەکانی وێنە ئۆتۆماتیک ئاستی ڕووناکی ڕێک دەکات و لێڵیی وێنە کەم دەکاتەوە بۆ ئەوەی چاو کەمتر ماندوو ببێت.

- ئەگەر ئەم بژاردەیە لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دابنیت، ڕەنگە وزەی زۆرتر بە کار ببرێت.

- بەپێی سیگنالی وەرگیراو یان شێوازی وێنەی هەڵبژێردراو، ڕەنگە ئەو بژاردەیانە کە هەن جیاواز بن.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## ڕێکخستنی ڕەنگی وێنەیەک

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕەنگ**

### قوواڵی ڕەنگ

ڕەنگە نیشاندراوەکانی سەر شاشە کەمڕەنگ یان پڕڕەنگ دەکات. هەرچەندە لە 100 نزیکتر بێت، ڕەنگەکە قوولْترە.

### تاریککردن

بالانسی ڕەنگی نێوان سوور و سەوزی نیشاندراو لەسەر شاشە دەگۆڕێت. هەرچەندە لە سوور 50 نزیکتر بێت، ڕەنگەکە زیاتر سوور دەبێت. هەرچەندە لە سەوز 50 نزیکتر بێت، ڕەنگەکە زیاتر سەوز دەبێت.

### زنجیرەی ڕەنگ

ڕادەی ئەو ڕەنگانە کە نیشان دەدرێن دیاری دەکات.

### ڕەسەن

ڕەنگی ڕوون و دەوڵەمەندتر نیشان دەدات.

### خود دۆزینەوە

خودکارانە **زنجیرەی ڕەنگ** دیاری دەکات بۆ هاوتاکردنی سیگناڵەکە.

### داینامیک

**زنجیرەی ڕەنگ** فراوان دەکات بۆ هاوتاکردنی لەگەڵ دیمەنەکە.

### Adobe RGB

**زنجیرەی ڕەنگ** دیاری دەکات بۆ ستاندەرەکانی Adobe RGB.

### سازاندنی وورد

ئەمە ئەو کاتە بەکاردێت کە کەسانی شارەزا کۆنترۆڵی دەکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی تاقیکردنەوە. دەتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت لە ڕێگەی دەستیشان کردنی شەش ڕەنگەکە (**سوور**/**سەوز**/**شین**/**پیرۆزەیی**/**ئەرخەوانی**/**زەرد**). لەوانەیە ڕێککردنەکان نەبێتە هۆی گۆڕانێکی بەرچاو لە ڕەنگی وێنەکە دا.

### ڕێکخستنی ڕەنگ

ڕەنگەکانی وێنە ڕێک دەکات بۆ ئەوەی سروشتیتر دیار بن.

### دەستیشانکردنی ڕەنگ

لە **سوور**/**سەوز**/**شین**/**پیرۆزەیی**/**ئەرخەوانی**/**زەرد**، تۆنێک دەستیشان بکە بۆ ڕێکخستن.

### ڕێکخستنی تێربوونی ڕەنگی / ڕێکخستنی پلەی ڕەنگ / ڕێکخستنی ڕووناککردنەوە

کرۆما/پلەی ڕەنگ/درەوشانەوەی تۆنەکە لە -30 بۆ +30 ڕێک بخە.

### هاوسەنگی سپی

کرداری ڕیکخستنی هەر ڕەنگێک تا دووبارە ووردتر بەرهەم بێتەوە لە سەر بنەمای ڕەنگی سپیە کە ڕێگەت پێدەدات کۆی ئاوازی ڕەنگی شاشەکە بە ویستی خۆت ڕیک بخەیت.

### پلەی گەرمی ڕەنگ

دەتوانیت ڕەنگ دیاری بکەیت بۆ ئەوەی نیشاندانەکە فێنکتر یان گەرمتر دەربکەوێت.

### شێواز

ئەم شێوازە بۆ ڕێکخستنی ووردی ڕێکبەندی پلەی گەرمی ڕەنگ بەکاردێت. دەتوانیت کۆنترۆڵی پلەی گەرمی ڕەنگ لە دوو خاڵدا بکەیت لە بەشی ڕووناک و بەشی تاریکی ڤیدیۆکە بکەیت ئەگەر **2 خاڵ** دەسنیشان بکەیت، لە هەر خاڵێکی 10 ئاستەکە ئەگەر **ئاستی سیگنالی 10 خاڵی(%)** دەسنیشان بکەیت، و هەر خاڵێکی 22 ئاستەکەی ڤیدیۆکە ئەگەر **ئاستی سیگنالی 22 خاڵی(%)** دەسنیشان بکەیت.

### خاڵ

ڕووناکی شاشە دەسنیشان بکە بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی ڕەنگ.
ئەگەر **شێواز** دیاریکرا بێت بۆ **2 خاڵ**؛ نزم بەکاربێنە بۆ دەسنیشانکردنی سێبەر و بەرز بۆ دەسنیشانکردنی بەرجەستەکردنەکان.
ئەگەر **شێواز** دیاریکرا بێت بۆ **ئاستی سیگنالی 10 خاڵی(%)**؛ دەتوانیت ڕووناکی دەسنیشان بکەیت بە بەکارهێنانی ئەو ژمارانەی ئامازە بۆ 10 ئاست دەکەن.
کاتێک **شێواز** دیاریکراوە بۆ **ئاستی سیگنالی 22 خاڵی(%)**، دەتوانیت ڕووناکی 22 ئاستەکەی ڕووناکی دیاری بکەیت.

### ئاستی سیگنالی(%)

ڕووناکی شاشە دەسنیشان بکە بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی ڕەنگ.
ئەگەر **شێواز** دیاریکرا بێت بۆ **ئاستی سیگنالی 10 خاڵی(%)**؛ دەتوانیت ڕووناکی دەسنیشان بکەیت بە بەکارهێنانی ئەو ژمارانەی ئامازە بۆ 10 ئاست دەکەن.
کاتێک **شێواز** دیاریکراوە بۆ **ئاستی سیگنالی 22 خاڵی(%)**، دەتوانیت ڕووناکی 22 ئاستەکەی ڕووناکی دیاری بکەیت.

- ڕەنگە ناوی **ئاستی سیگنالی(%)** بەگۆڕەی سیگنالەکە بگۆڕێت.

### ئاستی ڕووناکی لە زۆرترین ئاستی سیگنالی(%) نیشان بدە

ڕووناککردنەوەی بەرزترین ئاستی سیگنالی 100% ڕێک دەخات.

### ئاستی ڕووناکی لە ئاستی سیگنالی(%) ی دەسنیشانکراو ڕێک بخە

ڕووناکی ئاستی سیگنالی دەسنیشانکراو دەکرێت دەسنیشان بکرێت.

- تەنها کاتێک **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** بریتیە لە **سینەما**، **شارەزا (مەودای ڕووناکی، کاتی ڕۆژ)** یان **شارەزا (مەودای تاریک، کاتی شەو)** و کاتێک **شێواز** دیاریکراوە بۆ **ئاستی سیگنالی 10 خاڵی(%)** یان **ئاستی سیگنالی 22 خاڵی(%)** دەتوانیت ئەم ڕێکبەندانە ئەنجام بدەیت.

### سوور / سەوز / شین

پلەی گەرمی رەنگی خاڵی دەستنیشانکراو ڕێک بخە.
چڕی **سوور**/**سەوز**/**شین** لە مەودای -50 بۆ 50 ڕێک بخە.
دەتوانیت بەها پەیوەستەکان بۆ ڕووناکی دەستنیشانکراو لە **خاڵ** ڕێک بخەیت.

- بەپێی سیگناڵی وەرگیراو یان شێوازی وێنەی هەڵبژێردراو، ڕەنگە ئەو بژاردەیانە کە هەن جیاواز بن.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## ڕێکخستنی کۆنتراستی وێنەیەک

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕووناکی**

دەتوانیت کۆنتراستی وێنەیەک ڕێک بخەیت بۆ ئەوەی ڕوونتر نیشانی بدەیت.

### ڕێکخستنی تووندی ڕەنگ

تیژیی وێنە دەگۆڕێت. هەرچەندە لە 50 نزیکتر بێت، وێنەکە تیژتر و ڕوونترە.

### ڕوونێتی سۆپەر

ئاستی وردبینی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی وێنە تار و لێڵەکان ڕوونتر نیشان بدرێن.

### کەمکردنەوەی ژاوەژاو

بەتەواوی خاڵە وردە دیارەکان لادەبات بۆ ئەوەی وێنەکە ڕوون بێت.

### کەمکردنەوەی ژاوەژاوی MPEG

ئەو نۆیزە کەم دەکاتەوە کە لە کاتی دروستکردنی سیگناڵی ڤیدیۆی دیجیتاڵ دا پێش دێت.

### پلەبەندی نیان

ئەو دیاردەیە کەم دەکاتەوە کە چوارچێوەی وێنە تێکدەچێت و بە شێوازی پەیژەیە و شاشەیەکی ڕێکتر نیشان دەدات.

### سینەمای ڕاستەقینە

باشینەکردنی پیشاندان بۆ فیلمەکان.

## TruMotion

کوالیتی وێنە بە باشترین شێوە ڕێک دەکات بۆ ئەو وێنانەی کە خێرا دەجووڵێن.

- **کوژاندنەوە** : TruMotion دەکوژێنێتەوە.
- **جووڵەی سینەمایی** : لەرزینی جووڵەی سەر شاشە ڕێک بخە بۆ ئەوەی وەک ئەوە دیار بێت کە لە شانۆی فیلمدایت.
- **سروشتی** : وێنەکان بە کۆمەڵێک جووڵە دابنێ بۆ ئەوەی سروشتی و ڕوون بێت.

- **جوولّەی نیان** : وێنە خێراکان خاو دەکاتەوە.
- **دەستیشانکردنی بەکارهێنەر** : بە دەست **TruMotion** دیاری دەکات.
  - **De-Judder** : ڕادەی لەرزانی شاشەکە دەگۆڕێت.
  - **De-Blur** : ڕادەی لێڵی یان ناڕوونیی جموجوولّەکان کەم دەکاتەوە.
  - **OLED Motion / Motion Pro** : دەتوانیت ڤیدیۆکەت ڕوونتر بکەیت لە ڕێگەی بنبڕکردنی دوا-وێنەکان.

- تەنیا لە شێوازی '**دەستیشانکردنی بەکارهێنەر**' دا دەتوانیت ڕێککردنی پێشکەوتوو بگۆڕیت.

- بەپێی سیگنالّی وەرگیراو یان شێوازی وێنەی هەڵبژێردراو، ڕەنگە ئەو بژاردەیانە کە هەن جیاواز بن.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکانی وێنەی ئێستا بۆ گشت ئینپوتەکان

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **جێبەجێکردن بە سەر گشت ئینپوتەکان**

ئەو ڕێککردنانە کە دیاریان دەکەیت تەنها بۆ ئەو حاڵەتی پێدانە کە ئێستا هەڵبژێرراوە بە کار دەهێنرێن.
ئەگەر دەتەوێت ڕێککردنەکانی ئێستای وێنە بۆ هەموو حاڵەتەکانی پێدان بە کار بهێنیت، بژاردەی **جێبەجێکردن بە سەر گشت ئینپوتەکان** هەڵبژێرە.

## هەڵبژاردنی شێوازی وێنە

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ریسێتکردنەوە**

ئەگەر دەتەوێت ڕێکبەندەکانی وێنە ڕێک بکەیتەوە بۆ بەهاکانی کارگە لە دوای جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکان، ڕێککردنەوە دەستیشان بکە بۆ هەر دۆخێکی وێنە.

## خود دەستپێکردنی دۆخی FILMMAKER

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **خود دەستپێکردنی دۆخی FILMMAKER**

ئەگەر بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، **دۆخی وێنە** خودکارانە دەگۆڕێت بۆ **FILMMAKER MODE** کاتێک سیگنالّێک دەکرێت بخرێتە کار کە **FILMMAKER MODE** تێکرا بێت.

- کاتێک ئەم دۆخە کارایانە نیازی دروستکارەکە دەگەیەنێت، ڕەنگە لە دۆخی وێنەکانی دیکە تاریکتر دەربکەوێت.

## بۆ بەکارهێنانی ئامرازی کەمکردنەوەی ڕووناکی شین

⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **کەمکردنەوەی ڕووناکی شین**

گەرمای ڕەنگ کەم دەکرێتەوە بۆ ئەوەی چاو ماندوو نەبێت.

### هەڵکردن

پلەی گەرمی ڕەنگی شاشەکەت ڕێک دەخرێت.

### کوژاندنەوە

**کەمکردنەوەی ڕووناکی شین** بکوژێنەوە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# دەنگ

## دۆخی دەسنیشانکردن

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**

دەتوانیت گونجاوترین شێوازی دەنگ بۆ هەریەک لە چەشنەکان هەڵبژێریت.

### دەنگی AI / دەنگی AI پڕۆ

بەگوێرەی ئەو ناوەڕۆکەی سەیری دەکەیت، دەتوانیت چێژ لە دەنگی باشترکراو و دەوروبەری مەجازی بە کاتی ڕاستەقینە وەربگریت.

### ستاندەر

ڕاستکردنەوەی دەنگ بۆ هەموو جۆرە ناوەڕۆکێک.

### سینەما

ڕاستکردنەوەی دەنگ بۆ نمایشکردنی سینەمایی.

### دەنگی ڕوون / دەنگی ڕوونی پڕۆ

دەنگەکە زۆلاڵتر دەکات.

### وەرزش / تۆپی پێ / Cricket

دەنگ بۆ یاریە وەرزشیەکان باشتر دەکات.

- ناوی وەرزشەکان ڕەنگە بەپێی ناوچە جیاواز بێت.

### مووزیک

بە باشترین شێوە دەنگ بۆ گۆێگرتن لە مووزیک و گۆرانی میزان دەکات.

### باشترکەری یاری

بە باشترین شێوە دەنگ بۆ یاری کردن میزان دەکات.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.
- ئەگەر ساوندبارێکی LG گرێ بدەیت کەوا پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات لە ڕێگەی تێرمینالی HDMI، دەتوانیت دۆخی دەنگی دەسنیشان بکەیت کەوا لە ڕێگەی ساوندباری LG سەر ئامێرەکە دابینکراوە.
ئەگەر ⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** خرابێتە سەر **هەڵکردن**، ئەوە دۆخی دەنگیی ئامێرەکە بۆ ساوندباری LG دەردەچێت.

## سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە**

دەنگ لە ڕێگەی سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە پەخش دەکرێت.

## سپیکەری بێتەل بەکاربێنە

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری بێتەل بەکاربێنە**

### ئامێری Bluetooth

ئامێرێکی دەنگی Bluetooth بە شیوەی بێتەل گرێ بدە بۆ چێژ وەرگرتن لە دەنگ بە شێوەیەکی ئاسوودەتر.
سەیری ناملکەی بەکارهێنەری ئامێری دەنگیی Bluetooth بکە بۆ زانیاریەکان دەربارەی چۆنیەتی گرێدان و بەکارهێنانی ئامێرەکە.

- دوگمەی ⋮ فشار بدە با ئامێرە پەیوەستکراوەکان یان ئەو ئامێرانەی کە دەتوانیت پەیوەستیان بکەیت نیشان بدرێن و یەکێک لەوان پەیوەست بکەیت.
- بۆ ئامێرەکانی Bluetooth، ئاستی دەنگی ئامێرەکە دەکرێت لە ڕێگەی دەسنیشانکردن لە لیستی گرێدان کۆنترۆڵ بکرێت.
- ئەگەر ئامێری LG Sound Sync بەم دواییانە گرێدراوە، خودکارانە هەوڵی گرێدان دەدات کاتێک ئامێرەکە هەڵدەکرێت.
- ئێمە پێشنیار دەکەین ئامێرێکی دەنگی LG کە پشتیوانی دەکات لە LG Sound Sync پەیوەست بکەیت، لەڕێگەی شێوازی LG TV یان شێوازی LG Sound Sync ی سەر ئامێرەکە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێل پشتیوانیکراو نەبن.
- کۆدێکی دەنگ کە دەکرێت لە ڕێگەی Bluetooth دەربکرێت بریتیە لە SBC/aptX™.
- ئەگەر ئامێرەکە نەیتوانی پەیوەست ببێت، بزانە ئایا ئامێرەکە کارەبای پێ دەگات، هەروەها بزانە ئامێری دەنگی بەدروستی کار دەکات یان نە.
- بەکارهێنانی هێدسێتێکی Bluetooth پێشنیارکراوە کاتێک دوو ئامێری Bluetooth گرێدەدەیت.
- بەپێی جۆری ئامێری Bluetooth، ڕەنگە ئامێرەکە دروست پەیوەست نەبێت یان حاڵەتێکی نائاسایی ڕوو بدات بۆ نموونە دەنگ و ڕەنگ پێکەوە هەماهەنگ نەبن.

- بە تەنها هێدسێتی مۆبایل ڕەنگە کار نەکات.
- ئەگەر دوو ئامێری جیاوازی Bluetooth گرێدرا بن و لە هەمان کاتدا بەکاربێن، ڕەنگە دەنگەکان هاوڕێک نەبن.

- ئەگەر یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕوو بدات ڕەنگە دەنگ پرتەپرت بکات یان کوالیتیی دەنگ کەم ببێتەوە:
  - ئامێری Bluetooth زۆر لەم ئامێرە دوورە؛
  - بەربەست لە نێوان ئامێری Bluetooth و ئەم ئامێرە هەیە؛ یان
  - ئەگەر ئامێرەکە هاوکات لەگەڵ دەزگایەکی ڕادیۆیی وەک فڕنی مایکرۆوەیڤ یان LANی بێتەڵ بە کار بهێنرێت

- ئەگەر **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** لەسەر **باشترکەری یاری** دابنرێت و **دەنگ بۆ دەرەوە** لەسەر **ئامێری Bluetooth** دابنرێت، **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** دەگۆڕدرێت و دەبێتە **ستاندارد**.
- ئەگەر بەردەوام بووێت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە، ئێمە پێشنیاری بەکارهێنانی گرێدانێکی تەلدار دەکەین. ( دیجیتاڵی بینایی، پۆرتی HDMI )

### ئامێری LG WOWCAST

دەتوانیت چێژ لە دەنگی دەوڵەمەند وەربگریت بەبێ تێکچوونی کوالێتی، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی بێتەڵ ساوندبارێک گرێدا بێت کەوا پشتیوانی LG WOWCAST دەکات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- واباشە گرێدان بە تۆڕێکی بێتەڵ بکەیت بە بەکارهێنانی GHz 5. تۆڕەکە لە سەر کەناڵەکانی GHz 6 یان DFS کار ناکات. ئەگەر شاشەکەت لەگەڵ ئامێرە هۆشمەندەکان هاوبەش بکەیت یان Wi-Fi Direct گرێ بدەیت لەکاتی گرێدان بە تۆڕی 2.4 GHz، ئەوکات LG WOWCAST دەپچڕێت.
- ئەگەر دۆنگڵی LG WOWCAST گرێ بدەیت، سەرەتا دۆنگڵەکە گرێ دەدرێت.

### سپیکەری WiSA

دەتوانیت بە شێوەی بێتەڵ ئامێرەکە بە **سپیکەری WiSA** گرێ بدەیت بۆ چێژبینین لە دەنگی کوالێتی بەرز.
دەسنیشان بکە بۆ ڕێکخستنی ڕێکبەندە تێروتەسەڵەکانی **سپیکەری WiSA**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- بۆ بەکارهێنانی سپیکەری WiSA، پێویستە دۆنگڵی تایبەت گرێ بدەیت.
- ڕەنگە کێشەکانی پەیوەندی لە نێوان دۆنگڵی WiSA و سپیکەری WiSA ڕوو بدات لەو دۆخانەی تێوەگلانی بێتەڵ هەیە. لەم حاڵەتەدا، پەیوەندی بە کۆمپانیای دروستکەری سپیکەر بکە.
- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کڕینی بەرهەمی ڕێپێدراوی WiSA، سەیری www.wisaassociation.org بکە.

### ئامێری مۆبایڵ

ئەگەر ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لە سەر ئامێرێکی هۆشمەند دابمەزرێنیت و بەم ئامێرەی گرێ بدەیت، دەتوانیت ئامێرە گرێدراوەکە وەک سپیکەرێک بۆ ئەم ئامێرە بەکاربێنیت.

## سپیکەری تەلدار بەکاربێنە

⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← دەنگ بۆ دەرەوە ← سپیکەری تەلدار بەکاربێنە

### ئامێری Optical Out

دەتوانیت ئامێرێکی دەنگی گرێ بدەیت کەوا پشتیوانی لە بینایی دەکات بە پۆرتی دەنگی دەرچووی دیجیتاڵی ئامێرەکەت بۆ چێژ وەرگرتن لە دەنگەکە بە ئاسوودەییەکی کوالێتی باشتر و مەزنتر.

- تەنیا بۆ ئەو مۆدێلانە دەبێت کە پۆرتی ئۆپتیکاڵی دیجیتاڵیان هەیە.
- بۆ ڕێکخستنی ئاستی دەنگی ساوندبارێک کەوا پشتیوانی لە LG Sound Sync دەکات لەگەڵ ڕیموت کۆنترۆڵی ئەم ئامێرە، ⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان ← LG Sound Sync بخە سەر هەڵکردن.

### ئامێری HDMI(ARC)

دەنگ دەکرێت لە ڕێگەی ئامێری دەنگی دەرەکی گرێدراو لە ڕێگەی پۆرتی HDMI (eARC/ARC) دەربکرێت.

- **ئامێری HDMI(ARC)** هەڵبژێرە بۆ ئەوەی خۆی بۆ خۆی SIMPLINK هەڵ بکات. هەرکات SIMPLINK بکوژێتەوە، ڕێککردنەکانی بڵندگۆ خۆی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە سەر ڕێککردنی بنەڕەتی بۆ ئەوەی بڵاوکردنەوەی دەنگ نەپچڕێت.

### ئامێری دەنگی دەرچوو / هێدفۆنی تەلدار

بۆ چاکترکردنی پەخشی دەنگ بەپێی جۆری ئەو ئامێرەی کە پەیوەست کراوە، **هێدفۆنی تەلدار** یان **ئامێری دەنگی دەرچوو** هەڵبژێرە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- ئەگەر لەکاتێکدا کە ئامێرەکە هەڵکراوە هێدفۆنی تەلداری لێ بدەیت، خودکارانە بۆ خۆی هێدفۆنەکە دەناسێت و دەنگەکە لەوێوە بڵاو دەکاتەوە.

## سپیکەری دەرەکی لەگەڵ سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە

⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← دەنگ بۆ دەرەوە ← سپیکەری دەرەکی لەگەڵ سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە

دەکرێ دەنگەکە لە چەندین ئامێرەوە بە شێوەی هاوکات پەخش بکرێت.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

### ئامێری Bluetooth + سپیکەری تەلەفزیۆن

سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە و سپیکەری Bluetooth دەکرێت بەکار بێن بۆ دەرکردنی دەنگ لە هەمان کاتدا یان دەنگێکی دەوروبەر دەکرێت بەکار بێت.
تا دوو ئامێری Bluetoothی هەمان مۆدێڵ دەکرێت گرێ بدرێن.

01 دەستنیشان بکە بۆ گرێدانی سپیکەرێکی Bluetooth.

02 **دەرەنگپەخشکردنی دەنگ** بخە کار بۆ هاودەم کردنی سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە لەگەڵ سپیکەری Bluetooth. دەتوانیت خودکارانە یان بە دەستی ڕێکی بخەیت.

- کاتێک **دەنگ بۆ دەرەوە** دیاری دەکەیت وەک **ئامێری Bluetooth + سپیکەری تەلەفزیۆن**، ئەگەر **وێنە ← دۆخی دەسنیشانکردن** بریتی بێت لە **باشترکەری یاری**، بۆ **ستاندارد** دەگۆڕێت و **Dolby Atmos**یش دەکوژێنرێتەوە.
- لەکاتی بەکارهێنانی کرداری Screen Share، ڕەنگە ڤیدیۆ و دەنگ لە دەرەوەی هاودەمکردندا بێت. ئێمە پێشنیاری بەکارهێنانی **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە** لە **دەنگ بۆ دەرەوە** دەکەین.
- بۆ ڕێکخستنی ئاستی دەنگ بە دوگمەی دەنگی سەر ئامێری Bluetooth ت، ⚙ ← ⚙ ← **گشتی ← دەستگەیشتن ← بەیەکەوە لەگەڵ هۆکاری بیستن گوێبگرن** بۆ **ئامێری Bluetooth** دیاری بکە. بۆ ئەو ئامێرانەی Bluetooth کەوا دوگمەی ئاستی دەنگیان نیە، دەتوانیت ئاستی دەنگی ئامێرەکە لە شاشەی ڕێکبەندە تێروتەسەلەکانی **ئامێری Bluetooth + سپیکەری تەلەفزیۆن** ڕێک بخەیت.
- ئەگەر ⚙ ← ⚙ ← **گشتی ← دەستگەیشتن ← بەیەکەوە لەگەڵ هۆکاری بیستن گوێبگرن** بۆ **ئامێری Bluetooth** دیاریکرا بێت، تەنها دەکرێت یەک ئامێری Bluetooth گرێ بدرێت.
- بەگوێرەی جۆری ئامێری Bluetooth ت، ڕەنگە دوو ئامێر نەکرێت لە هەمان کاتدا گرێ بدرێن.
- بەپێی جۆری ئامێری Bluetooth، ڕەنگە ئامێرەکە دروست پەیوەست نەبێت یان حاڵەتێکی نائاسایی ڕوو بدات بۆ نموونە دەنگ و ڕەنگ پێکەوە هەماهەنگ نەبن.

### ئامێری LG WOWCAST + سپیکەری تەلەفزیۆن

لە هەمان کاتدا دەنگ لە ڕێگەی سپیکەری ناوخۆیی ئامێر و ساوندبار دەردەکات کەوا پشتیوانی لە LG WOWCAST دەکات.
دەتوانیت ئەم بژاردەیە دەسنیشان بکەیت ئەگەر ساوندبارێک گرێ بدەیت کەوا پشتیوانی لە LG WOWCAST دەکات.

### ئامێری Optical Out + سپیکەری تەلەفزیۆن

لە هەمان کاتدا دەنگ لە ڕێگەی سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە و ئامێری دەنگی گرێدراو بە پۆرتی دەنگی دەرچووی دیجیتاڵی پەخش دەکرێت.

### ئامێری (HDMI(ARC + سپیکەری تەلەفزیۆن

#### گرێدانی ساوندباری LG بە کرداری WOW Orchestra

سپیکەرە ناوخۆییەکان و ساوندبار دەکرێت لە هەمان کاتدا دەنگ دەربکەن بۆ ئەزموونێکی دەوڵەمەندتری دەنگ.
ئەگەر ساوندباری LG بە تێرمینالی HDMI (eARC/ARC) گرێ بدەیت، خودکارانە گرێ دەدرێت.

- **دەنگ بۆ دەرەوە** دیاری بکە بۆ **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە** یان **سپیکەری تەلدار بەکاربێنە** بۆ جیاکردنەوە.
- ناوتپوتی کۆدێک لەگەڵ ئامێرێک ڕەنگە لە سیگناڵەکانی ئینپوت جیاواز بێت.

#### گرێدانی هۆکاری بیستن

دەتوانیت ئاستی دەنگی سپیکەری ناوخۆیی و هۆکاری بیستن بەجیا ڕێک بخەیت.
ترانسمیتەری هۆکاری بیستن بە تێرمینالی HDMI (eARC/ARC) گرێ بدە.
بچۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی ← دەستگەیشتن ← بەیەکەوە لەگەڵ هۆکاری بیستن گوێبگرن** و **ئامێری (HDMI(ARC** هەڵبژێرە.

- بۆ ڕێکخستنی ئاستی دەنگی هۆکاری بیستنی گرێدراو بە ئامێرەکە، ی تەنیشتی **ئامێری (HDMI(ARC + سپیکەری تەلەفزیۆن** دابگرە.

**هێدفۆنی تەلدار + سپیکەری تەلەفزیۆن**

لە هەمان کاتدا دەنگ لە ڕێگەی سپیکەری ناوخۆیی و **هێدفۆنی تەلدار** پەخش دەکرێت.

- ئەگەر لەکاتێکدا کە ئامێرەکە هەڵگراوە هێدفۆنی تەلداری لێ بدەیت، خودکارانە بۆ خۆی هێدفۆنەکە دەناسێت و دەنگەکە لەوێوە بڵاو دەکاتەوە.

## Dolby Atmos

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **Dolby Atmos**

Dolby Atmos لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی شتە دەنگیەکان دیاری دەکرێت. هەموو دەنگێک دەکرێت میکس بکرێت وەکوو یەک ئێلێمێنتی دەنگی، شتێک، کە بە شێوەی سەربەخۆ لە فەزای سێ-پاڵووە دا دادەنرێت.
Dolby Atmos ئەزموونێکی دەنگی دروست دەکات بەجۆرێک دەردەکەوێت وەک ئەوەی لە دەوروبەرت بجووڵێت بە بەکارهێنانی سپیکەرەکانی ناوخۆیی.

پێڕستەکە، کەوا وەکو **هەڵکردن/کوژاندنەوە** کار دەکات، بەهای بنەڕەتی بریتیە لە **هەڵکردن**. بەپێی ئیڤێکتی **Dolby Atmos**، ناوەڕۆکی Dolby Atmos بە کار دەهێنرێت. (کاتێک پێرسەکە لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دادەنرێت)

- هەندێ ناوەڕۆکی Dolby Atmos ڕەنگە پەخش نەکرێنەوە.

## بالانس

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **بالانس**

دەتوانیت دەنگی هەریەک لە بڵندگۆی چەپ و ڕاست بگۆڕیت.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی ئامێر بەردەستە.

## هاوسەنگکار

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوسەنگکار**

دەتوانیت دەنگەکە ڕێک بخەیت لە ڕێگەی بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوەی ئاوتیوتی ڕێژەی لەرەلەری دیاریکراوی سیگناڵی دەنگەکە.

- ئەم بەربژارە دەکرێت چالاک بکرێت ئەگەر **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** دیاریکرا بێت بۆ **ستاندەر**.
- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە یان ساوندباری LG جێبەجێ دەبێت کەوا پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات.

## جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکانی ئێستای دەنگ بۆ گشت ئینپوتەکان

⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان ← جێبەجێکردن بە سەر گشت ئینپوتەکان

ئەو ڕێککردنانە کە دیاریان دەکەیت تەنها بۆ ئەو حاڵەتی پێدانە کە ئێستا هەڵبژێرراوە بە کار دەهێنرێن.
بۆ جێبەجێکردنی ڕێکبەندەکانی ئێستای دەنگت بۆ سەر گشت دۆخەکانی ئینپوت، **جێبەجێکردن بە سەر گشت ئینپوتەکان** دەستنیشان بکە.

## دەستپێکردنی ڕێکبەندەکانی دەنگ

⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان ← ریسێتکردنەوە

ڕێکبەندە تیروتەسەڵەکانی کاریگەری دۆخی دەنگی **ستاندەر** بۆ ڕێکبەندەکانی سەرەتا دەگەڕێنێتەوە.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە یان ساوندباری LG جێبەجێ دەبێت کەوا پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات.

## جۆری دامەزراندن

⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان ← جۆری دامەزراندن

ئەم دۆخە دەنگەکە لە سەر بنەمای سێتەپی ئامێرەکە باشتر دەکات.

### ستاند

ئەمە دەستنیشان بکە ئەگەر ئامێرەکە لە جۆری ستاند دامەزرێنرابێت.

### هەڵواسراو بە دیوار

ئەمە دەستنیشان بکە ئەگەر ئامێرەکە لە جۆری هەڵواسراو بە دیوار دامەزراوە.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی ئامێر بەردەستە.

## ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ

⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان ← ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ

ئەگەر بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ئاستی دەنگ خودکارانە ڕێک دەخرێت بۆ ئاستێکی گونجاو بۆ هەر ناوەڕۆکێک کە سەیری دەکەیت بۆ یارمەتیدانت لە چێژ وەرگرتن لە سەیرکردن بە ئاسوودەیی زیاتر.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە یان ساوندباری LG جێبەجێ دەبێت کەوا پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات.

## ڕێکبەندی دەنگی DTV

⚙ ← ⚙ ← دەنگ ← ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان ← ڕێکبەندی دەنگی DTV

کاتێ کە لە سیگنالّی پێدراو دا چەند جۆر دەنگ هەبێت، ئەم ئامرازە ڕێگەت پێ دەدات کە ئەو جۆرە دەنگە کە خۆت دەتەوێ هەڵبژێریت.

ئەگەر لەسەر حاڵەتی **خودکار** دابینیت، تەرتیبی گەڕان بەم شێوە دەبێت Dolby Digital ← HE-AAC ← AC4 ← Plus ← Dolby Digital و MPEG و دەنگ بە یەکەمین فۆرمەتێک کە دەدۆزرێتەوە بلاو دەکرێتەوە.

- بەپێی وڵات، ڕەنگە ئەم تەرتیبی گەڕانی خوارەوە بگۆڕدرێت : AC4 ← HE-AAC ← Dolby Digital Plus ← Dolby Digital ← MPEG.
- ئەگەر فۆرمەتی دەنگی هەڵبژێراو پشتیوانی نەکرێت، دەتوانی فۆرمەتێکی دیکە بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگ بە کار بهێنیت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## هاوکاتکردنی AV

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوتاکردنی شاشە و دەنگ**

کاری هاوکاتکردنی دەنگی ئەو بڵندگۆیەی کە کار دەکات ئەنجام دەدات.
لەگەڵ بەرز بوونەوەی بەهای ڕێکبەندەکە، دەرچووی دەنگ لە دۆخی بنەڕەتی نزمتر دەبێت.

ئەگەر **Bypass** دەستنیشان بکەیت، سیگنالّی پەخشەکە دەردەکات یان دەنگی ئامێرە دەرەکیەکان دەردەکات بەبێ هیچ دواکەوتنێکی دەنگ. ڕەنگە دەنگەکە دەربچێت پێش ڤیدیۆکە چونکە ئەم ئامێرە کاتی پێویستە بۆ لێکدانەوەی ئینپوتی ڤیدیۆ.

- بەربژارە بەردەستەکان بە گوێرەی ڕێکبەندی **دەنگ بۆ دەرەوە** دەگۆڕێن.

## فۆرماتی دەنگی ئینپوتی HDMI دەستنیشان بکە

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **فۆرماتی دەنگی ئینپوتی HDMI دەستنیشان بکە**

دەتوانیت فۆرماتی دەنگ بۆ هەر ئینپوتێکی HDMI دیاری بکەیت.
کاتێک بە ئامێرەکان گرێ دەدرێت یان گرێدان کە پشتیوانی لە تازەترین تەکنەلۆجیای دەوروبەر دەکات، دیاریکردن بۆ **Bitstream** ڕێگەت پێدەدات گوێ لە کوالّیتی دەنگی ویستراو بگریت.
کاتێک دەنگی گەیەنراو لە ڕێگەی پۆرتی HDMI هاودەم نەکراوە، بیکە بە **PCM**.

## هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن**

لەسەر **هەڵکردن** دابنە.
دۆخی دەنگی جێبەجێکراو لە سەر سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکەی سەر ساوندباری LG پەخش بکە.

- ساوندباری LG کەوا پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات پێویستە بە HDMI گرێ بدرێت بۆ ئەوەی سێتەپی بکەیت.

# LG Sound Sync

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **LG Sound Sync**

ئامێرێکی LG Sound Sync بە پۆرتی دەرچووی دیجیتاڵی بینایی گرێ بدە، و **دەنگ بۆ دەرەوە** بۆ **ئامێری Optical Out** دیاری بکە.
لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەم تایبەتمەندیە بۆ **هەڵکردن**، دەتوانیت ئاستی دەنگی ئامێری LG Sound Syncی گرێدراو ڕێک بخەیت بە بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێر.

- ئەگەر تایبەتمەندی خود-هێزی میلی دەنگ کە پشتیوانی لە LG Sound Sync دەکات بۆ هەڵکراو دانرابێت، میلی دەنگ هەڵدەکرێت و دەکوژێتەوە بەیەکەوە کاتێک ئامێرەکە هەڵدەکرێت یان دەکوژێنرێتەوە.

## دیاریکردنی دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ**

دەتوانیت **دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ** ڕێک بخەیت.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها ئەو کاتە بەردەستە کە ⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری تەلدار بەکاربێنە** دیاریکرا بێت بۆ **ئامێری Optical Out/ئامێری HDMI(ARC)**.
- کاتێک **Pass Through** چالاک دەکرێت، کاریگەریەکانی دەنگ ڕەنگە دەرنەچن.
- ئاوتپوتی کۆدێک لەگەڵ ئامێرێک ڕەنگە لە سیگناڵەکانی ئینپوت جیاواز بێت.

| | پێدانی دەنگ | پەخشی دەنگی دیجیتاڵ |
|---|---|---|
| **PCM** | هەموو | PCM |
| **خودکار / Pass Through** | MPEG | PCM |
| | Dolby Digital | Optical / HDMI ARC) Dolby Digital)<br>HDMI eARC) Dolby Digital / Dolby Digital)<br>Plus / Dolby MAT |
| | Dolby Digital<br>Plus / Atmos | Optical) Dolby Digital)<br>HDMI ARC) Dolby Digital / Dolby Digital)<br>Plus / Atmos<br>HDMI eARC) Dolby Digital / Dolby Digital)<br>Plus / Dolby MAT / Atmos |

| | |
|---|---|
| Dolby TrueHD<br>(تەنها HDMI) | Optical) Dolby Digital)<br>HDMI ARC) Dolby Digital / Dolby Digital)<br>Plus / Atmos<br>HDMI eARC) Dolby Digital / Dolby Digital)<br>Plus / Dolby TrueHD / Dolby MAT / Atmos |
| HE-AAC / AAC | Optical) Dolby Digital)<br>HDMI ARC) Dolby Digital / Dolby Digital)<br>Plus<br>HDMI eARC) Dolby Digital / Dolby Digital)<br>Plus / Dolby MAT |
| DTS / DTS Express / DTS-HD MA | Optical / HDMI ARC) DTS)<br>HDMI eARC) DTS / DTS-HD MA) |
| DTS-HD | Optical / HDMI ARC) DTS)<br>HDMI eARC) DTS / DTS-HD / DTS-HD MA) |
| DTS:X | Optical / HDMI ARC) DTS)<br>HDMI eARC) DTS / DTS-HD MA / DTS:X) |

- DTS , Dolby Atmos , HDMI eARC , Dolby TrueHD : ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- کاتێک لە ڕێگەی HDMI eARC گرێدراوە، جۆری دەنگی دەرچوو بە گوێرەی جۆری دەنگی پشتیوانیکراو لە ڕێگەی ئامێری گرێدراوەوە دەبێت.
  - بەگوێرەی ئامێری گرێدراو و جۆری دەنگی ئینپوت، دەکرێت وەک PCM گواستنەوەی دەنگی Dolbyی مێتاداتا (Dolby MAT PCM) دەربکرێت.
  - ئەگەر **دەنگی دەرچووی دیجیتاڵ** دیاریکرا بێت بۆ **Pass Through** و ئینپوتی HDMI بریتی بێت لە Dolby TrueHD یان PCMی فرە کەناڵ، دەکرێت دەنگەکە وەک Bypass دەربچێت.

## بەکارهێنانی ئامێری دەنگی پشتیوانیکراوی eARC

⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **پشتیوانی eARC**

eARC تەکنەلۆجیایەکە کە خێراتر زانیاری زیاتری دەنگ دەنێرێت و وەدەگرێت بەهۆی پانەبەری فراوانتر لە ARCی ئاسایی. دەتوانیت چێژ لە دەنگی ئامێر وەربگریت بە کوالێتی بەرزتر لە ARC لە ڕێگەی ئامێرێکی دەنگی گرێدراو.

01 ئامێرێکی دەنگ گرێ بدە کە پشتیوانی لە eARC دەکات بۆ پۆرتی HDMI (eARC/ARC).

02 بچۆ **دەنگ بۆ دەرەوە** ← **سپیکەری تەلدار بەکاربێنە** و **ئامێری (HDMI(ARC** هەڵبژێرە.

03 **پشتیوانی eARC** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

# دەستگەیشتن

## فێربوونی ڕیموت کۆنترۆڵ

**دەستگەیشتن** ← **فێربوونی ڕیموت کۆنترۆڵ**

**گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **فێربوونی ڕیموت کۆنترۆڵ**

دوگمەیەکی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە لە دوای ڕێنمایی سەر شاشەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی دوگمەکە.
دووجار داگرتنی دوگمەی ↩ بەدوای یەک دەبێتە هۆی کۆتای هێنانی **فێربوونی ڕیموت کۆنترۆڵ**.
دوگمەی ⏻ دابگرە بۆ کۆژاندنەوەی ئامێرەکە ئینجا ئەو بەرهەمانەی **گشت کاتێک ئامادە** یان هەیە **گشت کاتێک ئامادە** بنووسە ئەگەر هەڵکراوە.

## دەنگی هێزی ئامێر

**دەستگەیشتن** ← **تایبەتمەندیەکانی بینین** ← **دەنگی هێزی ئامێر**

**گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **دەنگی هێزی ئامێر**

ئەم تایبەتمەندیە ڕێگەت پێدەدات کاریگەریەکانی دەنگ هەڵ بکەیت/بکوژێنیتەوە کە دەبیستیت لە کاتی هەڵکردن یان کۆژاندنەوەی ئامێرەکەت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- دانانی **ڕێنمای دەنگ** بۆ **هەڵکراو** خودکارانە **دەنگی هێزی ئامێر** بۆ **هەڵکردن** دەگۆڕێت.

## بەیەکەوە لەگەڵ هۆکاری بیستن گوێبگرن

**دەستگەیشتن** ← **تایبەتمەندیەکانی بیستن** ← **بەیەکەوە لەگەڵ هۆکاری بیستن گوێبگرن**

**گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **بەیەکەوە لەگەڵ هۆکاری بیستن گوێبگرن**

هۆکارێکی یاریدەدەری بیستن دەکرێت بە Bluetooth یان HDMI گرێ بدرێت بۆ دەرکردنی دەنگ لە هەمان کاتدا لەگەڵ سپیکەری ناوخۆیی و هۆکاری یاریدەدەری بیستن.

### کۆژاندنەوە

**بەیەکەوە لەگەڵ هۆکاری بیستن گوێبگرن**کە دەکۆژێنێتەوە.

## ئامێری Bluetooth

**دەنگ بۆ دەرەوە** بۆ **ئامێری Bluetooth + سپیکەری تەلەفزیۆن** دەگۆڕێت. مێژووی گرێدانی ئێستای Bluetooth دەسڕدرێتەوە.

### ئامێری (HDMI(ARC

**دەنگ بۆ دەرەوە** بۆ **ئامێری (HDMI(ARC + سپیکەری تەلەفزیۆن** دەگۆڕێت.

- ئەگەر ئامێرێک جگە لە هاوکاری بیستن گرێ بدەیت، ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە بە دروستی کار نەکات.
- بۆ ئامێرەکانی Bluetooth، جۆری ئێرفۆن یان هێدسێت پێشنیارکراوە.
- بۆ ڕێنمایی دەربارەی چۆنیەتی گرێدان و سێتەپکردنی ئامێری Bluetooth، سەیری **ڕێکبەندەکان** ← **دەنگ** ← **سپیکەری دەرەکی لەگەڵ سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## زوومی زمانی ئاماژە

⌂ ← **دەستگەیشتن** ← **تایبەتمەندیەکانی بیستن** ← **زوومی زمانی ئاماژە**

⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **زوومی زمانی ئاماژە**

**کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**. دەتوانیت زووم بکەیتە سەر بەشێکی شاشە بۆ سەیرکردنی.

### دەسنیشانکردنی ناوچە

دەتوانیت شوێن یان قەبارەکە دەسنیشان بکەیت کە دەتەوێت زوومی بکەیت.
دەتوانیت شوێنەکە دەسنیشان بکەیت بۆ زوومکردن بە نیشاندەری سەر شاشەکە یان دوگمەکانی ▲/▼/◀/▶ سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.
دەتوانیت مەودایەک دەسنیشان بکەیت بۆ زوومکردن لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⬬ ـی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە.

- بۆ بەکارهێنانی **زوومی زمانی ئاماژە**، پێویستە **گۆڕینی ڕەنگەکان** بخەیتە سەر **کوژاندنەوە**.

## ڕێکبەندەکانی کاپشنی داخراو

⌂ ← **دەستگەیشتن** ← **تایبەتمەندیەکانی بیستن** ← **ژێرنووسەکان**

⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **ژێرنووسەکان**

ئەگەر پەخشکەرێک ناوەڕۆک لەگەڵ ژێرنووس پێشکەش دەکات، دەتوانیت بیانبینیت.
**ژێرنووسی داخراو** بۆ **هەڵکردن** بگۆڕە و ڕێکبەندی ژێرنووس دەسنیشان بکە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێڵ دەگۆڕێن.

**بۆ دانانی زمانی ژێرنووسی داخراو**

کرداری ژێرنووس بەکاربێنە کاتێک دوو زمانی ژێرنووس یان زیاتر پەخش دەکرێن.

- تەنها لە شێوازی دیجیتاڵ دا
- ئەگەر زمانی ژێرنووسی دەستنیشانکراو لە لایەن پەخشەکە پشتیوانی نەکرێت، ڕێکبەندی بنەڕەتی زمانی ژێرنووس بەرهەم دەهێنرێت.

## پێڕست بۆ ئەوانەی چاوکزن

دەستگەیشتن ← تایبەتمەندیەکانی بینین ← وەسفی دەنگ

گشتی ← دەستگەیشتن ← وەسفی دەنگ

ناوەڕۆکی سەر شاشە بە دەنگ ڕوون دەکرێتەوە بۆ کەسانی نابینا.
ئەگەر کۆمپانیای پەخش لە **وەسفی دەنگ** پشتیوانی بکات، دەتوانیت ئەم ئامرازە بە کار بهێنیت بۆ کەسانی چاوکز.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

### جۆری دەنگ

دەستگەیشتن ← تایبەتمەندیەکانی بینین ← جۆری دەنگ

گشتی ← دەستگەیشتن ← جۆری دەنگ

بۆ ئەو کەسانە کە گرفتی بیستن یان بینینیان هەیە ڕوونکردنەوەی دەنگی یان ژێرنووس دابین دەکرێت.

#### ئاسایی

دەنگی گریمانە هەڵبژێرە.

#### وەسفی دەنگ

بۆ ئەو کەسانە کە چاویان کزە ئەو دەنگە گریمانە کە پێت باشترە لەگەڵ دەنگی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە.

#### ژێرنووسی وتراو

بۆ کەسانی چاوکز تەنیا ئەو دەنگەی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە کە پێت باشترە.

#### هەر دەنگێکی تەواوکەر

هەموو ئامێرە لاوەکیەکانی بڵاوکردنەوەی دەنگ نیشان دەدات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## ئامرازی دیکەی دەنگ

دەستگەیشتن ← تایبەتمەندیەکانی بینین ← دیاریکردنی دەنگیی زیاتر

گشتی ← دەستگەیشتن ← دیاریکردنی دەنگیی زیاتر

بۆ ئەو کەسانە کە گرفتی بیستن یان بینینیان هەیە ڕوونکردنەوەی دەنگی یان ژێرنووس دابین دەکرێت.

### هیچ

دەنگی گریمانە هەڵبژێرە.

### وەسفی دەنگ

بۆ ئەو کەسانە کە چاویان کزە ئەو دەنگە گریمانە کە پێت باشترە لەگەڵ دەنگی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە.

### دەنگیی خاوێن

بۆ ئەوانەی گوێیان گرانە کاریگەری پاک و دەنگی کەسانی گوێگران دەسنیشان دەکات.

### ژێرنووسی وتراو

بۆ کەسانی چاوکز تەنیا ئەو دەنگەی تایبەتی کەسانی چاوکز هەڵبژێرە کە پێت باشترە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## بۆ دیاریکردنی گوێگرانی

⌂ ← **دەستگەیشتن** ← **تایبەتمەندیەکانی بیستن** ← **گوێ گرانی**

⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **گوێ گرانی**

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن**.

03 **ژێرنووسەکان** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.

04 **گوێ گرانی** بخەنە سەر دۆخی **هەڵکردن**.
ژێرنووسێک دابین دەکرێت بۆ ئەوانەی کێشەی بیستنیان هەیە.

- کاتێک **گوێ گرانی** خراوەتە سەر **هەڵکردن**، پێشینەی پێدەدرێت بەسەر بەربژارە سەرەکیەکان.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## گۆڕینی حاڵەتی پێرست بۆ شاشەی پرکۆنتراست

⌂ ← **دەستگەیشتن** ← **تایبەتمەندیەکانی بینین** ← **کۆنتراستی بەرز**

⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **کۆنتراستی بەرز**

کاتێک ئەم ئامرازە لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دادەنیت، پشتزەمینەی هەندێ لە پێرستەکانی سەر شاشە و ڕەنگی فۆنت دەگۆڕیت بۆ ئەوەی کۆنتراستی نێوان شوێنە ڕوون و تاریکەکان زیاتر بکات.

### سکێڵی بۆر

دەستگەیشتن ← تایبەتمەندیەکانی بینین ← سکێڵی بۆر

گشتی ← دەستگەیشتن ← سکێڵی بۆر

بۆ ڕوونی زیاتر، ڕەنگی پێرستی سەر ڤیدیۆ و شاشەکە بۆ ڕەش و سپی بگۆڕە. لەسەر **هەڵکردن** دابینە.

### گۆڕینی ڕەنگەکان

دەستگەیشتن ← تایبەتمەندیەکانی بینین ← گۆڕینی ڕەنگەکان

گشتی ← دەستگەیشتن ← گۆڕینی ڕەنگەکان

بۆ باشترکردنی بینراوێتی پێرستەکانی سەر شاشە، دەتوانیت چەند ڕەنگێک لە هەندێک پێرست هەڵگرێنیتەوە. لەسەر **هەڵکردن** دابینە.

# گشت کاتێک ئامادە

## گشت کاتێک ئامادە

گشتی ← گشت کاتێک ئامادە

**کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**.
کۆژاندنەوەی ئامێرەکە دۆخەکە بۆ **گشت کاتێک ئامادە** دەگۆڕێت و وێنەی زەمینەی شاشەی دەسنیشانکراو نیشان دەدات، و ئینجا دەتوانیت ناسینەوەی دەنگ یان دەنگی ئاوتپوتی ئامێرە هۆشمەندەکەت لە سەر سپیکەری ناوخۆیی بەکاربێنیت.
هەروەها دەتوانیت ئامێرەکە هەڵ بکەیت بە تایبەتمەندی ناسینەوەی دەنگی سپیکەری دەرەکی AIـی گرێدراو بە ئامێرەکە.
دەسنیشانکردنی **گشت کاتێک ئامادە بە بێ وێنەی زەمینە بەکاربێنە** وادەکات **گشت کاتێک ئامادە** بەکاربێت بێ نیشاندانی وێنەی زەمینە.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **دەستپێکردن لەگەڵ webOS** ← **بەکارهێنانی گشت کاتێک ئامادە** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

- بەکارهێنانی ووزە ڕەنگە لە ماوەی **گشت کاتێک ئامادە** بەرز بێتەوە.
- بۆ بەکارهێنانی ناسینەوەی دەنگ لە **گشت کاتێک ئامادە**، ئەوە **بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست** دیاری بکە بۆ **هەڵکردن** لە ← گشتی ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ**.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

# خزمەتگوزاری AI

## وێنەی AI پڕۆ

⚙ ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← وێنەی AI پڕۆ

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکراوە، زیرەکی دەستکرد، کە بە تەکنیکەکانی فێربوونی قوواڵی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر ڕاهێنراوە، باشترین وواردبینی بەگوێرەی جۆری ڤیدیۆکە دەدۆزێتەوە و بە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕووون، ڕاستەقینە و دەواڵەمەند نیشانی دەدات.

- تەنها بۆ پەخشکردنی دیجیتاڵی، ڤیدیۆکانی ئامێری بیرگەیەکی USB، و ئینپوتی ڤیدیۆی HDMIی پشتیوانیکراوە. بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.
- ئەگەر ⚙ ← وێنە ← دۆخی دەسنیشانکردن بریتیە لە **باشترکەری یاری**، ناتوانیت ئەم تایبەتمەندیە سێتەپ بکەیت.
- هەندێک مۆدێل لەگەڵ ناوەڕۆکیک کار ناکات کە مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە.

## ڕێکبەندەکانی ڕووناکی AI

⚙ ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← ڕێکبەندەکانی ڕووناکی AI

لەسەر **هەڵکردن** دابینە. زیرەکی دەستکرد (AI) بەشێوەیەکی کاریگەر گوزارشت لە ناوچە تاریکەکان دەکات لە سەر بنەمای ژینگەی دەوروبەر و تایبەتمەندیەکانی ناوەڕۆکی ئامێرەکە.

## دەسنیشان کردنی چەشنی AI

⚙ ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← دەسنیشان کردنی چەشنی AI

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، کوالێتی وێنە خودکارانە بۆ چەشنی ناوەرۆک ڕێکدەخرێت لە ڕێگەی زیرەکی دەستکرد.

- لەگەڵ ناوەرۆکی کۆپی پارێزراو کار ناکات.
- ئەگەر ⚙ ← وێنە ← دۆخی دەسنیشانکردن بریتیە لە **باشترکەری یاری**، ناتوانیت ئەم تایبەتمەندیە سێتەپ بکەیت.

## دەنگی AI / دەنگی AI پڕۆ

⚙ ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← دەنگی AI / دەنگی AI پڕۆ

لە سەر بنەمای زیرەکی دەستکرد، تایبەتمەندیەکانی ناوەڕۆکەکە لە کاتی ڕاستەقینە شی دەکاتەوە بۆ پێشکەشکردنی باشترین کاریگەریی دەنگ و دەنگی ڕووون، و دەنگی 3D ڕاستەقینە دەناسێتەوە لە ڕێگەی تازەترین تەکنەلۆژیای دەنگ.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە یان ساوندباری LG جێبەجێ دەبێت کەوا پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات.
- کاتێک ئەم تایبەتمەندیە بۆ **هەڵکردن**, دۆخی دەنگی دانراوە، ئەوە دەگۆڕدرێت بۆ **دەنگی AI/دەنگی AI پڕۆ**.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## دەنگ ڕێکخستنی AI

⚙ ← گشتی ← خزمەتگوزاری AI ← دەنگ ڕێکخستنی AI

لەگەڵ تایبەتمەندی **دەنگ ڕێکخستنی AI**، دەتوانیت شوێنی دانانی ئامێرەکە بزانیت لە ڕێگەی مایشسسکرۆفۆنی مەجیک ڕیموتـی خۆت بۆ باشترکردنی دەنگی ئامێرەکە بۆ ژینگەکەی خۆت.
**دەستپێکردنی سازکردنی دەنگی نوێ** دەسنیشان بکە بۆ پێوانەکردنی ئەو شوێنەی ئامێرەکەی تیادا دانراوە.
دوای ئەوەی کە پشکنین و ناسینی سەرمتایی تەواو بوو، دەتوانیت شێوازی دەنگی دڵخوازت هەڵبژێریت.

- **کوژاندنەوە** : ئەم بژاردەیە بەکارهێنانی دەنگی گۆڕدراو بە **دەنگ ڕێکخستنی AI** ناچالاک دەکات.
  ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت دەنگی ئامێرەکە بە شێوەی ئاسایی خۆی پەخش دەکرێتەوە بێ ئەوەی گۆڕانکاریەکی تێدا بکرێت.
- **ستاندەر** : ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت، دەنگی گۆڕدراو بە **دەنگ ڕێکخستنی AI** بە شێوازی ستاندارد پەخش دەکرێتەوە.
  لەم شێوازە دا دەنگێکی بێگەرد و سروشتی پەخش دەکرێتەوە.
- **بەرزکردنەوەی دەنگ** : ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت، دەنگی گۆڕدراو بە **دەنگ ڕێکخستنی AI** لەگەڵ جۆرێک تەکید لەسەر دەنگی باس پەخش دەکرێتەوە.
- **بەرزکەرەوەی تریبڵ** : ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێریت، دەنگی گۆڕدراو بە **دەنگ ڕێکخستنی AI** لەگەڵ جۆرێک تەکید لەسەر دەنگی زیر پەخش دەکرێتەوە.

- ئەگەر ئاستی نۆیز زیاتر لە ئاستی نۆیزی پەرتووکخانە (زیاتر لە 30 ~ 40 dBA) بێت، ئێمە پێشنیار دەکەین کە لەنێوان مەودای 3 میتر دا دابنین.
- ئەم فرمانە ڕەنگە باش کار نەکات ئەگەر:

  - نۆیزی پشتـزەمینە یەکجار زۆر و زیاتر لە 40 dBA بێت.
  - ئەگەر دووری نێوان ئامێرەکە و مەجیک ڕیموت لە 5 مەتر زیاتر بێت

## سەیرکردنی یارمەتی ناسینەوەی دەنگ

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **یارمەتی ناسینەوەی دەنگ**

لیستێک لە فەرمانەکانی دەنگ نیشان دەدات کە ئامێرەکە دەتوانێت جێبەجێی بکات.

## بەکارهێنانی ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **ڕێکبەندەکانی ناسینەوەی دەنگ**

دەتوانیت ڕێکبەندەکان بۆ تایبەتمەندیەکانی ناسینەوەی دەنگ جێبەجێ بکەیت.

## پێشنیارەکانی AI

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **خزمەتگوزاری AI** ← **پێشنیارەکانی AI**

دەتوانیت پەیامی پێشنیاری ناوەڕۆک وەربگریت بەگوێرەی مێژووی سەیرکردنی ناوەڕۆکت و مێژووی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشن.

### سەرنجی هۆشمەند

دەتوانیت پێشەکیەک دەست بخەیت بۆ ئەو تایبەتمەندیە هۆشمەندانە کە دەتوانیت لە کاتی سەیرکردنی پەخش یان بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنێک بەکاریان بێنیت.

### سەرنجی هۆشمەند لە ڕێکبەندەکان

لەکاتی شێوەبەند کردنی ڕێکبەندە تێروتەسەڵەکان، هەروەها دەتوانیت پێشنیار بۆ تایبەتمەندیە پەیوەندیدارەکان وەربگریت.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

# باشترکەری یاری

## باشترکەری یاری

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **باشترکەری یاری**

تایبەتمەندیەکان دیاری دەکات بۆ ئەزموونێکی ناوازە کاتێک یاری بە کۆنسۆلێکی ڤیدیۆ گەیم دەکەیت.
دەسنیشانکردنی **هەڵکراو** ڕێکبەندە پەیوەندیدارەکان هەڵدەکات.

- تەنها لەگەڵ ئینپوتی HDMI کار دەکات.
- ئەگەر ⚙ ← ⚙ ← **وێنە**/**دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** بۆ دۆخێکی جگە لە **باشترکەری یاری** بگۆڕیت، هەندێک ئایتم لە **باشترکەری یاری** ناکرێت دیاری بکرێن.
- ئەگەر ئەم تایبەتمەندیە بکەیت بە **هەڵکراو**، ناتوانیت هەندێک ئایتمی ڕێکبەندەکانی ڤیدیۆ بگۆڕیت.
- کاتێک **باشترکەری یاری** بۆ **هەڵکراو** دانراوە، ڕەنگە دواکەوتنی دەنگ ڕووبدات ئەگەر **دەنگ بۆ دەرەوە** بۆ **ئامێری Bluetooth**/**سپیکەری WiSA**/**ئامێری Optical Out**/**ئامێری (HDMI(ARC** دابنرێت. بیگۆڕە بۆ **سپیکەری تەلەڤزیۆن بەکاربێنە** یان ⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **فۆرماتی دەنگی ئینپوتی HDMI دەسنیشان بکە** بگۆڕە بۆ **PCM**.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

### یاری

#### چەشنی یاری

دەتوانیت شاشەکە ڕێک بخەیت بەگوێرەی چەشنی یاریەکە.

### OLED Motion / OLED Motion Pro

دەتوانیت ڤیدیۆکەت ڕوونتر بکەیت لە ڕێگەی بنبڕکردنی دوا-وێنەکان.

### کەمکردنەوەی ڕووناکی شین

دەتوانیت ئاوتپوتی ڕووناکی شین ڕێک بخەیت بۆ پشوودان بە چاوەکانت لە کاتی سەیرکردنی شاشەکە.

### دۆخی ژووری تاریک

دەتوانیت ڕووناکی تەواوی شاشەکەڕێک بخەیت بۆ کەمکردنەوەی ماندوو بوونی چاو لە ژینگە تاریکەکان یان لە کاتی سەیرکردن بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ ئەوەی سەیرکردنی شاشە ئاسانتر بکات.

### ڕێگری کردن لە دواکەوتنی ئینپوت (دواکەوتنی ئینپوت)

دواکەوتنی ئینپوت کەم بکەوە بەگوێرەی سیگنالّی وێنە.

### داشبۆردی یاری

لەسەر **هەڵکردن** دایبنە. دوگمەی ⚙ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵە دابگرە لە ماوەی یاریەک بۆ نیشاندانی **داشبۆردی یاری**. بیخە سەر **کوژاندنەوە** بۆ نیشاندانی وەک **ڕێکبەندە خێراکان** لە ماوەی یاریەک.

- تکایە سەیری **ڕێکبەندەکان** ← **ڕێکبەندە خێراکان** ← **داشبۆردی یاری**ی **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە بۆ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی **داشبۆردی یاری**.

## VRR

ئەمە تێکچوونی شاشە و لەرزین لە کاتی پەخشکردنی یاری کەم دەکاتەوە.

## VRR & G-Sync

تەکنەلۆجیای هاودەمکردنی ڕێکخەری نیشاندانی NVIDIA فرەیمەکان ڕێکدەخات بۆ کەمکردنەوەی تێکچوون و شێوانی شاشە.

## AMD FreeSync Premium

لەسەر **هەڵکردن** دایبنە. تەکنەلۆجیای هاودەمکردنی ڕێکخەری نیشاندانی AMD ڕێژەی تێکردن ڕێکدەخات بۆ کەمکردنەوەی پچڕان و شێوانی شاشە.

- مۆدێلی LED/QNED دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دابنرێت:
  **بەرز** : مەودای ڕێژەی تازە کردنەوەی پشتیوانیکراو بریتیە لە 90 Hz تا 120 Hz.
  **فراوان** : مەودای ڕێژەی تازە کردنەوەی پشتیوانیکراو بریتیە لە 48 Hz تا 120 Hz.
  ڕەنگە لێڵی شاشە لە هەندێک ژینگەی یاریکردن ڕوو بدات. لەم حاڵەتەدا، بیخە سەر **بەرز**.

### دۆخی 144هێرتز

لەکاتی یاریکردن شاشەکە بێخەوشتر نیشان دەدرێت.

- ئەمە تەنها بۆ یاری یان ئینپوتی کۆمپیوتەر کار دەکات کەوا پشتیوانی لە 144 Hz دەکات.

## ALLM

ئامێرەکە خودکارانە بۆ دۆخی دواکەوتنی کەم دەگۆڕێت ئەگەر ئەم تایبەتمەندیە لە کاتی کردنی یاریەکان هەڵبکرێت. لەم حاڵەتەدا، هەندێک ڕێکبەندەکانی وێنەی سەر ئامێرەکە ڕەنگە جێبەجێ نەبن.

- پێویستە ئامێری گرێدراو پشتیوانی لەم خزمەتگوزاریە بکات.

### باش سازاندنی شوێنە تاریکەکان

دەتوانیت ڕووناکی شوێنە تاریکەکان پلەبەند بکەیت بە **VRR**، **VRR & G-Sync** یان **AMD FreeSync** کە بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت.
**Premium**

- ڕەنگە بە ئاسایی کار نەکات بەگوێرەی تایبەتمەندیەکان یان ڕێکبەندەکانی کۆمپیوتەر یان کۆنسۆلی یاری گرێدراو.

### ڕەنگی پێرست

ڕەنگی پێرستی **باشترکەری یاری** و **داشبۆردی یاری** دەکرێت بگۆڕدرێن.

### ڕێنمای بەکارهێنەر

گواستنەوە بۆ ئەپلیکەیشنی **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## وێنە

### جێگیرکەری ڕەش

دەتوانیت شوێنە تاریکەکان بە ووردی ڕێک بخەیت.

### جێگیرکەری سپی

دەتوانیت شوێنە ڕووناکەکان بە ووردی ڕێک بخەیت.

### کۆنتراستی یاری

کۆنتراستی بەشە ڕووناک و تاریکەکانی وێنەکە دەگۆڕیت.

### ئاستی ڕەشی یاری

ڕووناکیی گشتیی شاشە ڕێک دەکات.
ڕەنگە ڕێکبەندەکانی **ئاستی ڕەشی یاری** بەکاربێنیت بەتایبەتی بۆ دیاریکردنی بەشە تاریکەکەی وێنەکە.

### ڕیکخستنی تیژی ڕەنگی یاری

تیژیی وێنە دەگۆڕێت.

### قوواڵی ڕەنگی یاری

ڕەنگە نیشاندراوەکانی سەر شاشە کەمڕەنگ یان پڕڕەنگ دەکات.

### دیاریکردنی تۆنی داینامیك

بەپێی ڕووناکیی وێنەی ناوەڕۆکی HDR، بە باشترین شێوە کۆنتراست ڕێک دەکات.

### ریسێتکردنەوە

دەتوانیت ڕێکبەندەکان ڕێک بخەیتەوە.

### ڕێژەی ڕووبەری فراوان

پشتیوانی وردبینی شاشەیەک بە ڕێژەی **21:9** یان **32:9** دەکات.

- تەنها ئەو کاتە کار دەکات کە ئینپوتی یاری یان کۆمپیوتەر پشتیوانی لە ڕێژەی شاشەی 21:9 یان 32:9 بکات.
- بۆ نیشاندانی شاشە لە ڕێژەی شاشەی دەسنیشانکراو، پێویستە وردبینیەکە بە شێوەی نیشاندراوی خوارەوە دیاری بکرێت بۆ هاوتا بوون لەگەڵ ڕێژەی شاشەی ویستراو، تەنانەت لە سەر کۆمپیوتەری گرێدراویش.
  - **21:9** : 3840 × 1600 (60 Hz تەنها سیگنالّ)، 2560 × 1080
  - **32:9** : 3840 × 1080

### جێگەی شاشە

دەتوانیت شوێنی شاشەکە بگۆڕیت کاتێک بۆ ڕێژەی شاشەی فراوان دیاری دەکەیت.

### ڕێکبەندە پێشکەوتووەکانی وێنە

گواستنەوە بۆ ⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان**.

## دەنگ

### دەنگی یاری AI

بە باشترین شێوە دەنگ بۆ یاری کردن میزان دەکات.

- ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ سپیکەری ناوخۆیی ئامێرەکە یان ساوندباری LG جێبەجێ دەبێت کەوا پشتیوانی لە **هاوبەشکردنی دۆخی دەنگی تەلەفزیۆن** دەکات.

### یەکسانکەری یاری

دەنگەکە دەکرێت ڕێک بخرێت لە ڕێگەی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی چەند لەرەلەرێکی سیگنالّی دەنگ.

### Dolby Atmos

کاریگەری Dolby Atmos بە سەر ناوەڕۆکی Dolby Atmos جێبەجێ دەبێت.
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی **Dolby Atmos**، سەیری**ڕێکبەندەکان** ← **دەنگ** ← **Dolby Atmos** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

### دەنگ بۆ دەرەوە

دەتوانیت ئامێرێکی دەنگ دەسنیشان بکەیت کەوا دەنگ لە ئامێرەکە دەردەکات.

- ئەگەر ئامێرێکی دەنگی جۆری USB یت دەسنیشان کرد بێت لە کاتی یاریکردن لە سەر کۆمپیوتەرێک، ئامێرەکەی دەنگ بۆ **لە کۆمپیوتەر بەکاردێت** بگۆڕە لە **هەبی گۆڕین**. دەکرێت دواکەوتنی دەنگ کەم بکرێتەوە. ڕەنگە هەندێک مۆدێل پشتیوانیکراو نەبن.

### ڕێکبەندە پێشکەوتووەکانی دەنگ

گواستنەوە بۆ ⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان**.

# چاودێری OLED

## چاودێری OLED

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **چاودێری OLED**

خزمەتگوزاری چاودێری نایابی هەمەجۆر بۆ بەکارهێنەرانەی مۆدێلەکانی OLED پێشکەش دەکات.

### ڕێکبەندەکانی وێنەی چاودێری

دۆخی شاشەی گونجاو بۆ شێوازی سەیرکردنت دیاری دەکات.

- ناکرێت **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** و **گشتی** ← **پاشەکەوتی وزە** لە کاتی بەکارهێنانی **ڕێکبەندەکانی وێنەی چاودێری** دیاری بکرێن.

### کوژاندنەوە

**ڕێکبەندەکانی وێنەی چاودێری**کە دەکوژێنێتەوە.

### دۆخی ئارامی

وێنەکە بە کۆنتراست، ڕووناکی و درەوشاوەیی ئاسایی نیشان دەدات.

### دۆخی شانۆ

وێنەی گونجاو بۆ فیلم.

### دۆخی چاودێری منداڵ

ڕووناکی شین ڕێک دەخات بۆ ئەوەی سەیرکردنی شاشەکە لای منداڵان ئاسانتر بکات.

### چاودێری پەنالی OLED

لە ڕێگەی **چاودێری پەنالی OLED**وە دەتوانیت کێشەی پێدالکانی وێنە لە کاتێک کە شاشە بۆ ماوەیەک بە هەڵکراوی ماوەتەوە چارەسەر بکەیت و کوالیتیی وێنە باشتر بکەیت.

#### پاککردنەوەی پیکسێل

کێشە پێشبینیکراوەکانی شاشە دیاری دەکات کاتێک ئامێرەکە بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵکراوە.
پێوانەکردن لایەنی کەم 10 خولەک تا ئەوپەڕی یەک کاتژمێر و نیو دەخایەنێت، بەگوێرەی مۆدێلەکە.

- کێبڵی کارەبا دەرمەهێنە لەو کاتەی ئەنجام دەدرێت.
- هەڵکردنی تەزوو لەماوەی کالیبرەیشنی **پاککردنەوەی پیکسێل** کردارەکە ڕەت دەکاتەوە.

#### دۆخی شاشە

ئەمە ماوەماوە نەختێک شاشەکە تەکان دەدات بۆ ئەوەی وێنە نەلکێت بە پانێلی پیشاندەر دا.

#### ڕیکخستنی ڕووناکی لۆگۆ

ئەگەر هاتوو لە کوالیتیی وێنەکان بۆ نموونە لۆگۆکانی نێو فایلەکە کێشە هەبوو، ڕۆشانیی وێنە ستاتیکەکان بگۆڕە.

#### پێشنیارەکانی چاودێری

پێشنیاری ڕێکبەندەکانی وێنەی گونجاو دەکات بۆ شەکەتی چاو یان ژینگەی سەیرکردن لە ڕێگەی شیکردنەوەی شێوازەکانی سەیرکردن.

# ڕێکبەندەکانی خێزان

### ڕێکبەندەکانی سنووردارای بەکارهێنان

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ڕێکبەندەکانی خێزان** ← **ڕێکبەندەکانی سنووردارای بەکارهێنان**

دەتوانیت ئامێرەکە تەنها لە کاتی دیاریکراوی بەکاربێنیت. لە دەرەوەی کاتی دیاریکراو، پێویستە نهێنوشەکەت بنووسیت بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکە.

01 **کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**.

02 **کاتی دەستپێکردن** دیاری بکە بۆ **کاتی کۆتایی**.
دەسنیشانکردنی **دووبارە کردنەوە** هەموو ڕۆژێک ئەم تایبەتمەندیە چالاک دەکات.

03 **دانان** هەڵبژێرە.

- بۆ ڕێنماییەکان دەربارەی چۆنیەتی ڕێککردنەوەی نهێنوشەکە، سەیری **ڕێکبەندەکان** ← **سیستم** ← **سەلامەتی** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

### دۆخی چاودێری چاو

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ڕێکبەندەکانی خێزان** ← **دۆخی چاودێری چاو**

**کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**. شاشەیەک بە ڕووناکیەکی شینی نزمکراوە نیشان دەدرێت لە پێناو پاراستنی چاوەکانت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- بەکارهێنانی **دۆخی چاودێری چاو** وا دەکات **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **کەمکردنەوەی ڕووناکی شین** دیاری بکرێت بۆ **هەڵکردن**.

### دۆخی سنووراری ئاستی دەنگ

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ڕێکبەندەکانی خێزان** ← **دۆخی سنووراری ئاستی دەنگ**

**کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**. ئاستی دەنگ ناکرێت بۆ سەرووی ئاستێکی دیاریکراو بەرز بکرێتەوە لە پێناو پاراستنی بیستنت.

- ڕەنگە **دۆخی سنووراری ئاستی دەنگ** بۆ ئامێرە دەنگیە گرێدراوەکان بە پۆرتی دیجیتاڵی ئۆپتیکاڵ/HDMI/هێدفۆن کار نەکات.

### ڕاپۆرتی کاتی شاشە

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ڕێکبەندەکانی خێزان** ← **ڕاپۆرتی کاتی شاشە**

دەتوانیت سەیری کاتی بەکارهێنانی ئامێرەکەت بکەیت.

# کەناڵەکان

### خودکارانە سێتەپ کردنی کەناڵەکان

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ** ← **سازاندنی خودکار**

خۆی بەرنامەکان میزان دەکات.

01 ئەو وڵاتە دەستنیشان بکە کەوا ئامێرەکەی تێدا بەکاردێت. ڕێکبەندەکانی کەناڵ بەگوێرەی وڵاتی دەستنیشانکراو دەگۆڕێت.

02 دەست بکە بە **سازاندنی خودکار**.

03 ئەو سەرچاوەی پێدانە کە دەتەوێ هەڵبژێرە.

04 لە ڕووی ڕێنماییەکانی سەر شاشە شێوازی میزانکردنی ئۆتۆماتیک دیاری بکە.

- ئەگەر سەرچاوەی پێدان بە شێوەیەکی گونجاو نەدرابێت لە تەلەفزیۆنەکە، ڕەنگە کاری تومارکردنی بەرنامە جێبەجێ نەبێت.

- **سازاندنی خودکار** تەنیا ئەو بەرنامانە دەدۆزێتەوە کە ئێستا پەخش دەکرێنەوە.
- ئەگەر **قوفڵکردنی کەناڵ** هەڵکرا بێت، لاپەنجەرەیەک دەردەکەوێت و داوای نهێنووشە دەکات.

**ڕێککردنی کابل دیاری بکە**

کاتێ کە بە بەکارهێنانی ڕێکبەندی تەواو (FULL) دەگەڕیت بۆ بەرنامەکان، لەوانەیە گەڕان ماوەیەکی زۆری پێ بچێت.
بۆ ئەوەی بتوانیت خێرا و دروست بگەڕیت بۆ هەموو ئەو بەرنامانە کە هەن، پێویستە ئەم بەشانەی خوارەوە پڕ بکەیتەوە.
ئەو بەشانە کە بەگشتی بە کار دەهێنرێن بە شێوەی "گریمانە" پڕ کراونەتەوە.
ئەو شتانە کە دەتوانی بیگۆڕی بەپێی **جۆر** جیاوازن.

### لەرەلەر (کیلۆهێرتز)

فرەکانسێکی دیاریکراو لەلایەن بەکارهێنەر داخڵ بکە.

### تێکڕای ڕەمزاندن (kS/s)

خێرایی ناردنی سیمبۆڵ بۆ بەرنامەیەک لەلایەن ئامێرێک وەکوو مۆدێم.

### ڕێکخستن

بارکردنی سیگنالّی دەنگ یان ڕەنگ لەسەر هەڵگر.

### ناسنامەی تۆڕ

پێناسێکی تایبەت کە بۆ هەر بەکارهێنەرێک دیاری دەکرێت.

### لەرەلەری دەستپێک (کیلۆهێرتز)

ڕێژەیەکی فرەکانسی دەسپێک کە لەلایەن بەکارهێنەر دیاری دەکرێت داخڵ بکە.

### لەرەلەری کۆتا (کیلۆهێرتز)

ڕێژەیەکی فرەکانسی کۆتایی کە لەلایەن بەکارهێنەر دیاری دەکرێت داخڵ بکە.

**بژاردەی ڕێککردنی سەتەلایت**

دەتوانی ئەو سەتەلایتە کە دەتەوێت زێدە بکەیت/بسڕیتەوە/ڕێک بکەیت.

- ئەم کردارە تەنها ئەو کاتە کار دەکات کە دۆخی کەناڵ سەتەلایت بێت.

### سەتەلایت

سەتەلایتی مەبەستی خۆت هەڵبژێرە.

### لەرلەری LNB

یەکێک لەم بڕانە هەڵبژێرە 9750/10600، 9750/10750، 9750، 10600، 10750، 11300، 5150، MDU1، MDU2، MDU3، MDU4، MDU5. ئەگەر 9750/10600، 9750/10750(MHz) هەڵبژێریت، **نەخمەی 22 کیلۆهێرتز** ناچالاک دەبێت. ئەگەر ناتوانیت بڕی فرەکانسی LNB لە نێو ئەم لیستە دا بدۆزیتەوە، بەشی "بەکارهێنەر" هەڵبژێرە و خۆت فرەکانسەکەی پێ بدە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## Transponder

ئەو ترانسپۆندەرە هەڵبژێرە کە دەتەوێ بیکەیتەوە.

## نەخمەی 22 کیلۆهێرتز

کاتێ کە سویچی تۆنی 22kHz بە کار دەهێنیت، 22kHz یان 0Hz هەڵبژێرە. ئەگەر **نەخمەی 22 کیلۆهێرتز** بە کار بهێنیت، 'یونیکابل' و 'جۆری مۆتۆر' ناچالاک دەبن.

## وزەی LNB

بۆ چالاککردنی سەرچاوەی هێز بۆ LNB، بژاردەی '**هەڵکردن**' هەڵبژێرە. ئەگەر بژاردەی '**کوژاندنەوە**' هەڵبژێریت، بەشی '**جۆری ماتۆر**' ناچالاک دەکرێت.

## DiSEqC

کاتێ کە DiSEqC بە کار دەهێنیت، لە بەشی A~D/ToneA~B بژاردەیەک هەڵبژێرە. ئەگەر **DiSEqC** بە کار بهێنیت، بەشەکانی 'یونیکابل' و 'جۆری مۆتۆر' ناچالاک دەبن.

## Unicable

بۆ بەکارهێنانی یونیکابل بژاردەی 'هەڵکراو' هەڵبژێرە و لە مێنووی '**ڕێکبەندەکانی Unicable**' دا یونیکابل ڕێک بکە. کاتێ کە یونیکابل چالاک کرابێت، بەشەکانی **نەخمەی 22 کیلۆهێرتز** و **DiSEqC** و **جۆری ماتۆر** ناچالاک دەبن.

## جۆری ماتۆر

بۆ بەکارهێنانی مۆتۆر بژاردەی 'جۆری مۆتۆر' هەڵبژێرە و لە مێنووی 'ڕێککردنی مۆتۆر' دا مۆتۆر ڕێک بکە. کاتێ کە مۆتۆر چالاک کرابێت، بەشەکانی **نەخمەی 22 کیلۆهێرتز** و **DiSEqC** و **Unicable** ناچالاک دەبن.

- ئەگەر سەتەلایتەکە لەسەر ئەوانی تر ڕێک بکەیت، پێویستە بچیتە بەشی 'دەستکاریکردنی ترانسپۆندەر' و ترانسپۆندەرێک زێدە بکەیت.
- لەکاتی دیاریکردنی **نەخمەی 22 کیلۆهێرتز** و **DiSEqC**، تۆ پێویستە لە هەمان شوێن پەیوەستیان بکەیت کە لە دەرکەوتەی سەر شاشە دەردەکەوێت.
- ئەگەر تۆ سەتەلایتێک بسڕیتەوە، هەموو ئەو بەرنامانە کە لەو سەتەلایتە دا خزن کراون دەسڕدرێنەوە.

**بژاردەی ڕێککردنی مۆتۆر**

**DiSEqC 1.2** : مۆتۆری کۆنترۆڵ بۆ گۆڕینی شوێنی ساجی سەتەلایت.

### ئاراستەی درایڤ

باری سووڕاندنی مۆتۆر دیاری بکە.

### دۆخی درایڤ

دوو شێوازی سووڕاندن هەن : پلەپلە و بەردەوام.

- هەنگاو : مۆتۆر بەپێی ئەو بڕە کە تۆ پێی دەدەیت دەسووڕێت (لە 1 تا 128).
- **بەردەوام** : مۆتۆر بەردەوام دەسووڕێت تا کاتێ کە تۆ دوگمەی 'وەستان' فشار دەدەیت.

### تاقیکردنەوەی Transponder

ئەو 'ترانسپۆندەرە ئەزموونی'ـە هەڵبژێرە کە دەتەوێت مێزانی بکەیت.

### سنور دابنێ

ئاراستەی سووڕانی مۆتۆر بەرەو لای ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا دیاری بکە بۆ ئەوەی مۆتۆرەکە تەنیا لەو ئاراستە دا کە دیاری کراوە بسووڕێت.

- هەڵکردن : دەتوانیت بە هەڵبژاردنی ئاراستەی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات مەودای سووڕانی مۆتۆر لە ئەم ڕادەی ئێستا سنووردار بکەیت.
- کوژاندنەوە : دەتوانیت ئەو سنوورە کە داتناوە لابببەیت.

### بڕۆ بۆ 0

تۆ دەتوانی مۆتۆرەکە ببەیتە سەر سیفر.

**USALS** : شوێنی ئێستات دیاری بکە (درێژایی جوگرافیایی/پانتایی جوگرافیایی).

## بۆ بەکارهێنانی 'میزانکردنی دەستی'

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ (سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ)** ← **سازاندنی دەستی**

ئەم کردارە بۆ گەڕانی بەدەستی و هەڵگرتنی کەناڵەکانە.
لە پەخشی دیجیتاڵ دا، دەکرێت هێزی سیگناڵ و کوالیتیی سیگناڵ چێک بکەیت.

### نوێکردنەوەی لیستی کەناڵ

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ** ← **نوێکردنەوەی لیستی کەناڵ**

ئەم تایبەتمەندیە زانیاری لیستی کەناڵی گۆڕاو نوێ دەکاتەوە بەگوێرەی بارودۆخی پەخشکردن یان ژینگەی سەتەلایتی وڵاتەکە کە تیایدا ئامێرەکە دامەزرێنراوە.
لیستی کەناڵەکە نوێ دەکاتەوە کاتێک ئامێرەکە دەکوژێنرێتەوە.

دوای بەڕۆژکردن، لەوانەیە لیستی بەرنامە بگۆڕدرێت. ئەگەر ناتەوێت، **کوژاندنەوە** هەڵبژێرە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## بۆ بەکارهێنانی 'تێستی سیگنڵ'

⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ (سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ)** ← **تێستی سیگنڵ**

زانیاریەکانی MUX و خزمەتەکان و هتد نیشان دەدات.

- تێستی سیگنڵ تەنیا بۆ ئانتێن یان کابل نیشان دەدرێت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## دەستکاریکردنی بەرنامەکان

⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **بەڕێوەبەری کەناڵ**

دەتوانیت ئەو بەرنامانەی کە لەنێو هەموو بەرنامە تۆمارکراوەکان دا هەڵتبژاردوون دەستکاری بکەیت یان بیانخەیتە نێو لیستی بەرنامە دڵخوازەکان یان لەو لیستە لایان ببەیت.

- ئەگەر کەناڵەکانی ئینتەرنێت دیاریکرابن، هەروەها دەتوانیت کەناڵەکانی **بەڕێوەبەری کەناڵ** بەڕێوە ببەیت.

### بژارکردنی هەموو کەناڵەکان

لە لیستی کەناڵی تەواو، دەتوانیت کەناڵە دەستنیشانکراوە دیاریکراوەکان بۆ **قوفڵ کردن / کردنەوەی قوفڵ** دیاری بکەیت یان بۆ دۆخی بازدراو دیاریان بکەیت لەکاتی گۆڕینی کەناڵەکان.

- ئامرازە بەردەستەکان ڕەنگە بەگوێرەی سیگنڵی پەخش بگۆڕێن.

### بژارکردنی دڵخوازەکان

دەتوانیت کەناڵە ویستراوەکان زیاد بکەیت/بسڕیتەوە بۆ و لە کەناڵە خوازراوەکان، گۆڕینی ڕیزبەندییان و شتی زیاتریش.

### بژارکردنی کەناڵەکانی سەتەلایت (پێشکەوتوو)

لە لیستی کەناڵی سەتەلایت، دەتوانیت کەناڵە دەستنیشانکراوە دیاریکراوەکان بۆ **قوفڵ کردن / کردنەوەی قوفڵ** دیاری بکەیت یان بۆ دۆخی بازدراو دیاریان بکەیت لەکاتی گۆڕینی کەناڵەکان.

- تەنها ئەو مۆدێڵانەی پشتیوانی سەتەلایت دەکەین جێبەجێکراون.

## زیاتر بزانە دەربارەی HbbTV

HbbTV (تەلەفزیۆنی بڕۆدباندنی پەخشی دوو-شێوازی) ستاندەرێکی نوێی پەخشکردنە کەوا خزمەتگوزاری تێلیتێکستی جۆری سوپەر چالاک دەکات. ڕێگە بە پڕۆگرامە گوێزراوەکان دەدات بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ ئامێرە هۆشمەندە بەکارهاتووەکان یان گرێدان بە خزمەتگوزاریە ئۆنلاینە گوێزراوەکان لە ڕێگەی بڕۆدباند.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چیژ لە کەناڵی ڕاستەوخۆ وەربگرە** ← **HbbTV** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

### کۆپی کردنی بەرنامەکان

⚙ ← ⚙ ← گشتی ← کەناڵەکان ← کۆپیکردنی کەناڵەکان

دەتوانیت لیستی کەناڵی ئامێرەکە لە سەر ئامێری هەمارگەی USB یان لیستی کەناڵی USB ئامێرەکە هەڵبگریت.

- بۆ مۆدێلی سەتەلایتی

# تۆڕ

## گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)

⚙ ← ⚙ ← گشتی ← تۆڕ ← گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)

ئەگەر ڕاوتەری گرێدراو بە تۆڕەکە پشتیوانی لە تایبەتمەندی DHCP ناکات، گرێدانی ئامێرەکە و ڕاوتەرەکە لە ڕێگەی وایەر خودکارانە گرێدان بە تۆڕ دەکات. ئەگەر پشتیوانی سێتەپی خودکار ناکات، دەتوانیت **بژارکردن** دەسنیشان بکەیت بۆ بە دەستی سێتەپکردنی گرێدانی تۆڕەکەت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## گرێدانی Wi-Fi

⚙ ← ⚙ ← گشتی ← تۆڕ ← گرێدانی Wi-Fi

دەتوانیت سەیری تۆڕی ئینتەرنێتی بێتەلی بەردەست بکەیت و گرێی بدەیت؛ ئەگەر ئامێرەکەت بۆ تۆڕی بێتەل سێتەپ کرد بێت. ڕاوتەری بێتەل دەسنیشان بکە بۆ گرێدان.
بۆ ڕێکبەندی تێروتەسەڵی زیاتر، **ڕێکبەندەکانی تری تۆڕ** دەسنیشان بکە.

### تۆڕێکی بێتەلی شاراوە زیاد بکە

ئەگەر ڕاستەوخۆ ناوی تۆڕەکە داخل دەکەیت، دەتوانیت تۆڕێکی بێتەل زێدە بکەیت.

### گرێدان لە ڕێگەی WPS PBC

ئەگەر ئەو ڕاوتەرە بێتەلەی دەتەوێت گرێدانی لەگەڵ بکەیت تایبەتمەندی پاراستنی شێوەبەندی دوگمەی داگرتنی سێتەپی وای فای (WPS-PBC)ی هەبێت، دەتوانیت بە ئاسانی گرێدان بە ڕاوتەری بێتەل بکەیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی WPS-PBCی سەر ڕاوتەرەکە. دوگمەی WPS-PBC ـی ڕاوتەری بێتەل دابگرە و ئینجا دوگمەی [گرێدانی]ی ئامێرەکە دابگرە.

### گرێدان لەڕێگەی WPS PIN

ئەمە ڕێگایەکە بۆ گرێدان بە خاڵی گەیشتن بە بەکارهێنانی تایبەتمەندی پاراستنی شێوەبەندی دوگمەی داگرتنی سێتەپی وای فای (WPS-PIN). ئەو خاڵی گەیشتنە (AP) دەسنیشان بکە کە دەتەوێت گرێدانی لەگەڵ بکەیت. ئەو PIN-ـە بنووسە کە لە سەر ئامێری Wi-Fiی خاڵی گەیشتن نیشاندراوە.

### ڕێکبەندە پەرەسەندووەکانی Wi-Fi

کاتێک گرێدان بە تۆڕێکی بێتەل دەکەیت دەتوانیت زانیاری گرێدانی وەک زانیاری ناونیشانی IPای تۆڕی بێتەل ببینیت. سەرەڕای ئەوەش، دەتوانیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی **بژارکردن** ناونیشانی IP و ناونیشانی سێرڤەری DNS بگۆڕیت کە دەتەوێت گرێدانی لەگەڵ بکەیت.

- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی گرێدان بە تۆڕ، سەیری **دەستپێکردن لەگەڵ webOS** ← **گرێدان بە تۆڕ** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# ئامێرە دەرەکیەکان

## گرێدانی کۆنترۆڵەری Bluetooth

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **گرێدانی کۆنترۆڵەری Bluetooth**

دەتوانیت ئامێرەکانی ئینپوت وەک تەختەکلیل، ماوس یان گەیمپادی Bluetooth گرێ بدەیت و بەکاربێنیت.
ئەو ئامێرەی ئینپوت هەڵ بکە کەوا دەتەوێت گرێی بدەیت، بیخە سەر دۆخی جووتکردن، و **گرێدان** ـی سەر شاشەکە دابگرە.
ئەگەر ئامێرەکەی ئینپوت هەڵبکەیت کەوا پێشووتر گرێدانت پێیەوە کردووە، خودکارانە گرێ دەدرێت. بۆ پچڕاندنی ئەو پەیوەندیەی کە ئێستا هەیە، لەسەر **جیاکردنەوە** کلیک بکە.

- وا باشە کە بەرهەمێک بەکاربێنیت کە بۆ گونجاویی لەگەڵ ئەم ئامێرە تاقیکراوەتەوە.
ماوسی Bluetooth : Logitech M535, Logitech MX Master 2S, Apple Magic Mouse2
تەختەکلیلی Bluetooth : Logitech K480، Arteck HB030B، Arteck HB192، تەختەکلیلی Apple Magic
گەیمپادی Bluetooth : Sony Dualshock4, Sony DualSense Controller, Sony DualSense Edge Controller, Microsoft Xbox One S Controller, Microsoft Xbox Series X Controller, Microsoft Xbox Adaptive Controller, NVIDIA SHIELD Controller, Amazon Luna Controller, Shaks S3b, Shaks S2b, Nintendo Switch Pro Controller, Nintendo Joy-con Controller, MOGA XP5-X Plus Controller
- ئەم تایبەتمەندیە تەنها بۆ مۆدێلە Bluetooth چالاککراوەکان بەردەستە.
- گرێدانی کۆمەڵێک ئامێری Bluetooth ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازی گرێدان یان کارپێکردن.
- ئەگەر ئامێری Bluetooth زۆر لەم ئامێرە دوورە، یان ئەگەر بەربەست لە نێوانیاندایە، ڕەنگە بە شێوەیەکی ئاسایی کار نەکەن.
- بەگوێرەی ئامرازەکان (ڕاوتەری بێتەل، فرنی مایکرۆوەیڤ، هتد)، ڕەنگە شکستهێنانی پەیوەندیکردن ڕووبدات.
- ئەگەر ئەو ئامێرەی لە **ئامێرە تۆمارکراوەکان** دەسنیشانتکردووە گرێ نەدرێتەوە، **جیاکردنەوە**و ئینجا دووبارە ئامێرەکە گرێ بدەوە.
- ئەمە لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر جیاوازە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرەی کە دەتەوێت پەیوەستی بکەیت، ڕێنمای

بەکارهێنەری ئەو ئامێرە بخوێنەوە.

## ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی جیهانی**

ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵی جیهانی سێتەپ بکەیت، دەتوانیت ئامێری لاوەکی گرێدراو بە ئامێرەکە لە ڕێگەی مەجیک ڕیموت کۆنترۆڵ بکەیت لەجیاتی ڕیموت کۆنترۆڵی خۆیان.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە** ← **دیاریکردنی کۆنترۆڵی جیهانی** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

## دیاریکردنی ئینپوتی دەرەکی HDMI

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی HDMI**

دەتوانیت ڕێکبەندەکان جێبەجێ بکەیت بۆ دڵنیاکردنی وێنەیەکی ڕوون و کۆنترۆڵ کردنی ئاسان بۆ ئامێرە گرێدراوەکانی HDMI.

### Pass Through 4:4:4

سیگناڵی 4:4:4 بۆ ئامێرەکەی دەرەوەی دۆخی کۆمپیوتەر بنێرە بەڵام تایبەتمەندی لێکدانەوەی وەک **کەمکردنەوەی ژاوەژاو**، **TruMotion** و زیاتریش ڕەنگە باز بدرێن. ئەم ڕێکبەندە تەنها بۆ دروستکاری ناوەڕۆک پێشنیارکراوە کە دەیەوێت سیگناڵێک بنێرێت کەوا پێویستی بە لێکدانەوەی زیاتر نیە.

### HDMI Deep Color

ئەگەر ئامێرێک گرێ بدەیت کە پشتیوانی **HDMI Deep Color** دەکات، دەتوانیت چێژ لە وێنەی ڕوونتر وەربگریت.
لە دوای گرێدانی ئامێری پەخش کردنەوە، **HDMI Deep Color** بکە بە **4K**.
ئەگەر ئامێرە گرێدراوەکە پشتیوانی ئەم کرداره نەکات، ڕەنگە بە دروستی کارنەکات.
کاتێک کێشەیەکی شاشە ڕوو دەدات، ڕێکبەندی **HDMI Deep Color** بۆ **کوژاندنەوە** بگۆڕە.

ئاستی وردبینیی پشتیوانیکراو بۆ شاشە

- 4K : تەنها پشتیوانی لە 4K@120 Hz -(4:4:4, 2:2:4, 0:2:4) (مۆدێلەکانی 4K@60 Hz (4:4:4, 120 Hz), 4K@60 Hz (4:2:0, 2:2:4, 0:2:4) دەکات
- کوژاندنەوە : پشتیوانی دەکات لە 4K@60 Hz (4:2:0)

شێوازی پشتیوانیکراوی 4K

| وردبینی | ڕێژەی فرەیم (Hz) | قوواڵایی ڕەنگ/گرتنی نموونەی ڕەنگ | | |
|---|---|---|---|---|
| | | 8 بیت | 10 بیت | 12 بیت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3840 × 2160p<br>4096 × 2160p (تەنها مۆدێلەکانی 60 Hz) | 50<br>59.94<br>60 | YCbCr 4:2:0 | YCbCr 4:2:0 (1 | YCbCr 4:2:0 (1 |
| | | YCbCr 4:2:2 (1 | YCbCr 4:2:2 (1 | YCbCr 4:2:2 (1 |
| | | YCbCr 4:4:4 (1 | - | - |
| | | RGB 4:4:4 (1 | - | - |
| | 50<br>59.94<br>60<br>(تەنها مۆدێلەکانی 120 Hz) | YCbCr 4:2:0 | YCbCr 4:2:0 (1 | YCbCr 4:2:0 (1 |
| | | YCbCr 4:2:2 (1 | YCbCr 4:2:2 (1 | YCbCr 4:2:2 (1 |
| | | YCbCr 4:4:4 (1 | YCbCr 4:4:4 (1 | YCbCr 4:4:4 (1 |
| | | RGB 4:4:4 (1 | RGB 4:4:4 (1 | RGB 4:4:4 (1 |
| | 100 (1<br>120 (1<br>(تەنها مۆدێلەکانی 120 Hz)<br>144 (2<br>(تەنها مۆدێلەکانی 144 Hz) | YCbCr 4:2:0 | YCbCr 4:2:0 | YCbCr 4:2:0 |
| | | YCbCr 4:2:2 | YCbCr 4:2:2 | YCbCr 4:2:2 |
| | | YCbCr 4:4:4 | YCbCr 4:4:4 | YCbCr 4:4:4 |
| | | RGB 4:4:4 | RGB 4:4:4 | RGB 4:4:4 |

(1 کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **4K** دانرابێت.

ئەو کاتە پشتیوانی دەکرێت کە (2 **باشترکەری یاری** ← **دۆخی 144هێرتز** بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت.

- تەنیا دەتوانیت ڕێککردنەکانی ئەو HDMIـە کە لەو کاتە دا سەیری دەکەیت بگۆڕیت.
- دەتوانیت ڕێککردنێکی جیاواز بۆ هەر پۆرتێکی HDMI دیاری بکەیت.

## گۆڕینی میدیای خێرا

کاتێک ناوەڕۆک بە ژمارەی چوارچێوە لەسەر چرکە (FPS)ـی زیاتر لە سەر ئامێرێکی دەرەکی پەخش دەکرێت کەوا پشتیوانی QMS دەکات، گواستنەوەی شاشە بەبێ پچڕان ئاسانتر دەکات.

- تەنها بۆ چەند مۆدێلێک جێبەجێکراوە.

## (SIMPLINK (HDMI-CEC

دەتوانیت بە ڕیموت کۆنترۆڵی ئەم ئامێرە بە سانایی کۆمەڵێک ئامێری مەڵتی میدیا کۆنترۆڵ بکەیت و بەکاربێنیت کە لە ڕێگەی HDMI گرێدراون.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە ← گرێدان بە (SIMPLINK (HDMI-CEC** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

## کۆمپیوتەری Dolby Vision

دەتوانیت چێژ لە شاشەی Dolby Vision وەربگریت بە چالاک کردنی HDR لە ڕێکبەندەکانی نیشاندانی کۆمپیوتەری گرێدراو.

- تەنها بۆ چەند مۆدێلێک جێبەجێکراوە.

## بە مۆبایل هەڵی بکە

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **بە مۆبایل هەڵی بکە**

ئەگەر **هەڵکردن لە ڕێگەی Wi-Fi/هەڵکردن لە ڕێگەی Wi-Fi (دۆخی ستاندبای تۆڕ)** یان **هەڵکردن لە ڕێگەی Bluetooth/هەڵکردن لە ڕێگەی Bluetooth (دۆخی ستاندبای تۆڕ)** دیاریکرا بێت بۆ **هەڵکردن**، دەتوانیت ئامێرەکەت بخەیتە کار بە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنێک کە پشتیوانی لە **بە مۆبایل هەڵی بکە** دەکات.

- پێویستە ئامێرەکە بە تۆڕێک گرێدرا بێت.
- ئەم ئامێرە و ئامێرەکە کە دەبێت بەکاربێت پێویستە بە هەمان تۆڕەوە گرێدرا بن.
- ئامرازی **هەڵکردن لە ڕێگەی Wi-Fi/هەڵکردن لە ڕێگەی Wi-Fi (دۆخی ستاندبای تۆڕ)** دەبێت لەنێو ئەپێک دا لەسەر ئامێرێکی هۆشمەند کە پشتیوانی دەکات لە ئەم ئامرازە بە کار بهێنرێت.
- **هەڵکردن لە ڕێگەی Bluetooth/هەڵکردن لە ڕێگەی Bluetooth (دۆخی ستاندبای تۆڕ)** تەنها لە سەر هەندێک تەلەفۆنی هۆشمەند بەردەستە.
- پێویستە ئامێرەکە خرابێتە سەر کارەبا.
- یەکەم جار کە دەتەوێت کۆنێکی بکەیت، دڵنیا ببە ئەو ئامێرەی کە بەکاری دەهێنیت ئامادە یە بۆ کۆنێکت کردن.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## سڕینەوەی میژووی گرێدان

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **سڕینەوەی میژووی گرێدان**

دەتوانیت میژووی گرێدانی ئامێرەکە بسڕیتەوە کە بەم ئامێرە گرێدراوە لە سەر تۆڕی بێتەل.

# سیستم

## ڕێککردنی زمان

**ڕێکخستن** ← **گشتی** ← **سیستم** ← **زمان (Language)**

دەتوانیت زمانی مێنووی سەرشاشە و زمانی دەنگی پەخشی دیجیتاڵ هەڵبژێریت.

### زمانی پێرست (Menu Language)

دەتوانیت یەکێک لە زمانەکانی مێنوو هەڵبژێریت بۆ ئەوەی لەسەر شاشە نیشان بدرێت. زمانی ناسینەوەی قسە خودکارانە دیاری دەکرێت بە ئاماژەکردن بۆ زمانی دەسنیشانکراوی پێرستەکە.

- ناسینەوەی قسە تەنها بۆ هەندێک مۆدێل جێبەجێ دەکرێت.

### زمانی دەنگیی بنەڕەتی / زمانی دەنگیی لاوەکی

کاتێ کە بەرنامەیەکی دیجیتاڵ پەخش دەبێتەوە کە چەند زمانی هەیە، دەتوانیت ئەو زمانە هەڵبژێریت کە دەتەوێت.
لە ئەو بەرنامانە دا کە پاڵپشتی ناکەن لە چەند زمان، زمانی گریمانە بە کار دەهێنرێت.

- بەسەر پەخشی دیجیتاڵ جێبەجێ دەبێت.

### زمانەکانی تەختەکلیل

زمانێک بۆ بەکارهێنانی تەختەکلیلی سەر شاشە هەڵبژێرە.

#### بۆ ڕێککردنی زمانی تێلەتێکست

زمانی تێلەتێکست دیاری دەکات.
بۆ بینینی وردەکاریەکان، بچۆ بەشی **چێژ لە کەناڵی ڕاستەوخۆ وەربگرە** ← **دەقی زانیارییەکان** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

- تەنها لە شێوازی دیجیتاڵ دا
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## ڕێککردنی شوێن

**ڕێکخستن** ← **گشتی** ← **سیستم** ← **شوێن**

دەتوانیت ڕێکبەندی شوێنی ئامێرەکە بگۆڕیت.

### ڕێکبەندی ناونیشان

دەتوانیت **هەرێم** و **شار** ـی ئامێرەکەت دیاری بکەیت.

### وڵاتی پەخشکردن

دەتوانیت وڵاتی پەخش لە سەر ئامێرەکەت دیاری بکەیت.

### کۆدی زیپ

ئەم کردارە بۆ دیاری کردنی شوێنی پەخشی ئامێرەکە بەکاردێت لە ڕێگەی نووسینی کۆدی زیپیت.

### وڵاتی خزمەتگوزاریەکانی LG

ئەگەر **دانان بە خودکار** دیاری نەکەیت، دەتوانی بە دەست وڵاتەکە هەڵبژێریت.

### ڕێکبەندی شوێنی کەشوهەوا

تکایە ناوچەی خۆت دیاری بکە بۆ نیشاندانی کەشوهەوا لە سەر سکرین سەیڤەر و هتد.

- ئەگەر پەیوەست نەبیت بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، دەبێ بە شێوەی دەستی وڵات هەڵبژێریت.
- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## کات و تایمەر

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **کات و تایمەر**

دەتوانیت سەیری کات بکەیت یان ڕێکبەندە پەیوەندیدارەکان شێوەبەند بکەیت.

#### دانان بە خودکار

کاتی ئامێرەکە خودکارانە بۆ کاتی زانیاری پەخشکردنی دیجیتاڵی دیاری دەکرێت کە لە لایەن وێستگەی پەخشکردنەوە یان کاتی ناردراو لە لایەن سێرڤەرەکەوە دەنێردرێت.

#### **کات** / **بەروار** / **هەرێمی کات**

ئەگەر کاتی دیاریکراو میزان نەبێت، دەتوانیت بە شێوەی دەستی کات و ڕۆژ میزان بکەیت.

- ئەگەر بە دەستی دیاری بکەیت لەگەڵ ئەنتێنای گرێدراو، زانیاری خشتە، ڕێنوێنی پرۆگرام، هتد. ڕەنگە بە دروستی کار نەکەن.

#### سازاندنی ناوچەی کات

کاتێک **کەستم** لە **هەرێمی کات** دەسنیشان دەکەیت، پێرستی **سازاندنی ناوچەی کات** چالاک دەکرێت.

#### کاتگرەکان

### کاتگری نووستن

ئامێرەکە بۆ کوژاندنەوە لە کاتێکی دیاریکراودا دادەنێت.
ئەگەر ناتەوێت **کاتگری نووستن** بە کار بهێنیت، **کوژاندنەوە** هەڵبژێرە.

### تایمەری هەڵکردن

**کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**.
ئامێرەکە لە کاتە دانراوەکە هەڵدەکرێت.

- **کات** : ئەو کاتە دیاری بکە کە تیایدا تەزوو هەڵبکرێت.
- **دووبارە بوونەوەی کاتگر** : ڕۆژی هەفتە دیاری بکە. بەربژارەکە بۆ **هیچ** دیاری بکە بۆ تەنها یەک جار کارپێکردنی تایبەتمەندیەکە.
- **تێچوو** : ئینپوتێکی دەرەکی دیاری بکە بۆ نیشاندان کاتێک هێزەکە هەڵدەکرێت.
- **کەناڵی کاتگر** : کەناڵێک دیاری بکە بۆ نیشاندان کاتێک هێزەکە هەڵدەکرێت. ئەم بەربژارە تەنها ئەو کاتە دەکرێت دیاری بکرێت کە **تێچوو** بۆ **تەلەفزیۆن** دیاریکراوە.
- **ئاستی دەنگ** : ئاستی دەنگ دیاری بکە بۆ بەکارهێنان کاتێک هێزەکە هەڵدەکرێت.

### تایمەری کوژاندنەوە

**کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**.
ئامێرەکە لە کاتە دیاریکراوەکە دەکوژێتەوە.

- **کات** : ئەو کاتە دیاری بکە کە تیایدا تەزوو بکوژێنرێتەوە.
- **دووبارە بوونەوەی کاتگر** : ڕۆژی هەفتە دیاری بکە. بەربژارەکە بۆ **هیچ** دیاری بکە بۆ تەنها یەک جار کارپێکردنی تایبەتمەندیەکە.

### کوژاندنەوەی خودکار لە دوای 4 کاتژمێر

ئەگەر بۆ ماوەی 4 کاتژمێر لە دوای هەڵکردنی ئامێرەکە هیچ دوگمەیەک دانەگریت لە ڕێگەی تایبەتمەندیەکی وەک **تایمەری هەڵکردن**، ئامێرەکە خودکارانە دەکوژێتەوە.
بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی بەر هەمەکە خودکارانە ناکوژێتەوە، **کوژاندنەوەی خودکار لە دوای 4 کاتژمێر** بۆ **کوژاندنەوە** دیاری بکە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

- بۆ بەکارهێنانی **تایمەری هەڵکردن/تایمەری کوژاندنەوە**، کات بە دروستی دیاری بکە.

## ڕێککردنی سەلامەتی

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی**

دەتوانیت قوفڵ بخەیتە سەر پەخشەکان یان ئەپلیکەیشنەکان.
**کردارەکە چالاک بکە** دیاری بکە بۆ **هەڵکراو**.

### قوفڵکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆن

ئەم ئامرازە بەپێی ئەو زانیاریە کە لە وێستگەی پەخش وەیدەگرێت کار دەکات. لەبەر ئەمە، ئەگەر سیگنڵ زانیاریی

نادروست بدات، ئەم ئامرازە کار ناکات.
سەیرکردنی منداڵان سنووردار دەکات بۆ ناوەڕۆکی پەخشی دیاریکراوی گەوران لە سەر بنەمای ڕێکبەندەکانی سنووردارکردنی نمرە پێدان. بۆ سەیرکردنی ناوەڕۆکی بلۆککراو، نهێنوشەکە بنووسە. ڕەنگە نمرەپێدان بەگوێرەی وڵات بگۆڕێت.

- تەنها لە شێوازی دیجیتاڵ دا پشتیوانی دەکرێت.
- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## قوفڵکردنی کەناڵ

ئەو بەرنامە کە ناوەڕۆکەکەی بۆ منداڵان شیاو نیە قوفڵ دەکات. دەتوانیت بچیتە سەر کەناڵەکە بەڵام شاشەکەی بەتاڵە و دەنگەکەی بڕاوە. بۆ تماشاکردنی بەرنامەیەکی قوفڵکراو، تێپەڕوشەکەی پێ بدە.

## قوفڵکردنی کاربەرنامەکان

دەتوانیت کاربەرنامەکان قوفڵ بکەیت یان قوفڵی سەریان لابببەیت.

- ئامرازی قوفڵکردن بۆ ئەو بەرنامەی کە ئێستا کراوەتەوە و کاری پێ دەکەیت ڕاستەوخۆ بوونی نیە.

## قوفڵکردنی تێچوو

دەتوانیت قوفڵی پێدراو چالاک ببەیت یان لای ببەیت.

## ڕێککردنەوەی نهێنوشە

نهێنوشەی ئامێرەکە دابنێ یان بگۆڕە.

- نهێنوشەی بنەڕەتی وەک "0000" دیاریکراوە.
کاتێک فەرمنسا، نەرویج یان بەلجیکا بۆ وڵات دەستنیشان دەکرێت، نهێنوشەکە ”0000“ نیە بەڵکو ”1234“ـە.

### گۆڕینی تێپەڕوشەی لەدەستچوو

ئەگەر ئەو تێپەڕوشەی کە دیاری دەکەیت، لە دەست بدەیت، دەتوانیت بەم شێوەی خوارەوە بیگۆڕیت:

01 لە سەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⚙ دابگرە.

02 ئەمە هەڵبژێرە: ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **سەلامەتی**.

03 لەسەر ڕیموت کۆنترۆڵ دوگمەی ⊞ **(کەناڵەکان)** ^ ← ⊞ **(کەناڵەکان)** ^ ← ⊞ **(کەناڵەکان)** v ← ⊞
**(کەناڵەکان)** ^ on فشار بدە. پەنجەرەی پێدانی تێپەڕوشەی سەرەکی نیشان دەدرێت.

04 ژمارە "0313" لە پەنجەرەی ئینپوتی نهێنوشەی سەرەکی بنووسە. تێپەڕوشە ڕیسێت دەبێتەوە.

## دەستپێکردنی خێرا+

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **دەستپێکردنی خێرا+**

ئەم ڕێکبەندە ئامێرەکە دەخاتە دۆخی ئامادەباشی کاتێک دەکوژێنرێتەوە بۆئەوەی کاتێک ئامێرەکە هەڵدەگرێتەوە خێراتر

فرمانەکانی ئامێرەکە بەکاربێنێت.
**دەستپێکردنی خێرا+** بخەنە سەر دۆخی **هەڵگرتن**.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.
- چالاک کردنی ئەم فەرمانە ڕەنگە ببێتە هۆی بەکارهێنانی وزەی زیاتر.

## ڕێکبەندەکانی ماڵەوە

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێکبەندەکانی ماڵەوە**

### هەڵگرتنی شاشە

دەتوانیت شاشەکە دەستنیشان بکەیت ئەوەی لە کاتی هەڵگرتنی تەزوو نیشان بدرێت.

### ڕیکلامی ماڵەوە

دەتوانیت ڕیکلامکردن هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە لە سەر شاشەی سەرەکی.

### پێشنیاری ناوەڕۆک

دەتوانیت پێشنیارەکانی ناوەڕۆک لە سەر شاشەی ماڵەوە وەربگریت.

### وێنەی زەمینە

وێنەی زەمینەی ماڵەوەی دەستنیشانکراوت لە دۆخی ڕەش نیشان دەدرێت.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

## ڕێکلامی پەردەپارێز

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێکلامی پەردەپارێز**

دەتوانیت ڕیکلامی نیشاندراوی سەر پارێزەری شاشەی چەند ئەپلیکەیشنێک هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە. دیاریکردن بۆ **کوژاندنەوە** ڕێگەت پێدەدات ڕیکلامی نیشاندراوی سەر پارێزەری شاشە بکوژێنیتەوە.

## بۆ ڕێککردنی نیشاندەری پاوەر

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕووناکی ئامادەگی**

دەتوانیت چرای ئامادەباش هەڵ بکەیت یان بکوژێنیتەوە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## دیاریکردنی نیشاندەری مەجیک ڕیمۆت

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **بەربژاری ئاماژەدەر**

دەتوانیت خێرایی و قەبارەی نیشاندەرەکە دیاری بکەیت کە دەتەوێت لە کاتێکدا لە سەر شاشەکەدایە.

### ڕچەگرتنی خێرایی

خێرایی نیشاندەر دیاری دەکات.

### قەبارەی نیشاندەر

قەبارەی نیشاندەر دەستنیشان بکە.

## بەکارهێنانی Live Plus

**Live Plus** بریتیە لە خزمەتگوزاریەک کە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی ئەو پرۆگرامانەی سەیری دەکەیت پێشکەش دەکات.

بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **وەرگرتنی زۆرترین سوود لە کرداری هۆشمەند** ← **Live Plus** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## بۆ بەکارهێنانی ڕێنمای ڕێککردن

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ڕێنوێنی ڕێکبەندەکان**

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاری دەکرێت، دەتوانیت یارمەتی لە ئایتمە دەستنیشان کراوەکان وەربگریت کاتێک بە ناو پێرستی ڕێکبەندەکان گوزەر دەکەیت.

### ناسنامە دابنێ

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **ناسنامە دابنێ**

دەتوانێت (ناسنامە)یەکی ژمارە دیاری بکەیت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک ئامێر.

- ئەم تایبەتمەندیە بۆ سەرپەرشتەکانە. بۆ بەکارهێنان لە ژینگەیەکی نمونەیی ماڵەوە پێشنیارکراو نیە.

## گەڕاندنەوە بۆ ڕێککردنی کۆمپانی

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ریسێتکردنەوە بۆ ڕێکبەندە بنەڕەتیەکان**

ئامێرەکە بۆ ڕێکبەندەکانی سەرەتای خۆی بگەڕێنەوە. دوای ڕێککردنەوە، ئامێرەکە خودکارانە دەکوژێتەوە.

### ڕێککردنەوەی هەموو

ئەمە گشت ڕێکبەندەکان بۆ بەهای بنەڕەتیان دەگەڕێنێتەوە.

### ڕێککردنەوەی هەموو جگە لە ڕێکبەندەکانی تۆڕ

گشت ئایتمەکان جگە لە ڕێکبەندەکانی تۆ بۆ ڕێکبەندی بنەڕەتی خۆیان گۆڕاون.

- ئەگەر **سەلامەتی** لەسەر **هەڵکراو** دانرابێت، بۆ **ریسێتکردنەوە بۆ ڕێکبەندە بنەڕەتیەکان** پێویستە تێپەڕوشەکەی پێ بدەیت.
- لە کاتی ئامادەکردنی سەرەتایی دا، تەلەفزیۆنەکە مەکوژێنەوە.
- ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئامێرەکە ڕێک بکەیتەوە بۆ **ریسێتکردنەوە بۆ ڕێکبەندە بنەڕەتیەکان** پێش ئەوەی بیفرۆشیت یان بۆ لایەنێکی سێیەمی بگوازیتەوە.

# پاشەکەوتی وزە

## بۆ بەکارهێنانی ئامرازی **پاشەکەوتی وزە**

⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **پاشەکەوتی وزە**

بە گۆڕینی ئاستی ڕووناکیی شاشە ڕێژەی بەکارهێنانی کارەبا کەم دەکاتەوە.

### هەنگاوی پاراستنی ووزە

**خودکار** : سێنسەری بەرهەم ڕادەی ڕووناکیی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت و بەو جۆرە ڕۆشنایی شاشەکە ڕێک دەکات.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

**کەمترینی ڕووناکی** : دەتوانیت ئەوە دیاری بکەیت شاشەکە چەند تاریک بێت کاتێک **هەنگاوی پاراستنی ووزە** بۆ **خودکار** دیاریکراوە.
**کوژاندنەوە** : **هەنگاوی پاراستنی ووزە**کە دەکوژێنێتەوە.
**کەمترین / مامناوەندی / زۆرترین** : تایبەتمەندی پاراستنی هێز بەگوێرەی **هەنگاوی پاراستنی ووزە** ـی دیاریکراوی سەر ئامێرەکە بەکاربێنە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێڵ دەگۆڕێن.
- ئەگەر کردارێ **هەنگاوی پاراستنی ووزە** بەکاربێنیت، ڕووناکیی ئامێرەکەت کاریگەری لە سەر دروست دەبێت.

### هێزی خودکار کوژاوەتەوە

کاتێک ئامێرەکە هەڵکراوە، خودکارانە دەکوژێتەوە ئەگەر لە ماوە دیاریکراوەکەدا هیچ دوگمەیەک دانەگریت.

- ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

### شاشە کوژاوەیە

شاشە دەکوژێتەوە و تەنیا دەنگی تەلەفزیۆنەکە پەخش دەکرێت.
بۆ هەڵکردنەوەی شاشەکە دەتوانیت دەست بنیت بە هەرێک لە دوگمەکان دا بێجگە لە دوگمەی پاوەر و دوگمەکانی دەنگ.

- ڕەنگە پشتیوانی نەکرێت، بەگوێرەی ئەپلیکەیشن یان کرداری بەکارخراو.

# پاڵپشتی

## نوێکردنەوەی نەرمامراز

⚙ ← ⚙ ← **پاڵپشتی** ← **نوێکردنەوەی نەرمامراز**

نوێکردنەوەی نەرمامراز بەکاردێنێت بۆ پشکنین و دەستخستنی تازەترین وەشان.

### نوێکردنەوەی خودکار

کاتێک بۆ **هەڵکردن** دیاری دەکرێت، نوێکردنەوەکان خودکارانە ئەنجام دەدرێن بێ ڕێکاری دڵنیاکردنەوەی جیاواز جگە لە هەندێک نوێکردنەوەی گرنگ نەبێت.

### پشکنین بۆ نوێکردنەوەکان بکە

لەکاتی پشکنین بۆ تازەترین وەشانی نوێکردنەوە، دەتوانیت تەنها نوێکردنەوە ئەنجام بدەیت ئەگەر فایلی نوێکردنەوەی وەشانێکی دواتر بەردەست بێت. ئامێرەکە خودکارانە پشکنین بۆ وەشانی نەرمامرازەکەت دەکات، بەڵام ئەگەر پێویست بێت، دەتوانیت بە دەستی پشکنین بکەیت.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.
- تازەترین وەشان دەکرێت لە ڕێگەی سیگناڵی پەخشی دیجیتاڵ یان گرێدانی ئینتەرنێتەوە دەست بخرێت.
- گۆڕینی پڕۆگرام لەکاتی دابەزاندنی نەرمامراز لە ڕێگەی سیگناڵی پەخشی دیجیتاڵ پڕۆسەی دابەزاندن دەپچڕێنێت. گەڕانەوە بۆ پڕۆگرامی سەرەتایی ڕێگە بە درێژەپێدانی دابەزاندن دەداتەوە.
- ئەگەر نەرمامرازەکە نوێ نەکرێتەوە، ڕەنگە چەند کردارێک بە دروستی کار نەکەن.
- لە هەندێ وڵات، ئەگەر پەیوەست نەبیت بە ئینتەرنێت، **نوێکردنەوەی خودکار** نیشان نادرێت.

## خود دەسنیشانکردنی شاشە

⚙ ← ⚙ ← **پاڵپشتی** ← **خود دەسنیشانکردنی شاشە**

لە دوای ڕادانی تاقیکردنەوەیەک بۆ پشکنینی ئەوەی کە سیگناڵی وێنە بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەچێت، دەتوانیت ئەوە دەسنیشان بکەیت ئایا لە سەر شاشەکە ناسروشتیە یان نا.
ئەگەر هیچ کێشەیەک لە تێستەکە دا نیە، سەرنجی ئامێری دەرەکیی پەیوەستکراو یان سیگناڵی پەخش بدە و بزانە کێشەی هەیە یان نە.

## خود دەسنیشانکردنی دەنگ

⚙ ← ⚙ ← **پاڵپشتی** ← **خود دەسنیشانکردنی دەنگ**

دەست بکە بە 'تێستی دەنگ' تا بزانیت ئایا بڵاوکردنەوەی سیگنالّی دەنگ ئاساییە یان نە، پاشان دیاری بکە کە ئایا هەڵەیەک هەیە یان نە.
ئەگەر هیچ کێشەیەک لە تێستەکە دا نیە، سەرنجی ئامێری دەرەکیی پەیوەستکراو یان سیگنالّی پەخش بدە و بزانە کێشەی هەیە یان نە.

## باشترکەری بیرگە

⚙ ← پالّپشتی ← باشترکەری بیرگە

دەتوانیت ئامێرەکەت باشتر بکەیت لە ڕێگەی سڕینەوەی ئەپلیکەیشنە بەکارنەهاتووەکان یان بیرگەی ناپێویست.

## دۆخی ماڵەوە/فرۆشگا

⚙ ← پالّپشتی ← دۆخی ماڵەوە/فرۆشگا

دەتوانیت لە نێوان 'شێوازی ماڵەوە' و 'شێوازی فرۆشگا' دا یەکێکیان هەڵبژێریت.
بۆ بەکارهێنانی بەرهەمەکە لە ماڵەوە، **شێوازی ماڵەوە** دەسنیشان بکە.
تەنها ئەو کاتەی ئامێرەکە لە فرۆشگایەک نمایش دەکرێت **شێوازی فرۆشگا** دەسنیشان بکە. **شێوازی فرۆشگا** ڕێکبەندی باشترکراو بۆ نیشاندانی فرۆشگا پێشکەش دەکات.

## زانیاری تەلەفزیۆن

⚙ ← پالّپشتی ← زانیاری تەلەفزیۆن

دەتوانیت سەیری زانیاری بکەیت وەک **مۆدێل**، **ژمارەی زنجیرەیی**، **ناوی ئامێر**.

## ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی IP

⚙ ← پالّپشتی ← ڕێکبەندەکانی کۆنترۆڵی IP

ئامێری کۆنترۆڵی IP بەکاردێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامێری گرێدراو بە تۆڕەکە.

## تایبەتمەندیەتی و مەرجەکان

⚙ ← پالّپشتی ← تایبەتمەندیەتی و مەرجەکان

### ڕێکەوتننامەکانی بەکارهێنەر

ئەمانە مەرج و ڕێسا پەیوەندیدارەکانن بە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری پەیوەست بە کرداری هۆشمەند و پاراستنی تایبەتمەندیەتی.

### ئاگاداریی یاسایی

ئاگادارکردنەوەیەکی یاساییە بۆ خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان لە ڕێگەی ئامێرەکە.

### ئاگاداری نەرمامرازی سەرچاوە کراوە

دەتوانیت سەیری ڕێنماییەکانی هەر ئایتمێک بکەیت.

### ڕێکلام

دەتوانیت زانیاری کۆکراوە بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی ڕیکلامی ڕێکخراو ڕێک بکەیتەوە یان ڕەتی کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە ڕیکلام ڕەت بکەیتەوە.

### سنووردارکردنی بەدواداچوونی ڕیکلام

ئەگەر بۆ **هەڵکردن** دیاریکرا بێت، ڕەنگە ڕیکلامی بە کەسیکراو لە سەر بنەمای بەرژەوەندی بەکارهێنەر پێشکەش نەکرێت.

### ڕێککردنەوەی AD ID

زانیاری ویستی بەکارهێنەر بە نوێی کۆدەکرێتەوە، و ڕیکلامەکان بەگوێرەی زانیاریەکە پێشکەش دەکرێن.

## ڕێپێدانەکانی ئەپلیکەیشن

### کامیرا

دەتوانیت ڕێپێدانەکانی دەسگەیشتن بە کامێرا بۆ هەر یەک لە ئەپلیکەیشنەکان دیاری بکەیت.

### مایکرۆفۆن

دەتوانیت ڕێپێدانەکانی دەسگەیشتن بۆ مایکرۆفۆن بۆ هەر یەک لە ئەپلیکەیشنەکان دیاری بکەیت.

### ئامێرە نزیکەکان

دەسگەیشتنی ئامێرە نزیکەکان بە گوێرەی ئەپلیکەیشنەکان ڕێک دەخرێت.

## زانیاریی کەسیم بسڕەوە

### سڕینەوەی زانیاری سەیرکردن

دەتوانیت زانیاری سەیرکردنی کۆکراوە لە ئامێرەکە بۆ سێرڤەر بسڕیتەوە.
سڕینەوەی ئەم زانیاریە ڕەنگە کار بکاتە سەر خزمەتگوزاریەکانی پێشنیارکردنی پێشکەشکراو لە سەر بنەمای سەیرکردن یان مێژووی بەکارهێنانی ئامێرت.

### سڕینەوەی زانیاری دەنگ

دەتوانیت زانیاری دەنگی کۆکراوە لە ئامێرەکە بۆ سێرڤەر بسڕیتەوە.
سڕینەوەی ئەم زانیاریە ڕەنگە کار بکاتە سەر خزمەتگوزاریەکانی پێشنیارکردنی پێشکەشکراو لە سەر بنەمای

مێژووی دەنگت.

- سڕینەوەی ئەم زانیاریە پێویستی بە گرێدانی تۆر و ڕازی بوونە بە مەرج و ڕێساکان.

### سڕینەوەی ناسنامەی دەنگ

زانیاری ناسنامەی دەنگی کۆکراوە لە ئامێرەکە دەسڕدرێتەوە.

- ئەو ئایتمانەی دەکرێت شێوەبەند بکرێن بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێن.

# دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان

## پشکنین ئەنجام بدە لەگەڵ یارمەتیی خێرا

### پشکنین ئەنجام بدە لەگەڵ یارمەتیی خێرا

کاتێک ئامێرەکە بە خراپی کار دەکات، دەتوانیت یارمەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەدەست بێنیت.
دوگمەی ⚙ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و ⚙ ← **پاڵپشتی** ← **یارمەتیی خێرا** دەسنیشان بکە.
هەروەها دەتوانیت دوگمەی ژمارە **9**ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگریت بۆ بەکارخستنی **یارمەتیی خێرا**.

### ڕێکبەندەکانی باشترکردن

دەتوانیت خودکارانە سەیری کۆی دۆخی ئامێرەکەت بکەیت و بەهاکانی ڕێکبەندی پێشنیارکراو ببینیت و بگۆڕیت.

### کتێبخانەی یارمەتی

ئەو ئایتمە دەسنیشان بکە کە هاوتایە لەگەڵ نیشانەکە بۆ دۆزینەوەی ڕێنماییەکان کە دەکرێت یارمەتیدەر بن لە چارەسەرکردنی کێشەکە.

### خود-چارەدۆزی و چاودێری

دەتوانیت دۆخی ئێستای ئامێرەکەت بۆ ئایتمی دەسنیشانکراو بپشکنیت.

### خزمەتگوزاری LG Remote

دەتوانیت یارمەتی بۆ کێشەکان لە ڕێگەی ڕیموت کۆنترۆڵەوە وەربگریت.
بۆ **خزمەتگوزاری LG Remote**، پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتگوزاری بەکاربەری کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بکە.

- ڕەنگە ئەم کردارە لە هەندێک وڵات یان لە هەندێک مۆدێڵ بەردەست نەبێت.

- کاتێک هیچ ناوەڕۆکێکی پەیوەست بە **یارمەتیی خێرا** نیە، تکایە سەیری **دۆزینەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بکە.
- ئەگەر کێشەکە بەردەوام بوو، پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتگوزاری بەکاربەری کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بکە.

# زیاتر دەربارەی گشت کاتێک ئامادە فێربە

## زیاتر دەربارەی **گشت کاتێک ئامادە** فێربە

### ئایا جیاوازی لە نێوان **گشت کاتێک ئامادە** و کوژاندنەوەی تەزوو چیە؟

- جیاواز لە کوژاندنەوەی ئاسایی تەزوو، دەتوانیت ئامێرەکە بە کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست بخەیتە کار، Bluetooth گرێ بدەیت، و وەڵام لە ئامێرەکانی IoT ی ماڵەوەی پارێزراو وەربگریت.
هەرچۆنێک بێت، ڕەنگە تەزووی ستاندبای زیاتر بەکاربێت بەراورد بەو کاتەی تەزووەکە کوژاوەتەوە.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.

### ئایا چۆن دەتوانم **گشت کاتێک ئامادە** بەکاربێنم؟

- **کردارەکە چالاک بکە** لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **گشت کاتێک ئامادە** بۆ **هەڵکراو** دیاری بکە.
- لەکاتی سەیرکردنی ئامێرەکە
دوگمەی ⏻ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە بۆ گۆڕین بۆ **گشت کاتێک ئامادە** لەگەڵ شاشەی هەڵکراو.
دوگمەی ⏻ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دووجار دابگرە بۆ گۆڕین بۆ **گشت کاتێک ئامادە** لەگەڵ شاشەی کوژاوە.
- کاتێک ئامێرەکە **گشت کاتێک ئامادە**ـە لەگەڵ شاشەی هەڵکراو
بۆ سەیرکردنی ئامێرەکە، دوگمەی ⌂ یان ⮌ ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.
بۆ کوژاندنەوەی شاشەکە، دوگمەی ⏻ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە. **گشت کاتێک ئامادە** دەمێنێتەوە.
- کاتێک ئامێرەکە **گشت کاتێک ئامادە**ـە لەگەڵ شاشەی کوژاوە
بۆ سەیرکردنی ئامێرەکە، دوگمەی ⏻ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە.
بۆ هەڵکردنی شاشەکە، دوگمەی **چەرخ (OK)**ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە. **گشت کاتێک ئامادە** دەمێنێتەوە.

### چۆن دەتوانم **گشت کاتێک ئامادە** بەبێ وێنەی زەمینە بەکاربێنم؟

- دەسنیشانکردنی **گشت کاتێک ئامادە بە بێ وێنەی زەمینە بەکاربێنە** لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **گشت کاتێک ئامادە** ڕێگەت پێدەدات دەستبەجێ بۆ **گشت کاتێک ئامادە** بیگۆڕیت لەکاتێکدا شاشەکە کوژاوەتەوە لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⏻ ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە کاتێک سەیری ئامێرەکە دەکەیت.

### نامەوێت **گشت کاتێک ئامادە** بەکاربێنم.

- دەسنیشانکردنی **کردارەکە چالاک بکە** لە ⚙ ← **گشتی** ← **گشت کاتێک ئامادە** بۆ **کۆژاندنەوە** ڕێگەت پێدەدات دەستبەجێ تەزوو بکۆژێنیتەوە لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی ⏻ ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە لەو کاتەی سەیری ئامێرەکە دەکەیت.
لەم حاڵەتەدا، تایبەتمەندی وەک گرێدانی Bluetooth یان کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست کار ناکەن.

### کاتێک ئامێرەکە **گشت کاتێک ئامادە** ـە، ئەوکات ڕووناکی ئامادەگی سپیە. ئایا بە دروستی کۆژایەوە؟

- تەنها مۆدێلەکانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست جێبەجێکراون.
ڕەنگی ڕووناکی ئامادەگی جیاوازە، بەگوێرەی ئەوەی ئایا کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست چالاک کراوە یان نا.
ئەگەر کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست چالاک بکرێت، بە سپی نیشان دەدرێت؛ ئەگەر بەردەست نەبێت، بە سووری نیشان دەدرێت.
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست، تکایە سەیری **چۆنیەتی بەکارخستنی ئامێرەکە** ← **بەکارهێنانی کۆنترۆڵی دەنگ بێ بەکارهێنانی دەست** بکە لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

# چارەدۆزی کێشەکانی تەزوو/ڕیموت کۆنترۆڵ

## چارەدۆزی کێشەکانی تەزوو/ڕیموت کۆنترۆڵ

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

### ناتوانم ئامێرەکە هەڵ بکەم.

- سەیری ئەوە بکە کە ڕووناکی ئامادەگیی هێزی سەر ئامێرەکە سووڕە. ئەگەر ڕووناکی ئامادەگی کوژا بێتەوە، سەیری گرێدانی پلاگی هێزی ئامێرەکە بکە، هەروەک لە خوارەوە نیشاندراوە.
- ئەگەر چەند سۆکێتێکی کارەبای چەند دانەیی بە کار دەهێنیت، دڵنیا ببە کە دروست کار دەکات. بۆ ئەوەی بزانیت کە سەیاری کارەبا بە دروستی کار دەکات یان نا، کێبڵی کارەبای ئامێرەکە ڕاستەوخۆ لە سۆکێتی دیوار بدە و بزانە کار دەکات.
- هەوڵی هەڵکردنی دوگمەی سەر ئامێرەکەت بدە.

### تەزووەکە هەڵکراوە، بەڵام شاشەکە داتر دەردەکەوێت.

- ئەمە لەبەر ئەنجامدانی پڕۆسەیەکی لابردنی نۆیزە بۆ نەهێشتنی هەرجۆرە نۆیزێک کە ڕەنگە لە کاتی هەڵکردن دا دەربکەوێت. ئەمە بە واتای ئەوە نیە کە تەلەفزیۆنەکە کێشەی هەیە.

### نیشاندەری مەجیک ڕیموت لە سەر شاشەکە دەرناکەوێت.

- ڕیموت کۆنترۆڵەکە بەرەو ئامێرەکە ڕابگرە و لە هەمان کاتدا دوگمەی ⌂ و ⚙ بۆ ماوەی 5 چرکە دابگرە تا ڕێنماییەکە دەردەکەوێت. ڕیموت کۆنترۆڵی تۆمارکراوی پێشووتر تۆمارکردنی هەڵوەشێنرایەوە و ئینجا دووبارە تۆمارکرایەوە.
- پاتریەکان بگۆڕە کاتێک لە سەر شاشەکەت داوات لێدەکرێت ئەمە بکەیت. (پاتریی ئالکالین بە کار بهێنە.)
- ئەگەر ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **ڕێنمای دەنگ** خرابێتە سەر **هەڵکردن**، نیشاندەری مەجیک ڕیموت دەرناکەوێت. **ڕێنمای دەنگ** بخەنە سەر دۆخی **کوژاندنەوە**. (ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)

## ناتوانم بە ڕیموت کۆنترۆڵەکە ئامێرەکە هەڵ بکەم.

- دڵنیا بە کە پلاگی تەزووی ئامێرەکە خراوەتە ناو ئاوتلێتەکە.
- پاتریەکانی ڕیموت کۆنترۆڵەکە بگۆڕە. (پاتریی ئالکالین بە کار بهێنە.)
- ئەگەر بەربەستێک دابنێیت، وەک ساوندبار، لە بەردەم وەرگری ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێرەکە، ڕەنگە لەگەڵ وەرگرتنی سیگنالی ڕیموت کۆنترۆڵەکە تێکەڵ بێت. بە لایەنی کەم 10 سم لە دووری وەرگری ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێرەکەدا دابنێ.
- لە کاتی بەکارهێنانی ڕیموت کۆنترۆڵێکی ئامێری کردنەوەی کۆد، ئەگەر کرداری کۆنترۆڵی یەکخراوی ئامێر بۆ ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێری کردنەوەی کۆد کۆژا بێتەوە، ناتوانیت ئامێرەکە بە ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێری کردنەوەی کۆد هەڵ بکەیت یان بکۆژێنیتەوە. تکایە پەیوەندی بە دابینکەری ئامێری کردنەوەی کۆد بکە.

## لە ناکاو تەزوو دەکوژێتەوە.

- بزانە ئەم ڕێکبەندانەی خوارەوە هەڵکراون.
⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **کات و تایمەر** ← **کاتگرەکان** ← **تایمەری کوژاندنەوە**
- ئامێرەکە خودکارانە دەکوژێنرێتەوە ئەگەر هیچ دوگمەیەک لە ماوەی 4 کاتژمێر دانەگریت تەنانەت لە دوای هەڵکردنی ئامێرەکە لە کاتی دیاریکراو لە ڕێگەی **بیرخەرەوە** یان **تایمەری هەڵکردن**.
- هەروەها ئەگەرێک هەیە کە خولی پاراستنی ناوخۆیی چالاک کرابێت لەبەرئەوەی پلەی گەرمی ناوخۆیی بەرهەمەکە بە شێوەیەکی نائاسایی یان لە ڕادەبەدەر بەرز بۆتەوە.
- ئەگەر ئامێری کردنەوەی کۆد بەکاردێنیت، ڕەنگە ئامێرەکە بۆ کوژاندنەوە دیاریکرا بێت لەگەڵ کوژاندنەوەی ئامێرەکەی کردنەوەی کۆد. بۆ ڕێگری کردن لە کوژاندنەوەی ئامێرەکە لە کاتی کوژاندنەوەی ئامێری کردنەوەی کۆد، کرداری هاودەمکردنی تەزووی ئامێرەکەی سەر ئامێری کردنەوەی کۆد بکوژێنەوە.

## هەر کاتێک ئامێرەکە هەڵدەکەم، شاشەی ماڵەوە دەردەکەوێت.

- شاشەی ماڵەوە خودکارانە نیشان دەدرێت هەر کاتێک ئامێرەکە هەڵدەکەیت. بۆ ناچالاک کردنی ئەم تایبەتمەندیە، بڕۆ بۆ ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندەکانی زیاتر** ← **ڕێکبەندەکانی ماڵەوە** و **هەڵکردنی شاشە** دیاری بکە بۆ **ئینپوتی ئەم دواییانە**.

## ناتوانم ئامێرەکە بە ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێرەکە هەڵ بکەم یان بخەمە کار تەنانەت لە دوای دیاریکردنی ڕیموت کۆنترۆڵی جۆکەر.

- دڵنیا بە کە پلاگی تەزووی ئامێرەکە خراوەتە ناو ئاوتلێتەکە.
- پاتریەکانی ڕیموت کۆنترۆڵەکە بگۆڕە. (پاتریی ئالکالین بە کار بهێنە.)

- سەیر بکە بزانە ئەگەر هەر بەربەستێک هەبێت ڕێگری لە سیگنالەکە بکات لە بەردەم وەرگری ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێرە گرێدراوەکە.

# چارەدۆزی کێشەکانی شاشە

## چارەدۆزی کێشەکانی شاشە

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

سەرەتا، ⚙ ← ⚙ ← **پاڵپشتی** ← **خود دەسنیشانکردنی شاشە** ـێک ئەنجام بدە بۆ پشکنینی ئەوەی هەر شتێکی نائاسایی لە ئامێرەکەدا هەبێت.
ئەگەر سێت-تۆپ-بۆکس بە کار دەهێنیت، بیکوژێنەوە و هەڵی بکەوە.
دڵنیا بە کە ئامێری کردنەوەی کۆد بە دروستی بە ئامێرەکەت گرێدراوە.

### لەسەر شاشەکە دەڵێت هیچ سیگنالێک نیە.

- دڵنیابە کەوا کێبڵی ئەنتێنا یان ئامێرە دەرەکیەکان بە دروستی بەم ئامێرە گرێدراون.
- بچۆ لاپەڕەی و ئەو پێدەرەی کە کۆنێکت کراوە هەڵبژێرە.
- بزانە ئایا ئامێری دەرەکیت، وەکوو سێت-تۆپ-بۆکس یان پەخشکەری بلووڕەی، هەڵکراوە.

### ناتوانم هیچ بەرنامەیەک ببینم.

- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ (سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ)** ← **سازاندنی خودکار** دەکاتەوە.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

### شاشەکە پچڕاوە.

- بڕۆ بۆ ⚙ ← ⚙ ← **وێنە** و **ڕێژەی پانی بۆ بەرزی** بگۆڕە.
- لە کاتی سەیرکردنی ڤیدیۆ لە ڕێگەی ئامێری دەرەکی (ئامێری کردنەوەی کۆد، کۆنسۆلی یاری، هتد) یان ئەپلیکەیشنی ناوەڕۆک، لە پێرستی ڕێکبەندەکانی ئامێر/ئەپلیکەیشنەکە سەیری ڕێکبەندەکانی قەبارەی شاشە بکە. ڕەنگە جیاوازی لە ڕێژەی شاشەی پێشکەشکراو لە هەر ئامێر/ئەپلیکەیشنێک هەبێت.

### دوای کوتوپڕ دەرکەوتنی خەتی ئەستوونی یان ئاسۆیی و حاڵەتی وەکوو تۆڕ لەسەر شاشە، شاشەکە دەلەرزێت.

- دەکرێت تێکەڵبوون لە شەپۆلی ڕادیۆیی بەهێز ڕووبدات وەک شەپۆلەکانی ئامێرە کارەباییەکانی دیکە؛ بۆیە، ئامێرەکانی

وەک ووشککەرەوەی قژ یان دریلی کارەبایی لە ئاوتلێتی جیاواز بەکاربێنە.

### هەر کەناڵێک کوالێتی وێنەی جیاوازی هەیە.

- بەگوێرەی ڤیدیۆی پێشکەشکراو لەلایەن پەخشکەرەکان، ڕەنگە کەناڵەکان کوالێتی وێنەی جیاوازیان هەبێت.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.
- سەرەتا **خود دەسنیشانکردنی شاشە** بخە کار. ئەگەر ئاساییە، ڕەنگە کێشەیەک لە سیگناڵی پەخش هەبێت.

### جیاوازیەک لە کوالێتی وێنە هەیە جیا لەوانەی لە فرۆشگاکە هەن.

- بەگوێرەی ڤیدیۆی پێشکەشکراو لەلایەن پەخشکەرەکان، ڕەنگە جیاوازی هەبێت لە کوالێتی وێنە بەراورد بەوانەی لە فرۆشگاکە نیشان دەدرێن.
- سەرەتا **خود دەسنیشانکردنی شاشە** بخە کار. ئەگەر ئاساییە، ڕەنگە کێشەیەک لە سیگناڵی پەخش هەبێت.

### بەرنامەیەک کە بەشێوەی دیجیتاڵی پەخش دەکرێت دەوێستێت یان شاشەکەی شکاوە.

- ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە سیگناڵ لاوازە یان بە شێوەیەکی ناتەواو دەگات بە تەلەفزیۆنەکە. ئاراستەی ئانتێنەکە بگۆڕە یان بزانە کابلەکە دروست پەیوەست کراوە.
- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **کەناڵەکان** ← **سازاندنی کەناڵ (سازکردن و ڕێکبەندکردنی کەناڵ)** ← **سازاندنی دەستی**
ئەگەر لە حاڵەتی '**سازاندنی دەستی**'، دا سیگناڵ زۆر لاوازە، پەیوەندی بکە بە وێستگەی پەخش یان نووسینگەی بەڕێوەبردن و داوا بکە سیگناڵەکان چێک بکەن.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

### کاتێک ئینپوتی HDMI بەکاربێت، هێڵێکی ستوونی زەق یان لێڵی ڕەنگ لە لای سەروو/خوارەوو/چەپ/ڕاستی شاشەکە دەردەکەوێت.

- ⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێژەی پانی بۆ بەرزی** ← **تەنها سکانکردن**
**تەنها سکانکردن** لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دابنێ.
ئامرازی **تەنها سکانکردن** وێنەی ئەسڵیی تۆ وەکوو خۆی نیشان دەدات. ئەگەر سیگناڵەکە لاوازە، لاکانی سەروو/خوارەوە/چەپ/ڕاستی شاشەکە ڕەنگە سپی بێت.

### کاتێک هەوڵ دەدەم کە بیدەم لە کابلی HDMI، هیچ نابینم یان وێنەکە پرتەپرت دەکات.

- بزانە ئایا کابلی HDMI® سیفاتی پێویستی هەیە. ئەگەر کابلی HDMI® عەیبدار بێت (چەمابێتەوە یان شکابێت)، ڕەنگە وێنە پرتەپرت بکات یان شاشە سپی بێت.
- دڵنیا بەبە کە کابلەکە دروست دراپێت لە پۆرتەکە. پەیوەندیی خراپ یان لەق دەتوانێت نیشاندانی وێنە لەسەر شاشە تووشی گرفت بکات.
- ئەگەر وەرگری دیجیتاڵی UHD بە کار دەهێنیت، ئەمە ڕێک بکە: ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **ئامێرە دەرەکیەکان** ← **ڕێکبەندەکانی HDMI Deep Color** ← **HDMI**.

### شاشەکە زۆر کز یان تاریک دیارە.

- ⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **دۆخی دەسنیشانکردن**
**دۆخی دەسنیشانکردن** بگۆڕە و بیکە بە ئەو شێوازەی کە دەتەوێت. (**ستاندارد**، **گەش**، هتد.)
ئەمە تەنها لەسەر ئەو شێوازی پێدانە کە خەریکی بە کاری دەهێنیت جێبەجێ دەکرێت.
- ⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕووناکی** ← **بایەخدانی Motion Eye**
ئامرازی **بایەخدانی Motion Eye** لەسەر **کوژاندنەوە** دابنە. ئەمە تەنها لەسەر ئەو شێوازی پێدانە کە خەریکی بە کاری دەهێنیت جێبەجێ دەکرێت.
- ⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **کەمکردنەوەی ڕووناکی شین**
ئامرازی **کەمکردنەوەی ڕووناکی شین** لەسەر **کوژاندنەوە** دابنە.
- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **پاشەکەوتی وزە**
ئامرازی **هەنگاوی پاراستنی ووزە** لەسەر **کوژاندنەوە** یان **کەمترین** دابنە.

### شاشەی یاری زۆر تاریکە.

- ئەگەر ئامێرێکی دەرەکی گرێ بدەیت بۆ خستنەکاری یاری HDR، ڕووناک شاشە بۆ ڕێکبەندی مەبەست ڕێک دەخرێت کاتێک یاریەکە دروست دەکرێت.
ئەگەر دەتەوێت ڕووناکی شاشەی باشترکراو بگۆڕیت، ڕێکبەندەکانی خوارەوە بگۆڕە.
⚙ ← ⚙ ← **وێنە** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕووناکی** ← **دیاریکردنی تۆنی داینامیك**
ئامرازی **دیاریکردنی تۆنی داینامیك** لەسەر **کوژاندنەوە** دابنە.

### ڕووناکی شاشە بەردەوام دەگۆڕێت.

- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **پاشەکەوتی وزە**
ئامرازی **هەنگاوی پاراستنی ووزە** لەسەر **کوژاندنەوە** یان **کەمترین** دابنە.

### شاشەکە ڕەش و سپیە یان ڕەنگگەلی جیاواز نیشان دەدات.

- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **سکێڵی بۆر**
ئامرازی **سکێڵی بۆر** لەسەر **کوژاندنەوە** دابنە.
- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **گۆڕینی ڕەنگەکان**
ئامرازی **گۆڕینی ڕەنگەکان** لەسەر **کوژاندنەوە** دابنە.

### ڤیدیۆی Ultra HD نیشان نادرێت.

- لەگەڵ هەندێک کێبڵی HDMI، ڕەنگە سیگنالْ وەرنەگیرێت.
- ڕێکبەندەکانی ئامێری گرێدراو بۆ سیگنالّی پشتیوانیکراو بگۆڕە.

# چارەدۆزی کێشەکانی دەنگ

## چارەدۆزی کێشەکانی دەنگ

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

سەرەتا، ⚙ ← ⚙ ← **پاڵپشتی** ← **خود دەستنیشانکردنی دەنگ** ـێک ئەنجام بدە بۆ پشکنینی ئەوەی هەر شتێکی نائاسایی لە ئامێرەکەدا هەبێت.
ئەگەر سێت-تۆپ-بۆکس بە کار دەهێنیت، بیکۆژێنەوە و هەڵی بکەوە.
دڵنیا بە کە ئامێری کردنەوەی کۆد بە دروستی بە ئامێرەکەت گرێدراوە.

### وێنەی سەر شاشە کێشەی نیە بەڵام هیچ دەنگی نیە.

- کەناڵێکی تر تاقیبکەرەوە.
- ئاستی دەنگ بە ڕیموت کۆنترۆڵ بۆ ئامێرەکە ڕێک بخە.
- لە کاتی بەکارهێنانی ئامێری کردنەوەی کۆد، هیچ دەنگێک بەرهەم نایەت ئەگەر ئاستی دەنگی ئامێری کردنەوەی کۆد بۆ 0 یان بێدەنگکردن دیاریکرا بێت. ئاستی دەنگ بۆ ویستی خۆت دیاری بکە بە دوگمەی ئاستی دەنگی سەر ڕیموت کۆنترۆڵی ئامێری کردنەوەی کۆد.
- ⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **دەنگ بۆ دەرەوە**
**دەنگ بۆ دەرەوە** بکە بە **ئامێری Optical Out + سپیکەری تەلەفزیۆن** یان **سپیکەری تەلەفزیۆن بەکاربێنە**، و ئینجا دووبارە بپشکنە. ئەگەر بێ کێشە گوێت لە دەنگەکە دەبێت، سەیری گرێدانی سپیکەری وەک ساوند بار یان ڕێکبەندەکانی سپیکەری دەرەکی بکە.

### لە هیچیەک لە بڵندگۆکان دەنگ نایەت.

- ⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **بالانس**
لە بەشی **بالانس** دا بە دوگمەی پێداگەڕان و بەپێی پێویست بالانسی دەنگ بگۆڕە.

### دەنگەکە هاودەم ناکرێت لەگەڵ وێنەکە، یان هەندێک جار دەنگەکە دەپچڕێت.

- ئەگەر ئەم حاڵەتە تەنیا لە هەندێ کەناڵ و بەرنامە دا ڕوو دەدات، ڕەنگە سیگناڵی گواستنەوەی کۆمپانیای پەخش بێتە هۆی ئەم حاڵەتە. تکایە لە دابینکەری خزمەتی پەخش (تەلدار/کابلی) داوا بکە کێشەکە بدۆزێتەوە.
- ئەگەر هەموو کەناڵەکان هەماهەنگ و هاوسات نین، بچۆ لاپەڕەی ⚙ ← ⚙ ← **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **هاوتاکردنی شاشە و دەنگ** و ڕێکبەندەی هەماهەنگکردن بگۆڕە.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

### کاتێ کە کەناڵ دەگۆڕم ئاستی دەنگ دەگۆڕدرێت.

- ئاستنی دەنگی پەخشی بەرنامە لە وێستگە جیاجیاکانی پەخش دا جیاوازە.
- **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ** ← **ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ** لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دابنێ.
- ئەگەر دەزگای وەرگری دیجیتاڵ بە کار دەهێنیت، لە دابینکەرەکەی پرسیار بکە و داوای ڕێنمایی بکە.

### ئاستی دەنگ بەردەوام دەگۆڕێت.

- **دەنگ** ← **ڕێکبەندە پێشکەوتووەکان** ← **ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ** ← **ڕێکخستنی خودکاری ئاستی دەنگ** لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دابنێ.

### هەندێ لە بەرنامەکان دەنگیان نییە یاخەنیا مووزیکێکی زەمینی پەخش دەکەن.

- لە بەشی ••• ← **زمانی دەنگی** دا زمانی دڵخوازی خۆت هەڵبژێرە.

### دەنگەکە لە ڕادیەدەر دەنگ دەداتەوە.

- **دەنگ** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** ← **دۆخی دەسنیشانکردن** بخەنە سەر دۆخی **دەنگی ڕوون/دەنگی ڕوونی پڕۆ**.

### دەنگێک دەردەچێت لە کاتی دیاریکردنی پێرست یان کارکردن بە کەناڵەکان، ئاستی دەنگ و هتد.، بە ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە.

- **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **ڕێنمای دەنگ** ← **گشتی** ← **دەستگەیشتن** ← **وەسفی دەنگ** لەسەر **کوژاندنەوە** دابینە.
- بەگوێرەی مۆدێلەکە، ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندی بەردەست نەبن.

# چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی ئامێر

## چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی ئامێر

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

## Screen Share کار ناکات.

- بزانە ئایا ئامێرە هۆشمەندەکە پشتیوانی لە کردارى Screen Share دەکات.
- ئەگەر ئەم ئامێرە لە سەر ئامێرى هۆشمەندت نەدۆزرێتەوە، هەموو ئامێرەکان بکوژێنەوە و دووبارە هەڵبکەوە.
- دڵنیا بە ئامێرەکە لە لیستى ئامێرە دۆزراوەکانى ناو ئامێرە هۆشمەندەکەت دەسنیشان کردووە.
- ناوى ئامێر دەکرێت لە **ناوى ئامێر** لە سەر ⚙ ← ⚙ ← **پاڵپشتى** ← **زانیارى تەلەفزیۆن** بگۆڕدرێت.
- لەکاتى بەکارهێنانى کردارى AirPlay، دڵنیا بە کەوا ئامێرەکە بە هەمان Wi-Fi گرێدراوە.
  دڵنیا بە کەوا **هەبى ماڵەوە** ← **AirPlay** بۆ **هەڵکردن** دیاریکراوە.
  هەندێک مۆدێڵ پشتیوانى AirPlay ناکەن.

## دواى ئەوەى کە تەلەفزیۆنەکە پەیوەست دەکەم بە کۆمپیۆتر شاشەکە هەر بەتاڵە.

- ئەوە بپشکنە کەوا کۆمپیوتەرەکە بە دروستى بە ئامێرەکە گرێدراوە.
- بەکارهێنانى ڕیموت کۆنترۆڵەکە ئامێرەکە بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە.
- کۆمپیوتەرەکە هەڵ بکەوە لەو کاتەى ئامێرەکە هەڵکراوە.
- دڵنیا بە کە وردبینى دەرچووى دانراو لە سەر کۆمپیوتەرەکە بۆ وردبینى HDMI-کۆمپیوتەرى پشتیوانیکراوى ئامێرەکە دانراوە.
- بۆ بەکارهێنانى جووت پیشاندەر، بزانە ئایا کۆمپیۆترەکەت یان نۆتبۆکەکەت پشتیوانى دەکات لە شیوازى جووت پیشاندەر.
- دووبارە کابلى HDMI پەیوەست بکە.
- ئەگەر پۆرتى ئاوتپوتى RGB ى کۆمپیوتەرەکەت بە HDMI ى ئامێرەکەت گرێداوە، پێویستیت بە ڕەگەزێکى RGB بۆ HDMI هەیە.
  ئەگەر کۆنێکتۆرى RGB بە HDMI بە کار بهێنیت هیچ شتێک لەسەر شاشە نابینیت.

## شاشەکە بەتەواوى نیشان نادرێت یان ناهاوسانگە لە کاتى گرێدان بە کۆمپیوتەرێک.

- وردبینى کۆمپیوتەر بۆ ئەو دانەیە دیارى بکە کە لە لایەن ئامێرەکە پشتیوانى کراوە. بۆ زانیارىیى زیاتر، بەشى **ئاگادار بوون لە زانیارى** ← **ڕوناکیى پشتگیرى کراو : HDMI-PC** لە **ڕێنماى بەکارهێنەر** بخوێنەوە.
- ناوى ئەو ئامێرى HDMIـە کە پەیوەست کراوە بکە PC.
  **هەبى ماڵەوە** بخەکار لە ڕێگەى داگرتنى دوگمەى ⎆ى سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە. ⋮ ← **بژارکردنى ئینپوتەکان** لە گۆشەى لاى ڕاستى سەرەوە دەسنیشان بکە. وێنۆکى پۆرتى HDMIى گرێدراو بە **ئینپوتەکان** بگۆڕە بۆ کۆمپیوتەر و **هەڵگرتن** دەسنیشان بکە.

## کاتێ کە بە کابلى HDMI کۆمپیۆترەکە پەیوەست دەکەم بە تەلەفزیۆنەکە، هیچ دەنگ نایەت.

- لە ڕێکبەندەکانى کۆمپیوتەر، بڕۆ بۆ کۆنترۆڵ پەنڵ دەنگى ← پەخشکردنەوەى ← بۆ دڵنیاکردنەوەى ئەوەى ئامێرى دروست وەک بنەڕەتى دەسنیشانکراوە.
- بۆ ئەوەى بزانیت کە کارتى گرافیکت پشتیوانى دەکات لە پەخشى دەنگى HDMI یان نە، لە دروستکەرەکەى پرسیار بکە و داواى ڕێنمایى بکە.

ناتوانم لەرەلەری تازەکردنەوە بۆ 144 Hz بگۆڕم بۆ کۆمپیوتەرێکی گرێدراو بە مۆدێلێک کەوا پشتیوانی لە 144 Hz دەکات.

- **دۆخی 144هێرتز** لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **باشترکەری یاری** دیاری بکە بۆ **هەڵکردن**.

شاشەی ئامێری کردنەوەی کۆدی گرێدراو بە مۆدێلی پشتیوانیکراوی 144 Hz دەرناکەوێت.

- ڕەنگە هەندێک ئامێر کێشەی گونجاوییان لەگەڵ 144 Hz هەبێت. **دۆخی 144هێرتز** لە ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **باشترکەری یاری** دیاری بکە بۆ **کوژاندنەوە**.

# چارەدۆزی کێشەکانی پەخشکردنەوەی فیلم

## چارەدۆزی کێشەکانی پەخشکردنەوەی فیلم

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.
زانیاری زیاتر دەربارەی فایلە پشتیوانیکراوەکان دەکرێت لە **ناگادار بوون لە زانیاری** ← **شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو** دەست بخرێت لە **ڕێنمای بەکارهێنەر**.

ناتوانم لە نێو '**پەخشکەری میدیا**' دا فایلێک بدۆزمەوە.

- بزانە ئایا فایلەکانی سەر ئامێری خەزنکردنی USB لەسەر کۆمپیۆتر دەخوێنرێنەوە.
- بزانە ئایا جۆری فایلەکە قەبوڵ دەکات.
- فلتەرەکە بگۆڕە بۆ **هەموو**.

من پەیامێک دەبینم کە دەڵێت پشتیوانی ناکرێت لەم فایلە.

- بزانە ئایا فایلەکە لەسەر پەخشکەری ڤیدیۆ یان کۆمپیۆتر کێشەی هەیە یان نەهە. (بزانە ئایا فایلەکە تێکنەچووە)
- بزانە ئایا جۆری فایلەکە قەبوڵ دەکات.
- بزانە ئایا ئەو وردبینیە (ڕیزۆلووشنە) پشتیوانی دەکرێت یان نە.
- بزانە ئایا ئەو کۆدخوێنی ڤیدیۆیە دەناسێت.
- بزانە ئایا ڕێژەی فرەیم پشتیوانیکراوە.

پەیامێک دێتە ڕوو کە دەڵێت "ئەم دەنگە پشتیوانی ناکرێت" یان ڤیدیۆ بێکێشە پەخش دەبێتەوە بەڵام دەنگی نیە.

- بزانە ئایا فایلەکە لەسەر پەخشکەری ڤیدیۆ یان کۆمپیۆتر کێشەی هەیە یان نەهە. (بزانە ئایا فایلەکە تێکنەچووە)
- بزانە ئایا جۆری فایلەکە قەبوولْ دەکات.
- بزانە ئایا ئەم کۆمپیۆترە پشتیوانی دەکات لەو کۆدخوێنی ئاودیۆ.
- بزانە ئایا پشتیوانی دەکات لەو ڕێژەی بیتە (بیت ڕەیت).
- بزانە ئایا لەرەلەری نموونە پشتیوانیکراوە.
- بزانە ئایا ژمارەی کەناڵەکانی دەنگ پشتیوانیکراوە.

### من ناتوانم ژێرنووسەکان ببینم.

- بزانە ئایا فایلەکە لەسەر پەخشکەری ڤیدیۆ یان کۆمپیۆتر کێشەی هەیە یان نەهە. (بزانە ئایا فایلەکە تێکنەچووە)
- بزانە ئایا ناوی فایلی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووس یەکێکە.
- هەروەها بزانە ئایا فایلی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووس لە ناو یەک پەڕدان (فۆڵدەر) دان.
- بزانە ئایا فۆرمەتی فایلی ژێرنووس قەبوولْ دەکات.
- بزانە ئایا ئەو زمانە قەبوولْ دەکات یان نە.
(دەتوانی فایلی ژێرنووس لەنێو Notepad دا بکەیتەوە بۆ ئەوەی زمانەکەی ببینیت.)
- ئەگەر کۆدکردنی ژێرنووس بەدروستی ڕێک نەکرێت، ڕەنگە ژێرنووسەکان باش نیشان نەدرێن.
دوگمەی سەر شاشەکە دابگرە لە کاتی بەکارهێنانی کۆنترۆڵی پەخشی دووبارە. SUB دەسنیشان بکە و بەهای **لاپەڕەی کۆد** بگۆڕە.
- ئەگەر لە ڕێگەی ئامرازی هاوبەشکردنی ناوەڕۆکەوە فایلێکی ڤیدیۆ پەخش بکەیت کە لەسەر ئامێرێکی تر خزن کراوە، بەپێی ئەو بەرنامەی کە بەکاری دەهێنیت ڕەنگە ژێرنووس مەوجوود نەبێت.
- هەندێک ئامێری NAS ڕەنگە پشتیوانی لە ژێرنووس نەکەن لە کاتی پەخشکردنی ڤیدیۆ.

### کاتێک ئامێری خەزنکردنی USBم دەدەم لە تەلەفزیۆنەکە، ناناسێت.

- ئەوە بپشکنە ئایا ئامێرێکی هەمارگەی USB پشتیوانیکراوە لەلایەن ئەم ئامێرە یان نا.
بۆ زانیاریی زیاتر، بەشی **گرێدانی ئامێرە دەرەکییەکان** ← **گرێدانی ئامێری هەمارگەی USB** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** بخوێنەوە.

# چارەدۆزی کێشەکانی تۆمارکردن

## چارەدۆزی کێشەکانی تۆمارکردن

بۆ بۆ زانیاریی وردتر لەبارەی تۆمارکردن، بچۆ بەشی **چێژ لە کەناڵی ڕاستەوخۆ وەربگرە** ← **تۆمارکردن** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** دا.

### چۆن دەست بکەم بە تۆمارکردن؟

- ئامێرێکی خەزنکردنی USB، کە سەرجەم لانیکەم 4 گیگابایت جێگەی هەبێت، لە تەلەفزیۆنەکە گرێ بدە. بەگوێرەی ئەدای بیرگەی USB، ڕەنگە کرداری تۆمارکردن پشتیوانی نەکرێت. بۆ تۆمارکردنی بێ کێشە، بەکارهێنانی هارد دیسکی USB پێشنیارکراوە. (بۆ بۆ زانیاریی وردتر لەبارەی ئامێری خەزنکردنی USB، بچۆ **گرێدانی ئامێرە دەرەکییەکان** ← **گرێدانی ئامێری هەمارگەی USB** لە **ڕێنمای بەکارهێنەر** دا.)
دوگمەی •••ی سەر ڕیموت کۆنترۆڵەکە دابگرە و **تۆمار** دەستپێبکە. ئەگەر ڕیموت کۆنترۆڵەکەت دوگمەی •••ی نیە، دوگمەی زەرد بۆ ماوەیەک دابگرە.
دەتوانیت تۆمارکردن دەست پێ بکەیت لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی سووری سەر ڕیموت کۆنترۆڵ.
- هەندێک ئامێری هەمارگەی USB سەر ئەم ئامێرە پێویستیان بە فۆرماتکردنە. فۆرماتکردن گشت داتای هەڵگیراوی سەر ئامێری هەمارگەی USB دەسڕێتەوە، و ئامێرەکەش بە سیستەمی فایلی exFAT، FAT32 و NTFS فۆرمات دەکرێت.
پێش ئەوەی ئامێرێکی هەمارگەی USB بەم ئامێرە گرێ بدەیت، هەر داتایەکی هەڵگیراوی سەر ئامێرەکە لە سەر کۆمپیوتەرەکەت هەڵبگرە.

### چ سیگنالگەلێک پشتیوانی دەکەن لە تۆمارکردن؟

- دەتوانیت تەنها لە دۆخی **Live TV** تۆمارکردن بکەیت، کەوا لە ڕێگەی پۆرتی ئەنتێنای ئەم ئامێرە وەریدەگیرێت.
- ناوەڕۆکی پارێزراو تۆمار ناکرێت.

### ئایا دەتوانم **تۆمارکردنی خشتەکراو** بەکاربێنم تەنانەت کاتێک ئەم ئامێرە دەکوژێنمەوە؟

- تەنانەت کاتێک ئامێرەکە کوژاوەتەوە، لە کاتی دیاریکراو بۆ **تۆمارکردنی خشتەکراو** دەست بە تۆمارکردن دەکات و تەواوی دەکات.
- ئەگەر ئامێرەکە بە تەواوی بکوژێنرێتەوە بەم شێوەیە، **تۆمارکردنی خشتەکراو** ناکرێت بەکاربێت.
  - کاتێک ئامێرەکە بە ئاوتلێتی تەزوو گرێ نەدراوە
  - کاتێک سویچی فرە ئاوتلێت کە پلاگی تەزوو ئامێرەکەی پێوە گرێدراوە کوژاوەتەوە
  - کاتێک سویچی کوژانەوەی تەزووی ستاندبای هەڵکراوە تاوەکو تەزوو بەم ئامێرە نەدرێت

# چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ

## چارەدۆزی کێشەکانی گرێدانی تۆڕ

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.
پێش گرێدانی تۆڕێکی بێتەل، ناو و نهێنوشەی ئامێرە وای فایەکە بۆ گرێدان بپشکنە.

دەتوانیت بەم شێوەی خوارەوە دۆخی پەیوەندیی تۆڕ بپشکنیت.

- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی تەلدار (ئیسەرنێت)**
- ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **تۆڕ** ← **گرێدانی Wi-Fi** ← **ڕێکبەندەکانی تری تۆڕ** ← **ڕێکبەندە پەرەسەندووەکانی Wi-Fi**

- ڕەنگە هەندێ لە مۆدێلەکان تەنیا لە ئامرازی **گرێدانی Wi-Fi** پشتیوانی بکەن.

## گرێدانی تۆڕی بێتەل کار ناکات.

1. ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **ڕێکبەندی زیاتر** ← **دەستپێکردنی خێرا+** بۆ **کۆژاندنەوە** بگۆڕە.
2. ئامێرەکە بکوژێنەوە و هەڵی بکەوە، ئینجا بە تۆڕی بێتەلی گرێ بدە.

- ئەگەر ناکرێت بە ڕاوتەرەکە گرێ بدرێت، هەوڵی گرێدان بە هۆت سپۆتی مۆبایلی سەر تەلەفۆنە هۆشمەندەکەت بدە. ئەگەر دەکرێت بە هۆت سپۆتی مۆبایل گرێ بدرێت، ئەمە ئاماژەیە کەوا کێشەیەکی ڕاوتەرە. لەم حاڵەتەدا، سەیری ڕاوتەرەکە بکە.
ئەگەر تۆڕەکە لەگەڵ ئامێرێکی گرێدراو بە هۆت سپۆتی مۆبایل بەکاردێنیت، ڕەنگە بەگوێرەی گرێبەستی کۆمپانیای مۆبایل پارەت بکەوێتە سەر.



## کاتێک X لە تەنیشت ئامێرەکە دەردەکەوێت

- ئامێرەکەت یان AP (ڕاوتەرەکە) بپشکنە.
- سەیری دۆخی گرێدانی ئامێرەکە، AP (ڕاوتەر) و کێبڵی مۆدێمەکە بکە.
- بەم تەرتیبەی خوارەوە هەڵی بکە و بیکوژێنەوە؛
1. مۆدێمی کێبڵەکەت بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە، و چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی ئامێرەکەت بە.
2. ڕاوتەری تەلدار/بێتەل بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە، و چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی ئامێرەکەت بە.
3. ئامێرەکە بکوژێنەوە و هەڵ بکەوە.

- ئەگەر دەتەوێت گرێدانێکی تەلداری LAN دابمەزرێنیت ئەوە بپشکنە ئایا ناونیشانی IP دەکرێت لە ڕاوتەرەکە بە دروستی دەست بخرێت. ئەگەر بە دەستی تۆڕەکەت سێتەپ دەکەیت، بزانە گشت ڕێکبەندەکان دروستن.
- ئەگەر دەتەوێت گرێدانێکی بێتەل دابمەزرێنیت، سەیری خاڵانەش بکە.
① SSIDی ڕاوتەرەکەت (ناوی تۆڕ) یان کەناڵی بێتەل دیاری بکە.
② کلیلی ئاسایشی ڕاوتەرەکەت دیاری بکە.
ئەگەر ناتوانیت ئەم ڕێکبەندە تەواو بکەیت، سەیری نامیلکەی بەکارهێنەر و ڕێنماییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن دابینکەری ئینتەرنێتەکەت بکە. ئەگەر هێشتا ناتوانیت شێوەبەندکردنی خۆت دابمەزرێنیت، ڕاوێژ بە کۆمپانیای دروستکەری ڕاوتەرەکە یان دابینکەری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەت بکە.
- ئەگەر IPای ستاتیک بە کار دەهێنیت، ڕاستەوخۆ IPـەکەی پێ بدە.



## کاتێک X لە تەنیشتی Gateway دەردەکەوێت

- AP (ڕووتەر) بپشکنە یان لەگەڵ دابینکەری ئینتەرنێتەکەت ڕاوێژ بکە.
- کێبڵی ڕاوتەر یان مۆدەمەکە لە پلاکی دیوارەکە دەربێنە، بۆ ماوەی 10 چرکە چاوەڕوان بە و دووبارە گرێی بدەوە.
- AP (ڕووتەر) یان مۆدێمی کابلی ڕیسێت بکە.
- سەردانی ماڵپەڕی دروستکەری AP (ڕووتەر) بکە بۆ ئەوەی دڵنیا ببیت کە نوێترین firmware (فێرموێر) لەسەر ڕووتەرەکە دامەزراوە.
- ئەگەر ناتوانیت ئەم ڕێکبەندە تەواو بکەیت، سەیری نامیلکەی بەکارهێنەر و ڕێنماییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن دابینکەری ئینتەرنێتەکەت بکە. ئەگەر هێشتا ناتوانیت شێوەبەندکردنی خۆت دابمەزرێنیت، ڕاوێژ بە کۆمپانیای دروستکەری ڕاوتەرەکە یان دابینکەری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەت بکە.



کاتێک X لە تەنیشتی DNS دەردەکەوێت

- AP (ڕووتەر) بپشکنە یان لەگەڵ دابینکەری ئینتەرنێتەکەت ڕاوێژ بکە.
- کێبڵی ڕاوتەر یان مۆدەمەکە لە پلاکی دیوارەکە دەربێنە، بۆ ماوەی 10 چرکە چاوەڕوان بە و دووبارە گرێی بدەوە.
- AP (ڕووتەر) یان مۆدێمی کابلی ڕیسێت بکە.
- ئەوە بپشکنە کە ناونیشانی MAC ـی ئامێرەکە/AP (ڕاوتەر) لە لای دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێتت تۆمارکراوە. (ناونیشانی MAC کە لە پەنجەرەی دۆخی تۆڕ دا نیشان دەدرێت، دەبێت لای دابینکەری ئینتەرنێتی تۆ تۆمار ببێت.)
- ئەگەر ناتوانیت ئەم ڕێکبەندە تەواو بکەیت، سەیری نامیلکەی بەکارهێنەر و ڕێنماییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن دابینکەری ئینتەرنێتەکەت بکە. ئەگەر هێشتا ناتوانیت شێوەبەندکردنی خۆت دابمەزرێنیت، ڕاوێژ بە کۆمپانیای دروستکەری ڕاوتەرەکە یان دابینکەری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەت بکە.

# چارەدۆزی کێشەکانی ئەژمێری LG

## چارەدۆزی کێشەکانی ئەژمێری LG

خۆم تۆمار کردووە بۆ ئەندامێتی سەر ئامێرەکە. ئایا پێویستە دووبارە خۆم تۆمار بکەمەوە لە سەر وێبسایتی (www.lgappstv.com)؟

- دەتوانیت وێبسایتەکە و ئەپلیکەیشنی LG ThinQ لەگەڵ زانیاری ئەندامی تۆمارکراوی سەر ئامێرەکە بەکاربێنیت.

نهێنوشەکەم لەبیر چووە. پێویستە چی بکەم؟

- لە سەر شاشەی ئامێرەکە دوگمەی **تێپەڕوشەکەت لەبیر کردووە؟** دەسنیشان بکە بۆ چوون بۆ لاپەڕەی دۆزینەوەی نهێنوشە. ناونیشانی ئیمەیڵی خۆت لە سەر لاپەڕەی دۆزینەوەی نهێنوشە بنووسە، و لینکێکت بۆ دەنێرین بۆ ڕێککردنەوەی نهێنوشەکەت.

- هەروەها دەتوانیت نەینوشەکەت ڕێک بکەیتەوە لە ئەژمێری LGی ← لە سەر وێبسایتی (www.lgappstv.com).

### دەمەوێت ئەژمێرە هەڵگیراوەکەی سەر ئامێرەکە بسڕمەوە.

- کاتێک لە سەر ئامێرەکە دەچیتە ناو ئەژمێری LG ـیت، ئەژمێرەکە لە سەر ئامێرەکە هەڵدەگیرێت. دەتوانیت ئەژمێرە هەڵگیراوەکانی سەر ئامێرەکە بسڕیتەوە، بەم شێوەیە.

01 ئەمە هەڵبژێرە: ⌂ ← **ئەژمێری LG**.

02 لە سەرەوەی شاشەکە ⋮ ← **زانیاری زیاتری ئەژمێر** دەسنیشان بکە.

03 هەڵبژێرە.

04 داگرتنی **سڕینەوە** ئەژمێرەکە دەسڕێتەوە.
مێژووی چوونە ناوەوە ناسڕێتەوە یان ئەژمێرەکە داناخات.

### دەمەوێت زانیاری سەیرکردنی کۆکراوە لە سەر بنەمای ئەژمێری LG لە ئامێرەکە بسڕمەوە.

- دەتوانیت گشت کاتێک زانیاری بینینی هەڵگیراو لە سەر بنەمای ئەژمێری LG ـی بەکارهاتوو بسڕێتەوە.

01 ئەمە هەڵبژێرە: ⌂ ← **ئەژمێری LG**.

02 لە سەرەوەی شاشەکە ⋮ ← **زانیاری زیاتری ئەژمێر** دەسنیشان بکە.

03 بۆ ئەو ئەژمێرەی دەتەوێت سێتەپی بکەیت ئەوە **بەڕێوەبردنی ئەژمێر** دەسنیشان بکە.

04 **سڕینەوەی زانیاری سەیرکردن** دەسنیشان بکە و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی سەر شاشە بکە بۆ سڕینەوەی زانیاریەکە.

### دەمەوێت ئەژمێرەکەم لە سەر ئامێرەکە دابخەم.

- هەروەها دەتوانیت ئەژمێری LG ـیت لە سەر ئامێرەکە دابخەیت، بەم شێوەیە.

01 ئەمە هەڵبژێرە: ⌂ ← **ئەژمێری LG**.

02 لە سەرەوەی شاشەکە ⋮ ← **زانیاری زیاتری ئەژمێر** دەسنیشان بکە.

03 بۆ ئەو ئەژمێرەی دەتەوێت سێتەپی بکەیت ئەوە **بەڕێوەبردنی ئەژمێر** دەسنیشان بکە.

04 **کۆتایهێنان بە ئەژمێری من** هەڵبژێرە.

05 نەینوشەکەت بنووسە و **باشە** دابگرە بۆ داخستنی ئەژمێرەکەت.

- لە هەندێ وڵات ڕەنگە دەسگەیشتن بە ماڵپەڕی (www.lgappstv.com) سنووردار بێت.

# چارەدۆزی کێشەکانی ناوەڕۆک

## چارەدۆزی کێشەکانی ناوەڕۆک

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

### لە لاپەڕەی سەرەکی (Home) دا ناتوانم هیچ ناوەرۆکێک ببینم.

- ئەگەر ڕێککردنەکانی وڵات لە بەشی 'دیاریکردنی وڵاتی خزمەت' دا گۆڕدرابێت، ڕەنگە نەتوانیت ئەم ناوەرۆکانە ببینیت. بچۆ ئەم بەشانە و ئەو وڵاتە هەڵبژێرە کە دەتەوێ لەوێ خزمەتەکە بە کار بهێنیت: ⚙ ← ⚙ ← **گشتی** ← **سیستم** ← **شوێن** ← **وڵاتی خزمەتگوزاریەکانی LG**.
(ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.)
- ئەگەر هەندێ لە ئەپەکان نابینیت، ڕەنگە تۆ ئەوانت سڕیبێتەوە. تکایە ئەپی پەیوەندیدار دووبارە دابمەزرێنە.
- ئەگەر ئەپلیکەیشنەکە سڕاوەتەوە، دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە دابەزێنیت لە **Apps** دووبارە دایبمەزرێنیتەوە. بڕۆ بۆ ⌂ ← **Apps** بۆ دۆزینەوە و دامەزراندنی ئەو ئەپلیکەیشنەی دەتەوێت.
- جۆری ناوەرۆکی پشتیوانیکراو بەپێی وڵات جیاوازە.
- ئەو ناوەرۆکانە کە دابین دەکرێن ڕەنگە لەلایەن دابینکەری خزمەتەوە بگۆڕدرێن یان قەت بکرێن.

# چارەدۆزی کێشەکانی وێبگەڕی ئینتەرنێت

## چارەدۆزی کێشەکانی وێبگەڕی ئینتەرنێت

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەکە دا تووشی هەریەک لەم کێشانەی خوارەوە بوون، تکایە ئەمانە بپشکنن: ڕەنگە تەلەفزیۆنەکە هیچ کێشەیەکی نەبێت.

### کاتێ کە ئینتەرنێت بە کار دەهێنم هەندێ بەش لە ماڵپەڕێکی دیاریکراو نیشان نادرێت.

- **گەڕاڵی وێب** تەنیا لە میدیای HTML5 پشتیوانی دەکات و لە پلاگ-ئینی فلاش پشتیوانی ناکات.
- **گەڕاڵی وێب** ڕێگەی زێدەکردنی پلاگ-ئین نادات.
- لە سەر **گەڕاڵی وێب**، ڕەنگە نەتوانێت فایلی میدیا پەخش بکات بە فۆرماتی تر جگە لە: JPEG/PNG/GIF
- ئەگەر تایبەتمەندی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** هەڵبکرێت، ناوچەی سەر وێبسایتەکە کە ریکلام نیشان دەدات بە بەتاڵی دەردەکەوێت. ئەگەر هەندێک ناوەڕۆکی سەر وێبسایتەکە شاراوە بێت و نەبینرێت، هەوڵی دانانی ⋮ ← **ڕێکبەندەکان** ← **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** بۆ **کۆژاندنەوە** لە **گەڕاڵی وێب** بدە. **ڕێکلامی سپۆنسەرکراوی** سەر لاپەڕەی خشتەبەندی نوێ نیشان دەدرێت تەنانەت ئەگەر تایبەتمەندی **بلۆککردنی ڕیکلام بەکاربێنە** بۆ **کۆژاندنەوە** دیاری بکەیت.

**گەڕاڵی وێب**ـەکە خودکارانە دەکۆژێتەوە کاتێک سەردانی وێبسایتێک دەکەیت.

- ئەگەر بیرگە جێگەی تەواوی بۆ جێکردنەوەی وێنەکانی ماڵپەڕێک نەبێت ڕەنگە بەزۆر ببەسترێت / دابخرێت. ئەوە بپشکنە ئەگەر بتوانیت دەسگەیشتنت بۆ ماڵپەڕەکە هەبێت لە ڕێگەی کێشەی سەر کۆمپیوتەرەکەت.

لە کاتی سەیرکردنی ڤیدیۆ لە **گەڕاڵی وێب** دا، ڤیدیۆکە بە زۆر دەکۆژێنرێتەوە.

- لەوانەیە بتوانیت بە دانانی ⋮ ← **ڕێکبەندەکان** ← **Adaptive Streaming** بە **بەکارهێنانی JavaScript** لەسەر **کۆژاندنەوە** لە **گەڕاڵی وێب** دا، ئەم کێشەیە چارەسەر بکەیت. ڕێککردن ئەو خشتەبەندانە ناگرێتەوە کە بەرلە گۆڕانکاری کراوە بوون، و تەنیا ئەو خشتەبەندانە دەگرێتەوە کە دوای گۆڕانکاری کراونەتەوە.

# ئاگادار بوون لە زانیاری

## شێوازی فایلی وێنەی پشتیوانیکراو

### شێوازی فایلی وێنەی پشتیوانیکراو

| پاشگر | وردبینی |
| --- | --- |
| jpe ،jpg ،jpeg | کەمترین : 64 × 64<br>زۆرترین<br>جۆری ئاسایی : 15360 (W) × 8640 (H)<br>جۆری پێشکەوتوو : 4800 (W) × 3600 (H) |
| png | کەمترین : 64 × 64<br>زۆرترین : 5760 (W) × 5760 (H) |
| bmp | کەمترین : 64 × 64<br>زۆرترین : 1920 (W) × 1080 (H) |

| | |
|---|---|
| heif ،heic ،avif | کەمترین : 64 × 64<br>زۆرترین : (H) 3600 × (W) 4800<br>(H) 7200 × (W) 9600 (تەنها مۆدێلەکانی 8K) |

# شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو

## شێوازی فایلی ڤیدیۆی پشتیوانیکراو

### زۆرترین ڕێژەی گواستنەوەی دەیتا

- ڤیدیۆی Full HD
H.264 1920 × 1080@60P BP/MP/HP@L4.2 Maximum 40Mbps
HEVC 1920 × 1080@60P Main/Main10@L4.1 Maximum 40Mbps
- ڤیدیۆی ULTRA HD (تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD)
H.264 3840 × 2160@30P BP/MP/HP@L5.1 Maximum 50Mbps
HEVC 3840 × 2160@60P Main/Main10@L5.1 Maximum 60Mbps
- ڤیدیۆی HFR (تەنهای مۆدێلەکانی پشتیوانی HFR)
HEVC 3840 × 2160@120P Main/Main10@L5.2 Maximum 60Mbps
- ڤیدیۆی Dolby Vision (تەنهای مۆدێلەکانی پشتیوانی Dolby Vision)
HEVC 3840 × 2160@60P Main/Main10@L5.1 Maximum 50Mbps
- ڤیدیۆی 8K (تەنها مۆدێلەکانی 8K)
AV1 7680 × 4320@60P Maximum 50Mbps
HEVC 7680 × 4320@60P Main/Main10@L6.1 Maximum 100Mbps

### ژێرنووسی پشتیوانیکراوی دەرەکی

smi، srt، sub (MicroDVD, SubViewer 1.0/2.0)، ass، ssa، txt (TMPlayer)، psb
(PowerDivX)، dcs (DLP Cinema)

### فۆرماتی ژێرنووسی ناوەکی

Matroska (mkv) : Sub Station Alpha (SSA)، Advanced Sub Station Alpha (ASS)، SRT
MP4 : Timed Text

## کۆدخوێنی پشتیوانیکراوی ڤیدیۆ

| پاشگر | کۆدخوێنەکان | |
|---|---|---|
| asf<br>wmv | ڤیدیۆ | پرۆفایلی VC-1 Advanced (بێجگە لە WMVA)، پرۆفایلی Simple و Mainی VC-1 |
| | دەنگ | WMA Standard (بێجگە لە WMA v1/WMA Speech) |
| avi | ڤیدیۆ | Xvid (کە GMC پشتیوانیکراو نیە)، H.264/AVC، Motion Jpeg، MPEG-4 |
| | دەنگ | MPEG-1 Layer I، II، MPEG-1 Layer III (MP3)، Dolby Digital، LPCM، ADPCM |
| mp4<br>m4v<br>mov | ڤیدیۆ | H.264/AVC، MPEG-4، HEVC، AV1 |
| | دەنگ | Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC، MPEG-1 Layer III (MP3)، Dolby AC-4، DTS، DTS-HD، DTS:X |
| 3gp<br>3g2 | ڤیدیۆ | H.264/AVC، MPEG-4 |
| | دەنگ | AAC، AMR-NB، AMR-WB |
| mkv | ڤیدیۆ | MPEG-2، MPEG-4، H.264/AVC، VP8، VP9، HEVC، AV1 |
| | دەنگ | Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC، PCM، DTS، DTS-HD، DTS:X، MPEG-1 Layer I، II، MPEG-1 Layer III (MP3) |
| ts<br>trp<br>tp<br>mts | ڤیدیۆ | H.264/AVC، MPEG-2، HEVC |
| | دەنگ | MPEG-1 Layer I، II، MPEG-1 Layer III (MP3)، Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC، PCM، DTS، DTS-HD، DTS:X، Dolby AC-4 |
| mpg<br>mpeg<br>dat | ڤیدیۆ | MPEG-1، MPEG-2 |

| | | |
|---|---|---|
| | دەنگ | MPEG-1 Layer I، II MPEG-1 Layer III (MP3) |
| vob | ڤیدیۆ | MPEG-1، MPEG-2 |
| | دەنگ | Dolby Digital، MPEG-1 Layer I، II DVD-LPCM |

- Dolby AC-4 , DTS , DTS-HD , DTS:X : ڕەنگە هەندێک مۆدێڵ پشتیوانیکراو نەبن.

## هۆشداریەکان لەبارەی پەخشکردنەوەی ڤیدیۆ

- هەندێ لەو ژێرنووسانە کە بەکارهێنەر دروستی کردوون ڕەنگە باش نیشان نەدرێن.
- پێویستە فایلێکی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووسەکەی لە ناو هەمان فۆڵدەردا بن. بۆ ئەوەی ژێرنووسەکان بە دروستی نیشان بدرێن، دڵنیا بە کە فایلی ڤیدیۆ و فایلی ژێرنووسەکە هەمان ناویان هەیە.
- بەپێی مۆدێلی تەلەفزیۆنەکەت و ئەوەی کە بەرهەمی کام کۆمپانیا بێت، ڕەنگە ژێرنووسی سەر ئامێری NAS (ئەمباری گرێدراو بە تۆڕ) پشتیوانی نەکرێت.
- ئەو پەخشکراوانەی کە(GMC) Global Motion Compensation و Quarterpel Motion Estimation (Qpel)یان تێدا بێت پشتیوانی ناکرێن.
- ڤیدیۆی ULTRA HD (تەنها مۆدێڵەکانی 2160 × 4096، 2160 × 3840 : ULTRA HD)
هەندێ ڤیدیۆی Ultra HDی کۆدکراو بە شێوازی HEVC جیا لەو ناوەرۆکانەی کە بە شێوەی ڕەسمی لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنەرەوە بڵاو کراونەتەوە ڕەنگە پەخش نەکرێنەوە.
هەندێ لە کۆدخوێنەکان ڕەنگە دوای ئاپگرەیدی نەرمامراز پشتیوانی بکرێن.

| پاشگر | کۆدخوێنەکان | |
|---|---|---|
| mkv/mp4/ts | ڤیدیۆ | H.264/AVC، HEVC |
| | دەنگ | Dolby Digital، Dolby Digital Plus، AAC |

- تەنها Window Media Audio V7 و سەرتر پشتیوانی دەکرێن.
- پرۆفایلی AAC Main پشتیوانی ناکرێت.
- ئەو فایلە ڤیدیۆییانە کە بە هەندێ کۆدکەری تایبەت دروست کراون ڕەنگە پەخش نەکرێنەوە.
- ئەگەر فۆرمەتی فایلی ڤیدیۆ جیاواز بێت لە ئەو فۆرمەتانە کە دیاری کراون ڕەنگە پەخش نەکرێت.
- ئەگەر فایلی ڤیدیۆ لەسەر جۆرێک لە ئامێری خزنکردنی USB دانرابێت لە پشتیوانی نەکات لە خێرایی زۆر، ڕەنگە باش پەخش نەکرێتەوە.

# شێوازی فایلی مووزیکی پشتیوانیکراو

# شێوازی فایلی مووزیکی پشتیوانیکراو

| فۆرمەتی فایل | زانیاری | |
|---|---|---|
| mp3 | رادەی بیت | 32 kbps - 320 kbps |
| | نموونەی فرمکانس | 16 kHz - 48 kHz |
| | پشتیوانی | MPEG-1، MPEG-2 |
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |
| wav | رادەی بیت | - |
| | نموونەی فرمکانس | 8 kHz - 96 kHz |
| | پشتیوانی | PCM |
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |
| ogg | رادەی بیت | 64 kbps - 320 kbps |
| | نموونەی فرمکانس | 8 kHz - 48 kHz |
| | پشتیوانی | Vorbis |
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |
| wma | رادەی بیت | 128 kbps - 320 kbps |
| | نموونەی فرمکانس | 8 kHz - 48 kHz |
| | پشتیوانی | WMA |

| | | |
|---|---|---|
| | کەناڵەکان | تا 6 کەناڵ |
| flac | رادەی بیت | - |
| | نموونەی فرەکانس | 8 kHz - 96 kHz |
| | پشتیوانی | FLAC |
| | کەناڵەکان | مۆنۆ، ستێریۆ |

- لەوانەیە ژمارەی ئەو کەناڵانەی پشتیوانی دەکرین بەپێی نموونەی فرەکانس جیاوازبن.

# ڕوناکیی پشتگیری کراو : HDMI-DTV

## دۆخی پشتیوانیکراوی HDMI-DTV

| وردبینی | لەرەڵەری ئاسۆیی (کیلۆهێرتز) | لەرەڵەری ستوونی (کیلۆهێرتز) |
|---|---|---|
| 640 × 480p | 31.46 | 59.94 |
| | 31.5 | 60 |
| 720 × 480p | 31.46 | 59.94 |
| | 31.5 | 60 |
| 720 × 576p | 31.25 | 50 |
| 1280 × 720p | 37.5 | 50 |
| | 44.95 | 59.94 |

| | | |
|---|---|---|
| | 45 | 60 |
| 1920 × 1080i | 28.12 | 50 |
| | 33.71 | 59.94 |
| | 33.75 | 60 |
| 1920 × 1080p | 26.97 | 23.97 |
| | 27 | 24 |
| | 28.12 | 25 |
| | 33.71 | 29.97 |
| | 33.75 | 30 |
| | 56.25 | 50 |
| | 67.43 | 59.94 |
| | 67.5 | 60 |
| 1920 × 1080p<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 112.5 | 100 |
| | 134.86 | 119.88 |
| | 135 | 120 |
| 2560 × 1080p[4) 5]<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 66 | 60 |

| | | |
|---|---|---|
| 2560 × 1080p[4) 5]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 131.74 | 120 |
| 3840 × 2160p<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 53.94 | 23.97 |
| | 54 | 24 |
| | 56.25 | 25 |
| | 67.43 | 29.97 |
| | 67.5 | 30 |
| | 112.5 | 50 |
| | 134.86 | 59.94 |
| | 135 | 60 |
| 3840 × 2160p[1) 2) 3]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 225 | 100 |
| | 269.73 | 119.88 |
| | 270 | 120 |
| 4096 × 2160p<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 53.94 | 23.97 |
| | 54 | 24 |
| | 56.25 | 25 |
| | 67.43 | 29.97 |

| | | |
|---|---|---|
| | 67.5 | 30 |
| | 112.5 | 50 |
| | 134.86 | 59.94 |
| | 135 | 60 |
| 4096 × 2160p[1) 2) 3]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 225 | 100 |
| | 269.73 | 119.88 |
| | 270 | 120 |
| 7680 × 4320p[1) 2]<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K) | 107.89 | 23.97 |
| | 108 | 24 |
| | 110 | 25 |
| | 131.87 | 29.97 |
| | 132 | 30 |
| | 220 | 50 |
| | 263.74 | 59.94 |
| | 264 | 60 |

[1] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **4K** دانرابێت.
[2] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **8K** دانرابێت.
[3] (تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD) تەنها چەند پۆرتێکی ئینپوتی HDMI دیاریکراو پشتیوانیکراون.
[4] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **ڕێژەی ڕووبەری فراوان** لەسەر حاڵەتی **21:9** دانرابێت.
[5] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **ڕێژەی ڕووبەری فراوان** لەسەر حاڵەتی **32:9** دانرابێت.

# ڕونـاکیی پشتگیری کراو : HDMI-PC

## دۆخی پشتیوانیکراوی HDMI-PC

| وردبینی | لەرەلەری ئاسۆیی (کیلۆهێرتز) | لەرەلەری ستوونی (کیلۆهێرتز) |
|---|---|---|
| 640 × 350 | 31.46 | 70.09 |
| 720 × 400 | 31.46 | 70.08 |
| 640 × 480 | 31.46 | 59.94 |
| 800 × 600 | 37.87 | 60.31 |
| 1024 × 768 | 48.36 | 60 |
| 1152 × 864 | 54.34 | 60.05 |
| 1360 × 768[3] | 47.71 | 60.01 |
| 1280 × 1024<br>(تەنها مۆدێلەکانی Full HD، ULTRA HD، 8K) | 63.98 | 60.02 |
| 1920 × 1080 | 67.5 | 60 |

| | | |
|---|---|---|
| 1920 × 1080<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 134.86 | 119.88 |
| | 135 | 120 |
| 1920 × 1080 [6]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی 144 Hz پشتیوانیکراوە) | 166.58 | 144 |
| 2560 × 1080 [4] [5]<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 66 | 60 |
| 2560 × 1080 [4] [5]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 131.74 | 120 |
| 2560 × 1080 [4] [6]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی 144 Hz پشتیوانیکراوە) | 166.54 | 144 |
| 2560 × 1440 [1]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 60 Hz, 8K 60 Hz پشتیوانیکراوە) | 88.78 | 59.95 |
| 2560 × 1440 [1]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 182.99 | 119.99 |
| 2560 × 1440 [6]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی 144 Hz پشتیوانیکراوە) | 222.15 | 144 |
| 3840 × 1080 [5]<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 66.62 | 60 |
| 3840 × 1080 [5]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 137.25 | 120 |

| | | |
|---|---|---|
| 3840 × 1080[5][6]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی 144 Hz پشتیوانیکراوە) | 166.56 | 144 |
| 3840 × 1600[4]<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 99.41 | 60 |
| 3840 × 1600[4][6]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی 144 Hz پشتیوانیکراوە) | 246.81 | 144 |
| 3840 × 2160<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 53.94 | 23.97 |
| | 54 | 24 |
| | 56.25 | 25 |
| | 67.43 | 29.97 |
| | 67.5 | 30 |
| | 112.5 | 50 |
| | 134.86 | 59.94 |
| | 135 | 60 |
| 3840 × 2160[1]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 225 | 100 |
| | 269.73 | 119.88 |
| | 270 | 120 |
| 3840 × 2160[6]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی 144 Hz پشتیوانیکراوە) | 333.18 | 144 |

| | | |
|---|---|---|
| 4096 × 2160<br>(تەنها مۆدێلەکانی ULTRA HD، 8K) | 53.94 | 23.97 |
| | 54 | 24 |
| | 56.25 | 25 |
| | 67.43 | 29.97 |
| | 67.5 | 30 |
| | 112.5 | 50 |
| | 134.86 | 59.94 |
| | 135 | 60 |
| 4096 × 2160[1]<br>(تەنها بۆ مۆدێلەکانی UltraHD 120/144 Hz, 8K 120/144 Hz پشتیوانیکراوە) | 225 | 100 |
| | 269.73 | 119.88 |
| | 270 | 120 |
| 7680 × 4320[2]<br>(تەنها مۆدێلەکانی 8K) | 107.89 | 23.97 |
| | 108 | 24 |
| | 110 | 25 |
| | 131.87 | 29.97 |
| | 132 | 30 |
| | 220 | 50 |

| | |
|---|---|
| 263.74 | 59.94 |
| 264 | 60 |

[1] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **4K** دانرابێت.
[2] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **8K** دانرابێت.
[3] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **HDMI Deep Color** لەسەر حاڵەتی **کوژاندنەوە** دانرابێت.
[4] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **ڕێژەی ڕووبەری فراوان** لەسەر حاڵەتی **21:9** دانرابێت.
[5] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **ڕێژەی ڕووبەری فراوان** لەسەر حاڵەتی **32:9** دانرابێت.
[6] کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە **دۆخی 144هێرتز** لەسەر حاڵەتی **هەڵکردن** دانرابێت.

- پۆرتی پشتیوانیکراوی HDMI-PC بەگوێرەی مۆدێل دەگۆڕێت. سەیری ناملیکەی بەکارهێنان بکە کەوا لەگەڵ بەرهەمەکە هاتووە.

# زانیاریی مۆڵەت

## زانیاریی مۆڵەت

ڕەنگە مۆڵەتە پشتیوانیکراوەکان بە گوێرەی مۆدێڵ بگۆڕێن.

Dolby

Manufactured under license from Dolby Laboratories. Dolby, Dolby Vision, Dolby Vision IQ, Dolby Audio, Dolby Atmos, and the double-D symbol are trademarks of Dolby Laboratories Licensing Corporation.

DTS

بۆ بینینی بڕوانامەکانی داهێنانی DTS، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: http://patents.dts.com لە ژێر مۆڵەتی DTS, Inc. بەرهەم هێنراوە (بۆ کۆمپانیاکان کەوا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا/ژاپۆن/تایوانن) یان لە ژێر مۆڵەتی DTS Licensing Limited (هەموو کۆمپانیاکانی تر). لۆگۆی DTS:X، DTS و DTS:X هێمای بازرگانی تۆمارکراون یان هێمای بازرگانی DTS, Inc. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتەکانی دیکە. © DTS, Inc 2021. هەموو مافەکان پارێزراوە.

HDMI

The terms HDMI, HDMI High-Definition Multimedia Interface, HDMI Trade Dress and the HDMI Logos are trademarks or registered trademarks of HDMI Licensing .Administrator, Inc

Bluetooth

The Bluetooth® word mark and logos are registered trademarks owned by the Bluetooth SIG, Inc. and any use of such marks by LG Electronics Inc. is under license. .Other trademarks and trade names are those of their respective owners

Quickset

HEVC